ژمارە ١٤
ساڵی دووەم
مارس ٢٠٠٧

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری

گۆڤارێکی ئەدەبی . هونەری . روناکبیرییە بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی مانگانە دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز:
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
سەرنوسەر:
محەمەد عەبدولکەریم سۆڵەیی
جێگری سەرنوسەر:
محەمەد کوردۆ
سەرپەرشتیاری هونەری:
رێبین مەجید
لۆگۆ:
حەمیدی ئازمودە
مۆتیڤ:
ئاریان ئەبوبەکر
تیراژ:
٥٠٠

دەستەی نوسەران:
مارف ئاسراو
محەمەد عەبدوڵا
نەوروز جەمال
هەڵە چن:
کارزان عەبدوڵا
ئاریان کامیل
تایپیست:
پەیام ئەحمەد
ئەخشەسازی ناوەوە:
مەهدی ئەحمەد
چاپخانە:
یاد

هەنار

ناونیشان: سلێمانی - گردی ئەندازیاران - بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ
- بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

ژمارەی تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤
Email:hanarkurd@gmail.com Email:hanarkurd@yahoo.com

# پێڕست


| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| **لێکۆڵینەوە** | | |
| هەوەسی سازدانی کاڵاگەرایی... | هەندرێن | ٥ |
| زمانی خەون و زمانی گێڕانەوە لە... | ئاری محەمەد | ٢٠ |
| **دەق** | | |
| لەوێ | هەلاڵەی پێنجوێن | ٣١ |
| لەو دیو پەردەی چاوەکانمەوە | کەژاڵ ئیسماعیل | ٣٧ |
| قەفەسی تەنیایی | پەری شێخ ساڵح | ٤٣ |
| پرسیارێکی بێ وەڵام | عومەر سەید | ٤٦ |
| **دیدار** | | |
| دیدار لەگەڵ ئاراس فەتاح | سەمەد ئەحمەد | ٥١ |
| **وەرگێڕان** | | |
| ئەدەبیاتی ئیتاڵیا | حەمە کەریم عارف | ٦٥ |
| پەیوەندی شاعیر بەکەلەپوور | عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا | ٨٥ |
| دیدار لەگەڵ ئەدۆنیس | هۆشیار شێخ ئەنوەر | ١١١ |
| مێژووی ئەدەبی ماد | مێهرداد رامیدی | ١٢٢ |
| زەنگیانە | تۆفیق عەبدول | ١٢٥ |
| **هونەر** | | |
| خولی دووەمی فێستیڤاڵی تەوارو | تەحسین فایەق | ١٣٣ |
| دیدار لەگەڵ بەدیعە دارتاش | ڕێبواری ئازادی | ١٣٤ |
| دیدار لەگەڵ سازگار ئەبوبەکر | چنور محەمەد | ١٤٢ |

هەوەسی سازاندنی کاڵاگەرایی
لەمیدیای حزبەکاندا

هەندرێن

زمانی خەون و زمانی گێڕانەوە
لە چیرۆکی(لەخەوما) ی جەمیل سائیب-دا

ئاری محەمەد

# لێکۆڵینەوە

# هەوەسی سازاندنی کاڵاگەرایی لەمیدیای حزبەکاندا

هەندرێن

بەهەرمێنبوونی دیاردەی رووکەشاندن، ئارایشکردن و نمایشکردنەوەی بەهای رۆشنبیریی و ژیانی کەنەفتی کورد وەك کالایەك لەمیدیاکانی هەردوو حزبی حوکمڕانەوە، بەندن بەهەوەسی ئەو بەکالاکردنەی کە کاکڵەی ستراتیژی حزبی کوردی پێکدەهێنێت. بەلام فاکتەرێکی پێشڤەچوونی ئەو دیاردەیە لەمیدیای حزبی و بەرهەمهێنانەوەی ئەو مۆدەیە لەنموونەی بەشێکی فرەی توێژەکانی کۆمەڵگاو نووسەراندا، بۆ پێکدادانی پەیوەندییەکانی نێوان هێزە بالادەست و توێژەکانی دیکەی هەناوی کۆمەڵگای کوردی دەگەڕێتەوە. کەواتە دەکرێ بەهەرمێنبوونی دیاردەی بەرهەمهێنانی ئەو ژیانە بەکەلاکراوەی کورد لەمیدیای حزبدا، وەك بەرهەمهێنانەوەیەك لەناوکۆیی ئەو پێکهاتە خێڵەکییە تەقلەهەڤەی جڤاکی کوردی فامبکەین. لەو ناوکۆییەی کوردیدا حزب رۆڵی سەرۆك خێڵێکی رەهاو هەڵسووڕێنەری هەموو ئەرك و مافەکان دەگێڕێت، پەیوەندییەکانی خەڵك لەسەر بنەمای دڵسۆزی و مەیلی نەتەوەیی بەحوکمەتەوە هەڵنەچنراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای وابەستەبوونی کۆی خەڵك بەسمبوولی حزبەکانەوە بەڕێوە دەچێ. لێرەوە حزب کۆمەڵێ سمبوولی سازکردووەو کۆمەڵیش هەموو بەهایە مرۆڤایەتی، نەتەوەیی، کۆمەلایەتی و... بەو سمبوولانەی حزبەوە دەناسێتەوە. بۆیە راگەیاندنەکانی ئەو حزبانە لەیارییەکی نەخشە بۆ کێشراودا سەرقاڵن بەسازاندنی کالایە سمبوول ئامێزەکان و هەڵپەڕاندنی کۆمەڵ وەك مێگەلێك بەدیار نمایشکردنی ئەو سمبوولانەوە. کەواتە بەهای ماف و ئەرك، بەرپرسیاری و ئێتیکی نەتەوایەتیی بنەمای بەستانەوەی حکومەت و خەڵکگەل نین، بەڵکو کالایە سمبوولییەکانی حزب بەهای سەرەکی نەتەوەن و پێوانەی ئاستی وابەستەبوونی مێگەل بەرجەستە دەکەنەوە. بەمجۆرە ئەمڕۆ ئەوەی ئەو بەهایە بەرهەمدەهێنێ مەکینەی راگەیاندنە، نەك خودی مرۆڤەکان. هەڵبەتە ئەوەی کە ئەو

بەکاڵاکردن و بازاڕاندنەی بەهای ژیانی سیاسی و رۆشنبیریی بەرهەمدەهێنێ، سیستەمی بەجیهانیبوونە، کە لەوێدا میدیاگەل رۆڵێکی بنەڕەتی لەو کاڵاگەراییە دەبینن. هەوەسی ستراتیژی ئەو بەجیهانیبوونە لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە کە بەهای ژیانی سیاسیی و مرۆڤ لەکاڵاو بەکاڵاکردنی مرۆڤدا چڕبکاتەوە. ئەو سیستەمە لەماسمیدیاکانییەوە بەهای ژیانی سیاسیی و مرۆڤ بەوێنە ئارایشکراوو حیکایەتەکانییەوە واقیعێکی خەیاڵێنراو نماشدەکات. لەنێوان ئەو ژیانە سازێنراوەی مەسمیدیاو ژیانە سروشتیەی ئەمدیو مەسمیدیاوە، مرۆڤ دەکرێت بەوێنایەك لەکاڵاگەل.

لەو روانگەیەوە دەکرێ جیاوازییەکانی نێوان پێکهات و پاشخانی حزب و حکومەت و بوونی کوردو ئەو سیستەمە ئابوورییە جیهانگیرییە هەڵگری خوێندنەوەی فرەڕەهەند بن. چونکە ئەمڕۆ ئەو پێکهاتە خێڵەکییەی حزب و نووسەرگەلەی کورد مینا ژیانێکی سروشتی خێڵەکی نییە، بەڵکو بەوێنای نوێباوترین دەمامکی مەدەنی، کاڵاسازیی، چەمکگەل، کەناڵ و شێوەکانی پروپاگەندە خۆی دەنوێنێ، کە گشت ئەمانە وەك کاڵاگەلێك لەکۆمەڵگای سەرمایەداریی و سیستەمی جیهانگیرییەوە هێنراون و جیهانی دەرەکی خۆشی کردۆتە بازاڕی کاڵاکانی. بەمجۆرە هەوەسی بەرهەمهێنانی کاڵاو بەکاڵاکردنەوەی ژیان شاکۆڵەکەی ئەو سیستەمە بەجیهانیبوونەیە.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، کە مەبەستمان لەچەمکی بەجیهانیبوون (گلۆبالیزەیشن)ە نەك جیهانگیریی (گلۆبالیزم). چونکە (گلۆبالیزم) بەگشتی واتای بیرۆکەی سڕینەوەی سنوورە دەستکردەکانی نێوان کولتوور و پەیوەندییەکانی مرۆڤایەتی دەگەیەنێت، کە ئەمەش مەیلێکی بەرهەمهێنەر و سوودمەندی تێدایە. وەلێ چەمکی (بەجیهانیبوون/گلۆبالیزەیشن) بەگشتی شێوەی پیادەکردنی ئەو بیرۆکەیە دەگەیەنێ، کە ئەمەش خۆی لە بەئابووریکردن و کاڵا بەرهەمهێناندا بەرجەستە دەبێتەوە. پرۆژەکانی ئەو سیستەمە هەموو جیهانی کردۆتە بازاڕێك بۆ کاڵایە لەکۆتایی نەهاتووەکانی. بەمجۆرە ئەو ئاراستەیە هەموو بنەماکانی دیکەی بیرۆکەی جیهانگیریی لەناو سمبوولەکانی کاڵادا خنکاندووە.

کەواتە هەوەسی سازاندنی ئەو ژیانە کاڵاگەراییە لەمیدیاکانی حزبی کوردی وەك وێناندنێك لەگەوهەری خۆی و کۆمەڵگای کوردی چتۆ پەیوەندییەکی بەو سیستەمە

بەجیهانیبوونەوە هەیە؟ ئاخۆ خەسڵەتەکانی ئەو سیستەمە لەچیدا بەرجەستە دەبنەوە؟ گەلۆ ئەو وێنە ئارایشکراوانەی کە میدیاکانی حزب لەسەر ژیانی کوردستان، مافی ژن، پرۆژە بازرگانییەکان، دابەشکردنی خەڵاتە کتوپڕەکان و ... هتد، راستییەکی ژیانن یان کاڵایەکی بەرهەمهێنراو؟ بۆچی پانتایی میدیاکان بەحیکایەتی پارە وەرگرتن، داواتکردن، خانوو وەرگرتنی بەناو گۆرانیبێژ و نووسەرانەوە یان هەوەسی ئارایشکردنی ژیان سەرقاڵن، لەکاتێکدا هەمیشە راستییەکانی ئەو شەڕە پارەیە بەتەمومژی تەواو دەبن؟ چما نووسەر، بەناو رێکخراوەکانی ژن، خوێندکارە جوودایەکان بەشێوەی جوودا، لەچاوپێکەوتنەکاندا بۆینباخێکی گوڵ گوڵی لەملیان گرێدەدەن و بەچەمکە زلەکانەوە خۆیان بۆ هەردوو حزبی کوردی شیرین دەکەن و بێ پەروا هەوڵدەدەن پایەی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان لەو وڵاتانەی لێی دەژین گەورە بکەنەوە؟ بۆچی هەوەسی بەهای بازرگانی لەمیدیاکانی حزب وەك پێوانەیەك بۆ سەرکەوتن و بەختەوەریی مرۆڤی کورد زەقدەکرێتەوە؟ ئەمانەو چەندان نموونەی لەو چەشنانە بوونەتە هێزێکی بزوێنەری ئەو دوو حزبەو مرۆڤگەلی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان. لەبۆیە قسەکردن لەسەرپەرادۆکس لێکناکۆکییەکانی ئەو ژیان و ئاکارە عەنتیکەیەی حزبی حوکمڕانی کورد و نووسەرگەل، خوێندکار، رێکخراوگەلی ژن، رۆشنبیریی، سیاسیی و ... هتد، بابەتێکی سەرنجڕاکێشە.

بەهەرحاڵ لێرەدا ئێمە بەفراوانی ئەو بیرۆکەیە تاووتوێ ناکەین، بەڵکو تەنیا دەتوانین بەخێرایی ئاماژەگەلێك یان نەخشەکارییەك لەپاشخانی ئەو بیرۆکەو چەند نموونەیەکی زەقی ئەو دیاردە بەهەڕمێنکراوە چربکەینەوە. لەداهاتوودا هەوڵدەدەین بوارێك بۆ زیاتر مشتوماڵکردن و خورتکردنی رەهەندەکانی تری ئەو بیرۆکەیە برەخسێنین.

هەڵبەتە بنەما سەرەکییەکانی ئەو سەردەمە بەناو جیهانگیرییە، سیاسەتی ئابووری و تەنینەوەی کۆمپانیا بازرگانییەکانە لەسەرتاپای جیهاندا. لێرەدا گرنگە بزانین، کە خولیای ئەو جیهانگیرییە هەر تەنیا بەرهەمهێنانی ئەو کاڵا سوودبەخش و پێویستیانە نیین کە مرۆڤ گەرەکییەتی یان ژیانی بەختەوەرتر دەکا، بەڵکو خولیای زیاتر و زیاتر بەرهەمهێنان و بەکاڵاکردنی هەموو ژیانە. لەوەش زیاتر، ئامانجی سەرەکی ئەو سیاسەتە بەجیهانیکردنە کە خاوەن کۆمپانیا زەبەلاحەکان ناخی سیاسەتیشیان جڵەوکردووە،

لــەقازانجکردنێکی بەردەوامــدا بەرجەســتە دەبێتــەوە. لەروانگــەی ئــەو ســیستەمە بەئابووریکراوەوە سەرتاپای جیهان بازاڕێکە لـەبازاڕ و بازرگـان، لەسـازاندنی راسـتییەکی کالآیی. هەر بۆیە ئەو سیستەمە هەر تەنیا بەخێرایی ژیانی کۆمـەڵگاو سیاسـەتی رۆژئـاواو ئەمریکاو ئاسیای بەبازاڕ نەکرد ، بەڵکو بەرهەمهێنانی کالآ فرەکانی دوورتـرین گۆشـەکانی جیهانی تەنییەوە. هـاودەمیش کەناڵـەکانی میـدیا هاوشـانی ئـەو تەقینـەوە کالآگـەرایی و بەرخۆرییە بووە بەشێکی دانەبڕاوی نمایشکردن و وێناندنی جیهانێکی سەیر لەمۆدەی کالآ کەڵەکەکراوەکانی ئەو سیستمەیە. لەوەش زیاتر جیهانی میدیا بـوو بـەژیانێك و واقیعێکـی داهێنراو لەوێنەی کالآکانی. لەئاکامی ئەوەدا مرۆ بوو بەبەرخۆرێك یان دیلێك بەرانبەر ئـەو ژیان و واقیعەی کە لەشاشەی تیڤی و دیجیتالە برۆکەکانەوە نمایشدەکرێن.

بەدەم پێشەوەچوونی ئـەو رەوشـە بـەکالآکراوەوە، دوای رمانـدنی رژێمـی سـەددام و دیاریکردنی مووچەو بودجە لەلایەن ئەمریکاوە بـۆ هـەردوو زلحزبـی کـوردی، ئـیتر کتـوپڕ کوردستانیش بوو بەنێچیرێکی برسی و رامکراو لەبەردەم شالآوی کالآکانی ئـەو سیـستەمە ئابوورییە بەجیهانیکراوە. هەڵبەتە کالآ تەکنیکییەکان، کە خولیایەکی سەرەکی دەسەلآت و کۆمەڵگاکانی رۆژهەلآتن، کۆمەڵگای کوردیش، وێڕای نەگبـەتی کارەبـا، بـووە کڕیـارێکی سەرمەستی ئەو کالآیانە. لێرەوە هەردوو حزبی حوکمڕانی کوردستان بوون بەهێزێکی کارا لـەکۆپیکردن و بەرهەمهێنانـەوەی ئـەو ژیانـە ئارایـشکراوە. هەڵبەتـە هـەر زوو توێـژێك لەمەسئولەکانی ئەو حزبانە بوون بەنوێنەر و خـاوەنی سەرچـاوەی ئـەو ژیانـە کالآسـازییە لەکوردستاندا.

کەواتە ئەوەی کە ئێمە هەوڵدەدەین جەختی لەسەر بکەینەوە ئەوەیە، کە میدیای ئەو حزبانــە ئاوێنەیــەکی ئاراســتەکراوە بــۆ نمایــشکردن و ئارایــشکردنی ژیــان و هەوەســە ئابوورییەکانی ئەو سیستەمە بازرگانییـە. بـەمجۆرە میدیایـە بینراوەکـانی حزبـی کـوردی بوونە نمایشکارێك لەو ژیان و واقیعـە دەسـکردەی کـە ئـەو سیـستەمە ئابوورییـە نوێیـەی رۆژئــاوا وەك بەرهــەمێك لــە هــەناوی مێــژووی خۆیــدا بەرهــەمیهێناوە. بۆیــە ئەگــەر سەرنجبدەین ئەو پێشهات و حیکایەتگەلەی کە ئەمڕۆ لەمیدیاکانی کوردیـدا لەرووخـسار و بانگەشـەگەلێکی بۆیـاخکراودا نمایـشدەکرێن گواسـتنەوەی ژیـانی راسـتینەی کۆمـەڵگاو کاکڵەی ئەو حزبانەی کوردستان نین، بەڵکو پێشهات و خولیا دەستکردەکانی خودی ئـەو

میدیایانـەی حـزب و نموونـەی ئـەو خوێنـدەوار و نووسـەرگەلەن کـە لەبنەڕەتـدا مـۆدەو وێنایەکن لەمیدیاکانی ئەو حکومەتە کوردییەوە، کە وەك کاڵاسازییەك بەرهەمی دەهێنن.

لێرەوە گەمەکانی ئەمدیو دەمامکەکانی دیاردەی ئەو هەراو زەنای نمایشکردنەی یـاد، بۆنە، رازاندنەوەی شاشەی تیڤییەکان بەرێکخراوەکانی مەدەنی، ژنان، پرۆژە بازرگانیی و پێـشهاتانەی کـە ئـەمڕۆ میـدیاکانی حزبـی هـەردوو حزبـی باڵادەسـت و بگـرە سـەربەخۆیەکانیش بەرهـەمی دەهێـنن، دوور لەمەزەنـدەکاری، هـەموویان واقیعێکـی دەسکردی میدیاکانی حزبن، نەك خودی ئەو واقیعەی کوردستان.

گوتمان ئـەو ژیـان و واقیعـەی کـە هـەموو رۆژێ لەمیـدیاکانی ئـەو حکومەتـە یـان دوو زلحزبانـەوە نمایـشدەکرێن کاڵایـەکی بەرهـەمهێنراون، چـونکە تـەواوی ئـەو کـۆنفرانس، یادکردنـەوە، چـەمك و ناونیـشانانەی کـە لەسـەر مـافی هـاووڵاتیی، ژن، ئاوەدانکردنـەوە، بەهای رۆشنبیریی، نەتەوەیی و ... هتد لەدەمی ئەکتەرەکانی ئەو حزب و جەستەی بـاق و بریقـی رێکخـراوی ژن/ئافرەتـان، دەمڕاسـتی بـەناو رێکخـراوە مەدەنییـەکان و ئەنـدامی حزبەکانەوە دەبینرێن، لـەدەرەوەی ئـەو شاشـانەوە ئامادەییـان نییـە یـان هـەڵگری ئـەو راستییانە نین. بەواتایەکی تر گەوهـەری ئـەو رێکخراوگـەل و قسەگەلە تـەنیا کاڵاگـەلێکن لەوێنەی ئەو سیاسەتە ئابوورییـە کـە لەشاشـەی تیڤییـەکانی حزبـەوە بەرهەمـدەهێنرێن. چونکە نە ئەو رێکخراوگەل و حزبانە لەژیانی راسـتیدا خـاوەنی ئـەو راسـتیانەن نـە ژیـانی کوردییش بەمجۆرەیە کە هەوڵدەدەرێ نمایشبکرێت. ئامادەیی ئەو دیاردانـە لەمیـدیاکانی هەردوو حزبی حوکمڕان و بگرە تاکی نووسەر و توێژەکانی دیکەی ئامادەکراوی کورد هەر تەنیا شتێکی کاتی و یان پەیوەندیان بەبۆنەو پێشهاتە زەقەکانی ژیانی کوردییەوە نییـە، بەڵکو بەشێکی دانەبڕاون لەهەوەسـی ئیـدیۆلۆژی بـەکاڵاکراوی ئـەو حزبانـە. چـونکە وەك لەسەرەتادا وتمان لـەو سیـستەمە سیاسـییەی کـە بـازاڕی ئـابووری و سـازاندنی ژیـانێکی ئارایـشکراوی لەواقیعبــەدەر کاکڵــەی بەرنامەکــەی پێکــدەهێنێ، خــودی ماسمیــدیا بەتایبەتیش بینراو بەشێکی گرنگە لەئیدیۆلۆژی و رەهەندەکانی. هەر بۆیـە ئـەو سیاسـتە جیهانگیرییەو شاڵاوی بازاڕەکەی دوای روخانی رژێمـی سـەددام و هـاتنی رژێمـی بۆشـەوە بووە مۆدەیەکی بەهەرمێنی حزبە باڵادەستەکانی کوردسـتان و توێـژێکی زۆر لەنووسـەر و هاووێنەکانی. هەڵبەتە پاشخانی خێڵەکی و نـاخی وێرانکـراوی کۆمـەڵگای کـوردی بـەهۆی

سیاسـەتی شـۆڤێنی رژێمـی بەعـسی و دواجـاریش شـەڕی ملهوڕانـەی نێـوان حزبـە کوردییەکانـەوە زیـاتر بـواری بـۆ خولیـای ئـابووریی و گەنـدەڵکاری ئـەو حـزب و توێـژە بەرژەوەندخوازەی کوردستان خۆشـکرد. بـەمجۆرە لەماوەیـەکی کورتـدا دزی و گەنـدەڵی بوونە باشترین کاری زۆرێك لەحزب و نووسەر و توێژەکانی دیکەی کوردستان. هاوکـاتیش لەگـەڵ بەهـەرمێنبوونی ئـەو ئـەخلاق و ئێتیکـە بـەکاڵاکراوە، پێوانـەو ئاکـارە چـاك و بەهایـەکانی کـورد سـەرەو ژوور کرانـەوەو لـەبری ئـەوە حزبـی باڵادەسـت، وەك خێڵێکـی خـاوەن دەسـەڵاتی رەهـا لـەژێر دەمـامکی (کۆمـەڵگای مـەدەنی)دا کۆمـەڵێك چـەمك و بانگەشەی وەك (شەفافیەت)، (ئازادی تاکەکەسـی)، (قـانوون) و ... هتـد، کـە ئەمانـەش وەك کاڵایەکی بەرهەمهێنراوی ئەو سیستەمە جیهانگیرییە هاتنە ناو زار و ژیانی بێخەبەری ئەو حزبانەوە، بوونـە سەرچـاوەی بـەهاو پێوانەکارییـە نوێباوەکـانی حزبـی باڵادەسـت و نووسەرە هاوئەخلاقییەکانیان. هەربۆیە وەك دەبیـنین گفتوگۆکـانی نێـوان حـزب و خـەڵك لەسەر گەندەڵی و خستنەڕووی راستییەکان لەبرەودایە، کەچی بەدەگمـەن نـەبێ کەسـێك لەو هەموو گەندەڵ و دزانەی حزب، یان نووسەرێك لـەو نووسـەرە بەرژەوەندیخوازانـە دان بـەو راسـتییە بەلگەنەویـستانە نـانێن. ئەمـەش چـونکە ئـەو حزبانـە لـەرێگای هێـزە فرەکانیانەوە توانیوویانە چەندان راستی و واقیعی خـەیاڵی لەوێنـەی کاڵاسـازی دابهێـنن. لەوەش زیاتر قانوون و دادگا نەك هەر هێشتا دیکۆر و بوونیان نییە، بـەڵکو بەشـێکن لـەو کاڵاسازییە. لێرەوە چـونکە حـزب بـوو بەکارگەیـەك بـۆ کاڵاسـازی و میدیاکانیـشی بـوون بەکەناڵێك بۆ بڵاوکردنەوەی کاڵاکان، بۆیە ئەوەی کە لەمیدیاکانی ئـەو حزبانـەو بەشـێکی زۆری میدیایە بەناو سەربەخۆیەکانی کوردیـدا دەگـوترێن و نمایـشدەکرێن، نـە پەیوەنـدی بەبەرپرسیارییەکی ئێتیکییەوە هەیەو نە بەختەوەرکردنی ژیانی کوردیش، بـەڵکو زۆربـەی ئەو شـتگەلەی کـە لەمیدیاکانـدا نمایـشدەکرێن لەهەوەسـی سـازاندنی کـاڵاو بـەکاڵاکردنی ژیانی کوردیدا بەرجەستە دەبنەوە.

بۆ ئەوەی دیـاردەی ئـەو گەمـە، پێوەنانانـەی میـدیاکان بەگشتی و میـدیای بینـراوی حزبی کوردی راشکاوتر بەرچاو بخەین، کە رۆڵێکی بنـەڕەتی دەبیـنن لەبـە هـەرمێنکردنی ئەو ژیان و واقیعـە دەسـتکردەی کـە ئـەمڕۆ لەکوردسـتاندا لەئارادایـە، نموونەگـەلێك لـەو

دیمەن، بانگەشەو پێشهاتە کاڵا ئاساو ئارایشکراوانە دەخەینە روو. هەڵبەتـە لـەنێوان ئـەو راستیانەو واقیعی ژیاندا لێکناکۆکییەکانی سەرنجکێش هەیە.

ئـەو تەلەڤیزیۆنانـەی حزبـی حکومڕانی کـورد رۆژانـە باسـی پـرۆژەی خزمـەتگوزاری، کێشەی گەڕانەوەی ناوچە بەعارەبکراوەکان و گەڕانەوەی کەرکوک دەکەن، کەچی هـەتا دێ تەنگژەی کۆمەڵایەتی، گەندەڵیی، هەژاری و بێشوێنی لەکوردستاندا پەرەدەسێنێت، هاوکاتیش هەتا ئێستا نەك هەر بڕیارێکی پێرۆکراو بۆ گەڕانەوەی ئـەو دەڤەرانـە بـۆ سـەر کوردستان لەئارادا نییە، بەڵکو دانیشتوانی ئەو دەڤەرانە وێرانترین ژیانیـان هەیـە. مـرۆی بەویژدانیش دەزانێ ژیانی ئەنفالکراوی کـوردانی گـەرمیان، خانـەقین، موسـڵ و کـەرکووك لەکام ئاستدایە. ئێمە لەشاشـەکانی تیڤییـەوە رۆژانـە دیمـەنی کـۆنفراس و بانگەشـەکانی وەزارەتی پەروەوەردەو پـرۆژەی کردنـەوەی زانستگای نـوێ و هـات و چـوونی مامۆسـتاو دکتـۆری بۆینباخـدار لـەنێوان کوردسـتان و هەنـدەران دەبیـنین، کەچـی لەمـدیوی دەمامکـەکانی ئـەو دیمانانـەی تیڤییـەوە نـەك هـەر کـەمێك گەندەڵیـەکانی وەزارەتـی پـەروەردەو زانـستگاکانی کوردسـتان و زۆرێـك لـەو دکتـۆرە سـەر قـۆزی بـن ئاڵۆزانـە سووکەڵەتر نەکراون، بەڵکو وێڕای نزمی ئاستی خوێندن، نـە کۆمـەڵێ سەرچـاوەی نـوێ و بـەهادار بـۆ سەرتاسـەری خوێنـدگاکان دەسـتەبەر کـراوەو نـە بڕیـاریکی کـردەییش بـۆ سیستەمی خوێندن لەئارادایـە. لـەوەش کارەسـاتتر لەدەڤـەرەکانی گـەرمیان، کـەرکووك، خانـەقین و شـێخاندا منـداڵان و مێـرد منـداڵان لـەژێر خێـوەت و سـەرماو سۆڵدا بـێ هـیچ خزمەتگوزارییەکی شیاو ژیانی خوێندن بەسەر دەبەن.

وەزارەتـی رۆشـنبیریی، وێـڕای بـوونی بەکارگـەی زۆرێـك لـەبێ ئیـشان، رۆژانـە لەتیڤییەکانەوە لەدیمەنێکی رازاوەدا پرۆژەی سەیر و سەمەرەی رۆشنبیریی رادەگەیـەنێ، کەچی ئـەوەی کـە لەئارادایـە ئاهـەنگی هەڵپـەڕکێ و مووچـەبڕینەوەو خـەڵاتکردنی بـەناو هونەرمەندانە. سەیریش لەوەدایە ئەگەرچی هەفتەنامەی (میـدیا)، لـە مـانگی ٣ی ٢٠٠٧دا لەدوو ژمارەدا لیـستێکی پـان و پـۆڕی لەسـەر پـارە وەرگـرتنی گۆرانیبێـژان لـەوەزارەتی رۆشنبیریی بڵاوکردەوە، کەچـی زۆرێك لەهونەرمەنـدان ئـەوەیان رەتکردەوە. بـەمجۆرە هـاووڵاتی کـورد کاتێـك لەتێگەیـشتنی ئـەو راسـتییە بێئومێـد دەبێـت، ناچـارە بـڕوا بـەو راستییە دەستکردە بکا کە کارگەی نمایشکراوەکانی ئەو وەزارەتە بەرهەمی هێناوە.

بۆ ئـەوەی سـەری خۆمـان بەگێڕانـەوەی ئەوهـەموو حیکایەتانـە گێـژ نەکـەین، تـەنیا ئامـاژە بـەو دوو دیمەنـە دەدیـن، کـە ٨ و ٩ی مارسـی ٢٠٠٧ بەبۆنـەی رۆژی جیهـانی ژن لە(کۆنفراسی نێونەتـەوەی ژنـان) لەهـەولێر و یـادی راپـەڕینی ١٩٩١ لەکوردسـتان تیڤیـدا نیشاندران. سەرەتا کوردسـتان تیڤـی بـەدەم خوێندنـەوەی وتـەی سـەرۆکی پەرلـەمان و نوێنەری پارتییەوە دیمەنگەلێکی لەو ژنە جل رەنگین و رووخسار ئارایشکراوی هەنـدەران و هەموو کوردستان لەکەژێکی بەژن داگیرکراودا نمایشدەکرد، هەر لـەدوای کـەمێك خـودی ئەو تیڤییە لەماڵێکدا دیمەنی ژنێکی نیشاندا کە گریان و خەمەکانی ئەو ژنە نـاخی هـەموو مرۆڤێکی راستگۆ و بەویژدانی دەهەژاند. هەر هەمان رۆژیش لەهەولێر کیژێکی لاو لـەداخی ئەوەی باوکی نەیبردبوو بۆ سەیران خۆی کوشت، کە بێگومان رۆژانە دەیان پێشهاتی لـەو جۆرە لەژیانی ژناندا روودەدەن. من لەگەڵ بیستن و بینینی دیمەنی تاریك و هەنسکەکانی ئـەو ژنـەوە دەتلامـەوە، کەچـی رەنگـە هاوکـاتی نمایـشکردنی ئـەو ژنـە لەتیڤییـەوە، خەباتکارانی ژنان دوای بیستنی وتەی ئەو پیاوانەی کە فریان بەماف ژنەوە نییە لـەهوتێل شیراتۆن و هاوێنەکانی هەولێرەوە بەدەم کەباب خواردن یان هەڵپەرکێوە حیکایەتەکانی سەفەریان دەگێڕایەوە. لەوەش گـەڕێ کـە ژنـانی ئامـادەبوو، بێجگـە لەوتەیـەکی خێـرای یـەکێك لـەژنان دوای پیاوەکـانی پەرلـەمان، ئـەرکیان گـوێگرتن و ئارایـشکردنی هـۆڵی کۆنفرانسەکە بوو.

شایەنی باسە یەکێك لەو ژنانەی کە لەسویدەوە وەك دەمڕاسـتی ژنـانی هەنـدەران بـۆ ئەو کۆنفراسەی هەولێر داوەتکرا بوو، نەك هەر لەخەمی ژندا نییـە، بـەڵکو رقـی لەهـەموو خەباتێکە کە ناوی نەتەوایەتی کوردە. زۆرن ئەوانەی لەنموونەی ئەو ژنە وەك دەمڕاسـتی نەگبەتییەکانی ژنی کورد لەسەر حیسابی سـامانی خـەڵکی کـورد و بەدبـەختی ژنـی ژیـان ئەنفالکراوەکان داوەتی کۆنفرانس و جێژنـەکانی کوردسـتان دەکـرێن، کەچـی هـۆکردێکی چوونەوەی ئەو ژنانە بۆ ئامادە بوون لـەوجۆرە نمایـشانە، هـەروەك بەشـێك لـەپیاوانیش، ئەوەیە کە بتوانن وەرگرتنی کۆمەکییەکانیان لەدەوڵەتی سـوید دەسـتەبەر بکـەن. ئـەمڕۆ لەوەڵاتێکی وەك سویددا رێکخراوگەلێك بەناوی (ئاوەدانکردنـەوەی عێـراق و کوردسـتان)، (هوشیارکردنەوەی ژن) و ... هتد کۆمەك وەردەگرن. هەر بۆیە دەبێ ئـەو رێکخراوانـە بـۆ پشتڕاستکردنەوەی کارەکانیان بەڵگەیان هەبێت. لێرەوە ئەوانە کورد واتەنی: (بە بەردێك

دوو چۆلەکە دەکوژن)! بـەمجۆرە ئـەو خانمـە بـەناو دەمڕاسـتەی مـاف ژنیش، وەك هـەر بێگانە یان نەیارانی کورد، هەولێر بە(اربيل) ناو دەبات. لەکن ئەو گرنگی گۆکردنی هەولێر لەخولیایـەکی ناسیۆنالیـستتیەوە سەرچـاوەی هـەلگرتووە. ئـەو ژنـە پێـی وایـە پـارتی دیمۆکرات خۆی نـاوی فرۆکەخانەکـەی کردۆتـە (اربيـل)، بۆیـە پێویـست ناکـات بەهـەولێر ناودێر بکرێت. دواجار ئەو ئافرەتـە میوانـەی (کۆنفرانـسی نێونەتـەوەی ژنـان) لەهـەولێر، وەك ئینتەرناسیۆنالیـستێك، نـەك هـەر گـۆڕینی نـاوی هـەولێری بـۆ گـرنگ نییـە، بـەڵکو گاڵتەشی بەڕەوشی ژیانی کوردستان و ئەو حزبەی کە داواتی دەکات دێت. لێرەدا چـونکە من مەبەستم قسەکردن نییە لەسـەر خـودی نـاوی کەسـەکان، بـەڵکو ئـاوێزان بـوونی ئـەو ژنگـەل و رێکخراوگەلـە بـەناو ئازادیخوازانەیـە بـەو کاڵایانـەی کـە لەمیـدیاکانی حـزب نمایشدەکرێن، بۆیە خۆمان لەپێناسەکردنی ناوەکان بەدوور دەگرین.

سـەبارەت بەنمایـشکردنی وێنـای رەنگـینی ئافرەتـان لەمیـدیای کوردییـەوە، وەك ئاشـکرایە ئەمـساڵ لـەرۆژی ژنـانی جیهانـدا، لەچـەندان وڵاتـدا خۆپیـشاندان و چـالاکی هەمەجۆر لەشەقام و باخچە گشتییەکانی شـارەکاندا ئەنجامـدران. لەهەنـدێ وڵاتـدا ژنـان بەرتـەك و چـالاکی تونـد و تیـژ و ریـسواکارانەیان لـەدژی دەسـەڵاتدا نوانـد، بـۆ نموونـە لەسوید، کە نموونەی ئازادی بەرچاوی وڵاتانی رۆژئاوایە، کە بەشێك لـەو ژنانـەی داوەتـی گـوێگرتنی نوێنـەرانی حزبـی کوردیکرابـوون لەسـوید دەژیـن و ئەوانـەش دەشـزانن ژنـان لەشـارێکی وەك هـەولێر لـەچ دۆزەخێکـدا دەژیـن، وێـڕای کۆمـەڵێ چـالاکی توونـد، خۆپیشاندانێکی فراوانیان لەدژی دەسەڵات ئەنجامدا. بەڵام لەکاتێکدا لەهەولێر بەدەگمەن ژنێکی بێ دەمامك لەناو شار دەبینرێ، کەچی چـالاکییەکانی ژنـی کـورد لـەو کۆنفراسـەی هەولێردا، وەك کاڵاگەلێك، نمایشکردنی رووخسارگەلێکی ئارایشکرا بوو لەتیڤییەکاندا.

هـەر دوای رۆژی (کۆنفراسـی نێونەتـەوەیی ئافرەتـان)، لـەیادی راپـەڕینی ١٩٩١دا، لەهەمان تیڤییـەوە دوای ئـەوەی کـە نوێنـەری حزبـی باڵادەسـت لـەماڵێکی تێـری شـاری شـەقڵاوەدا بـەناوی پادداشـتەوە بـەفیزەوە وەك خێراتێـك زەرف بەسـەر خێزانێکـەوە دابەشـدەکرد، کەچـی کەسـێکیان لەشـەقام نمایـشکرد، کـە وەك هاووڵاتییـەکی نیشتمانپەروەر لەراپەڕینی ١٩٩١دا لەهەمانشاردا لەهێرشـکردن بـۆ سـەر دائیـرەی ئـەمنی بەعس، یەکێك لـەگوێ و چـاوەکانی لەدەسـت دابـوو، کەچـی دەیگـوت چـەند هەوڵمـداوە

حوکمـەت هیـچی بۆ نـەکردووم. بینـینی ئـەو دیمەنانـە لەشاشـەکانی تیڤیـەوە ئەمـدیوی دەمامـك و لێکناکۆکییـەکانی حزبـی باڵادەسـتی کـوردی و ڕێکخراوەکـانی مـەدەنی، ژن و ئافرەتـانی نـاوەوە دەرەوەی کوردسـتانمان بـۆ رووتدەکەنـەوە. بـەدیوێکی دیکەشـەوە نمایـشکردنی ئـەو پێـشهاتانە لەوێنـەی ئارایـشکراوی تیڤییـەوە، جەختکردنەوەیـە لـە بەکاڵاکردنی ئەو پێشهاتانە، واتا ئەوەی کە لەمیدیاکانەوە نمایش دەکرێ، واتای راپەڕین، گرفتی ژن و خواستی مرۆڤی کورد نین، بەڵکو هەوەسی بەکاڵاکردنی ئەو واتایانەیە. کەواتـە ئەمانـەو چـەندان نموونـەی راشـکاو نـاخی ئـەو واقیعـە دەسـکردەی میـدیاکانی کوردسـتان و گەوهـەری ئـەو دەمڕاسـتە بـەناو مـەدەنیی و سـەربەخۆیانەمان بـۆ رووندەکەنەوە، کە زۆربەی هەرەزۆریان نموونەیەکن لەبەرهەمی ئـەو سیاسـەتە ئابووریـەو گەمـەی میـدیاکانی، کـە هەوەسـی کاڵاگـەرایی بەرهـەمهێنراو وێنـا دەکـەن نـەك بەرهەمهێنانەوەی ئەو پێشهاتانە وەك کاڵایەك.

لەو رەوشە ئارایشکراوەی کـە میـدیای حـزب دەیکاتـە ژیانێکی راسـتینەی ژیانمـان، کاتێك میدیای کوردی خەڵات، رێزگرتن بەسەر نووسەر و گۆرانیبێژ، کۆنە جاشی رابردوو و (پێشمەرگە)ی تازەدا دابەش دەکاو پرۆژەو خزمەتگوزارییەکان نمایشدەکا، کەچی رۆژانـە پانتایی رۆژنامەو سەکۆیەکانی تری کوردستان و دەرەوەش لێوانڕێـژە لەقسەو گازانـدەی خـەڵك. بـەڵام هانـدەر و ئامـانجی بەشـی زۆرینـەی ئـەو قـسەنووسانەی کـورد لـەپارەو دەستکەوتی ماددیدا بەرجەستە دەبنەوە، نەك خەمێکی رۆشنبریی و هێمایەکی ئێتیکی.

لێرەوە ئەو سیستەمە کاڵاسـازە لـەرێگای هێـزی میدیای بینـراوی خۆیـەوە هـەتا دێ لەبەرهەمهێنانی کۆمەڵگایەکی بەرخۆر و ئاوێزان بەو ژیانـەی بـۆی سـازێنراوە بەهـەرمێنتر دەبـێ. ئـەو دیاردەیـە هـەر تـەنیا توێـژی جـوودای خـەڵك، نووسـەرو هونەرمەنـدی نـاو کوردستانی نەخستۆتە ژێر رکێفی خۆیـەوە، بـەڵکو لـەو چـەند سـاڵەدا زۆرێـك لەنووسـەر، هونەرمەند، مەیلەو سیاسیی، ژنانی بەناو فێمێنیـست و خوێندکاریـشی کـردە کەرەسـتەو ئارایشی گەمـەکانی خۆیـەوە. وێنـەی ئـەو دیاردەیـە لەهەنـدەران لـەوە دەبینرێتـەوە کـە زۆرێـك لەنووسـەران لەسـایتە کـوردیی و پەیوەندییـەکانی خۆیانـدا لەگـەڵ دەمڕاسـتی حزبەکاندا، ماوەیەکی زۆر بەلێشاو قسە لەسەر ئـەو بابەتانـە دەکـەن کـە بـۆ ئـەو حزبانـە مایـەی سـەرنج بـن. دوای داوەتکردنیـان و نمایـشکردنی ئـەو زاتـە بۆینباخپۆشـانە

لەتیڤییەکانی حزبدا، هات و هاواری ئەو قسەنووسانە بەتاڵ دەبن و زمانیان ئاراستەیەکی دیکە وەردەگریّ. بۆ نموونە ژنگەلێك هەتا لەهەندەران بوون ڕۆژانە بەنووسینی کۆپیکراو و ئاگراوی سەرقاڵی ڕیسواکردنی ئەو حکومەتەی کوردیبوون، کەچی کە داوەتکران و بوونە دەمڕاستی دیکۆری ئافرەتانی نەگبەتی کوردستان، لەپاڵ ئەو مەسئولانەی کە بەرپرسیارێکی سەرەکی سووکردنی ژنانن، پەسنی دەستکەوتەکانی حکومەت و مافە رووکەشەکانی ژن دەدەن. لەوەش کۆمیدیتر، ئەو ژنانە هەتا لەدەرەوە بوون رووخساریان بۆیاخ نەدەکرد و تەنوورە پۆش نەبوون، کەچی لەتیڤییەکاندا وەك کچۆڵەیەکی ژیکەڵەی رووخسار میکیاژکراو خۆیان دەردەخەن. ئەو وێناندنە ئارایشکراوی ژن بەشێکە لەهەوەسی میدیای حزبەکان.

لێرەوە دەکریّ بپرسین: بۆچی نووسەرگەل و گۆرانیبێژگەلێکی هەموو پارچەکانی کوردستانی هەندەرانیش هەتا حزبەکانی باشوور وەك ئێستا چەور نەبوون، هەموویان بەدەوری تیڤی و ژیانی سیاسی پارتی کرێکارانی کوردستان (پکك) ئالابوون، نووسەران لەتیڤی (پکك) سەرگەرمی خۆ بەدۆستکردنی ئەو حزبە بوون و گۆرانیبێژان شەیدای گوتنی سترانی کرمانجی بوون، کەچی ئێستا خڕ ئەمانە بارگەیان بۆ ناو میدیاکانی حزبەکانی باشوور، بەتایبەتیش پارتی دیموکراتی کوردستان گواستەوە؟! بۆچی ئەو ژنە نووسەرانە لەبۆنەیەکی وەك ڕۆژی ژنانی جیهاندا باسی ئەو هەموو کیژ و ژنە ناکەن کە سەختترین ژیان لەچیای قەندیلدا بەسەر دەبەن، وێڕای ئەمەش ئەمڕۆ دیاردەی چەکهەڵگرتنی ژنی کورد مایەی گفتوگۆیە؟ بۆچی ئەمڕۆ میدیاکانی کوردی بەگشتی هێندەی بەکێشە ماددی و رووکەشەکانەوە سەرقاڵن، ئەوەندە بەپرسیارە چارەنووسسازەکان و گەوهەرییەکانەوە سەرقاڵ نین؟ گەلۆ هەوەسی ئەو کاڵاگەراییەی میدیاو ئەو وێنایە خەمهێنەرەی نووسەر و هونەرمەندی کورد، مایەی تێڕامان نین؟!

هەر چۆنێك بیّ، ئەمڕۆ لەهەندەران هەندێك کەس هێشتا خوێندنیان تەواو نەکردووە، کەچی ماوەیەك بەقسەی مەیلەو (ئاکادیمی) و زارقەڵەبالغیکردن لەچەمك خۆیان بۆ حزب نمایشدەکەن. دوای سەردانەوەیان کە هەندێکیان هێشتا نەبوونەتە دکتۆر، یانیش خوێندکارێکی دکتۆرای فاشیلن، کەچی بەهۆی پەیوەندیی هاوحزبیی و خزمایەتییەوە داوەتی بەرنامەیەکی ناونیشان قەبە دەکرێن و بەخۆیان و بۆینباخی ملیانەوە بەناوی دکتۆرو پسپۆڕەوە –ئەمڕۆ هەموو خوێندەوارێك لەو چەمکانە ئاوقاتن– بۆ بینەرانی

بەدبەختی کورد خوتەبە لەسەر (عەولەمە، مۆدێرنیتە) و ... هتد دەدەن. جێگەی سەرنجە خوێندنی زانستگا بەشێکە لەکالای بەرهەمهێنراوی میدیای حزب. چونکە ئارایشەکانی میدیا بەبانگەشەکانییەوە، واقیعێکی قەبەی بۆ خۆی و شهادەی خوێندن سازکردووە. لێردا خودی بەهای خوێندن گرنگی نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە هێمای ماددی و وێناندنی ئەو شەهادەیەیە وەك کالایەك.

نووسەرگەلێکی کورد هەن زۆر هەوڵدەدەن کە لەو وڵاتەی لێی دەژین هەندێك شت بەدەست بهێنن و هەر زوو لەسایتە کوردییەکاندا نمایشی بکەن. ماوەیەکە بۆتە باو فلان نووسەر خەڵاتکراوەو یان بۆ نموونە، فلان دکتۆر کۆڕێك لەزانستگای ستۆکهۆڵم لەسەر سیاسەتی ئەمریکاو شەڕی عێراق دەکا. کێشەکە لەوەدا نییە کە ئەو نووسەرە خەڵاتکراوە یان کۆڕی کردووە، بەڵام لەمدیوی ئەو راگەیاندنەوە ئەوەی گرنگە تەنیا لایەنی بانگەشەیی و کالاسازیی ئەو کارانەیە نەك بەها رۆشنبیرییەکەی. شایەنی باسە، کاتێك لەراستییەکان دەگەین، دەبینین ئەو نووسەرانە هەر بەخۆشیان یان کەس و کاریانەوە ریکلامێکی خەست بۆ ئەو خەڵات و دەستکەوتە ماددیانەی خۆیان دەکەن، کەچی خوێنەر وادەزانێ دەبێ ناوەندێکی رۆشنبیریی یان رێکخراوێك ئەو ریکلامەی نووسیبێ. خوێنەری خاوەن یادەوەریی کاراش ئەو (جەنگ)ەی لەسەر جیاوازی نێوان (خەڵات) و (کۆمەکی/ستوپێندیۆم)ی بەیادە، کە نووسەرانی کورد لەسوید هەڵیانگیرساند. دواجاریش ئەو جەنگە بێ ئەوەی راستییەکی سادە بەخوێنەری گوناهی کوردستان ببەخشێ خامۆشبوو. لەکاتێکدا هەر کەسێك کەمێك سویدیزان بێت، تێدەگا کە وشەی سویدی (پریس) مانای خەڵاتەو (ستیپێندیۆم) یش واتای کۆمەکییە. هاوکاتیش خەڵات زیاتر بەهایەکی ئەفراندنە نەك تەنیا ماددی دەبەخشرێ و کۆمەکیش زیاتر شتێکی ماددیەو داوادەکرێ.

ماوەیەك پێش ئێستا ریکلامێك هەموو میدیاکانی کوردی تەنیبووە، کە گوایە لەهۆڵێکی ناسراوی رۆشنبیریی لەشاری ستۆکهۆلمدا کۆڕێك لەسەر مێژووی دابەشکردنی کوردستان دەکرێت و بەشداربووانی ئەو کۆڕەش، چەندان پەرلەمانتاری سویدین. بەندەش ئەوەی لا سەرنجکێش بوو، بۆیە بەحەماسەوە چوو بۆ کۆڕەکە. کاتێك بینینم پێنج شەش کەس دانیشتوون و تەنیا ژنێکی سەر بەلیستی حزبی چەپی سویدیش لەو کۆڕە ناوزل و ناوەرۆك وێرانەدا دانیشتووە. ئەو ژنە پەرلەمانتارەش دیاربوو لەبەر بەزەیی هاتنەوە بەکورد هاتبوو، بەدەم پەلە پەلەوە، گوایە کارێکی تری گرنگی هەیە دەبێ

پێڕابگات، چەند قسەی هەلەق و مەلەقی لەنموونەی دەبێ کورد واز لەچەکهەڵگرتن بێنن و خەباتی ئاشتی بکەن... فرێداو ڕۆیشت. کورد وادەزانێ هەر کەسێك لەپەرلەمان دانیشت ئیتر بڕیار بەدەستەو دەتوانێ هەموو شتێك بکا بۆ کورد، کەچی ئەوە جۆرێکە لەهەوڵدان بۆ بەواقیعیکردنی ئەو پێشهاتانە وەك کاڵایەکی بەرهەمهێنراو.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، کوردانی سویدو ئەو حکومەتە کوردییەش باش دەزانن کە میدیاکانی سوید دوای کووشتنی (فاتیمە ساهیندال) لەلایەن باوکییەوە، چەندان ساڵە هێرشێکی چڕ دەکەنە سەر کورد. کوردیان کردۆتە نموونەیەك لەبکوژی ژن و واتای (شەرەف)، کەچی نە یەکێك لەو نووسەرە بلیمەتە خەڵات وەرگرانەو نە ئەو ژمارە زۆرە لە"دکتۆر) و ژنە فێمێنیستانەی کوردیش، کە مانگانە بەناوی سەیر داوەتی کوردستان دەکرێن، لەبەرانبەر ئەو هەموو هێرشکردنە لەسەر کورد دەنگیان هەڵنەبڕیووە ! لەوەش زیاتر مانگێك بەر لەنووسینی ئەم وتارە، تورکێکی شۆڤینی لەپەراوێزی کێشەی دابەشکردنی پاسەپۆرتی عێراق بەسەر کوردان، بەبڵاوکردنەوەی وتارێك لەرۆژنامەیەکی بەربڵاوی سویدی وەك (میترۆ) ، هێرشێکی شەرمهێنەری کردە سەر کورد و کوردی کردە هێمایەك بۆ کاری تێرۆریستی، کەچی ئەو هەموو نووسەرە زارقەڵەباڵغ و تەقاویتانەی هەردوو حزب و ژنە کۆنفرانسخوازەکانی کورد، توانای ئەوەیان نەبوو وەڵامێکی ئەو هێرشە بدەنەوە. شایەنی وەبیر هێنانەوەیە، سەرەتای ئەمساڵ، ٢٠٠٧ وزیری (وەرزش و لاوانی حکوومەتی کوردستان)، کە بەر لەوەرگرتنی ئەو ئەرکە لەکوردستاندا، دەیان ساڵ لەسوید ژیاوە، بەسەفەر هات بۆ سویدو لەکۆبوونەوەیەکی (وەرزش)یدا، بەناوی هاندانی گەنجە چالاکەکانی سوید، وەك هەمیشە، خەڵاتی بەسەر چەندان گەنجی باکووری کوردستان دابەشکرد. باشە ئەی بۆچی ئەو گەنجە سەرکەوتوو و خەڵات وەرگرتووانەی کورد هیچ کاردانەوەیەکی بەهاداریان بۆ ئەو هەموو هێرشکردنەی میدیای سویدی نەنواندووە؟ بەهەرحاڵ، لیستی ئەو رەوشە پەرپووتە درێژەو لەو وتارەدا جێگەی نابێتەوە، لێ ئەو نموونەگەلەی نمایشمانکردن بەسە بۆ وێناندنی ئەو ژیانە ئیفلیجەی کورد.

هەتا ئێرە هەوڵماندا بەو نموونەگەلەوە کایەکانی ئەو بەکاڵاکردن و بەسمبوولکردنەی ژیان و مرۆڤ جەختبکەینەوە، کە راگەیاندنگەلی حزب بەرهەمیان هێناوە. دەکرێت لیستی ئەو دیاردەگەلە لە کاڵاگەرایی و سمبوولاندنە زۆر لەوە تووڵانیتر بێت، بەڵام بەو ئومێدەی بەو نموونەگەلە خوێنەر خۆی ئازاد بێ لەدیقەتدان و پۆلێنکردنی نموونەکانی دیکە.

بەمجۆرە ئەوەی لەپشتەوەی بەهەرِمێنبوونی ئەو دیاردانە کار دەکا، میدیاکانی حزبی حکومرِان و بگرە سەرەبەخۆیەکانیشن. ئەو میدیاگەلەش لەپاڵ سیاسەتی بەئابووریکردن، بازرگانیکردنی ژیان و بەهاکان، رۆڵێکی سەرەکی دەگێرِن لەسازاندنی واقیعێکی ئارایشکراو، ژیانێکی تر لەدەرەوەی ئەو ژیانە راستییەی خۆماندا. لێرەوە ئەو رەوتە سیاسییە ئابوورییەی کە لەکن حزبی حکومرِانی کوردستان کە دوا ئامانجە، هاوشانی قووڵکردنەوەی پرۆژەی بازرگانیی و ژیانێکی ئارایشکراو، مرۆڤگەلێکیش وەك کاڵایەکی خۆی بەرهەمدەهێنن.

لە کۆتاییدا مەبەست لەئاماژەکردن بەو دیاردانە، رەخنەگرتن و پێناسەکردنی تایبەتمەندی کەسەکان و دیاردە کاڵاسازییەکان نییە، بەڵکو بەدیارخستن و جەختکردنەوەیە لەو هەوەسانەی کە لەمدیو دەمامکەکانی ئەو سیستەمە میدیاییەی حزبەکانی کوردستاندا کارایەو دواجاریش توانیوویانە کۆمەڵگایەکی کاڵا ئاسا لەوێناکانی خۆیان بەرهەمبهێنن. بەمەش کۆمەڵگای کوردیان بەوە سەرقاڵکردووە کە وەك راستییەك بروا بەسمبولەکانی ئەو کاڵایە سازێنراو و ئارایشکراوانە بهێنن. بەڵام راستییەکەی گشت ئەو بانگەشەو وێنا ئارایشکراوانە بێجگە لەفریودان، هیچی دیکە نین. ئەوەی لەمدیوی ئەو ئارایشگەراییەوە کارایە، دەستکەوتی ئابووری و سەپاندنی ژیانێکی ئەبەدییە بۆ حزبگەرایی.

لێرەوە ئەرکی ئێمە سەرکۆنەکردنی ئەو تاکەکەس و مێگەلە رێکخراو و نووسەرە نییە کە بەناوی رازاوەوە رەفتار و مامەڵە لەگەڵ ئەو حزبانە دەکەن، بەڵکو ئەرکی ئێمە جەختکردنەوەیە لەلێکناکۆکییەکانی نێوان بانگەشەو کردەی دەمرِاستەکانی ئەو رێکخراوگەل و کەسە مەدەنیخوازانەی کورد. بەتایبەتیش کاتێك ئێمە خۆمان وەك مرۆڤێکی خاوەن ئێتیکی مرۆڤایەتی نمایشدەکەین، پێویستە دەست بەجوانییەکانی هاوئاهەنگی خولیای دەرەکی و ناوەکی بوونایەتیمانەوە بگرین.

سوید–ستۆکهۆڵم

Handren_u@yahoo.se

# زمانی خەون و زمانی گێڕانەوە
# لە چیرۆکی (لەخەوما)ی جەمیل سائیب-دا

ئاری محەمەد

**(مـن خـەون بەجیهانـەوە دەبیـنم، کەواتـە جیهـان بـەو چەشـنەیە کـە لەخەونەکەی مندا بوونی هەیە..) گاستون باشلار(١)**

بێگومان، بەرلەوەی بچینەسەر خوێندنـەوەی چـیرۆکی (لەخـەوما)ی جـەمیل سـائیب، پێویستە دان بەو راستییەدا بنێین کە تاکو سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئەم چیرۆکەو سـاڵانی دواتـریش، زمـانی نووسـینی رەخنــەی ئـەدەبی بەشـێکی زۆری توێـژەران و رەخنــەگرانی کـورد، زمــانێکی رەخنــەیی ســەرەتایی و دەســتکورت و هــەژاربووەو زیــاتر لەپــەراوێزو لەدەرەوەی تێکستە ئەدەبییەکانـدا بـەدوای مانـاو ئامـاژەو دەلالەتـە دیـارو نادیارەکـانی دەقدا گەڕاوە، واتە لەلایەکەوە زۆرجار رەخنەگران پشتیان کردووەتە جیهان و نـاوەرۆکی خوڵقێندراوی تێکستە ئەدەبییەکان و بەدەگمەن وەك جیهانێکی ئەفرێنـدراوی سـەربەخۆو جیـاواز لـەجیهانی واقیعـی و دەرەکـی مامەڵـەیان لەگەڵـدا کـردووەو لەلایـەکی تریشـەوە نووســەران و رەخنــەگران، بەتایبــەتی لەلێکدانــەوەی ئــەو بەرهەمــە ئەدەبیانــەدا، کــە ناوەرۆکەکەیان باکگراوندێکی مێـژوویی هـەبووە، بـەراوردو جیاوازییـان نـەکردووە لـەنێوان گێڕانەوەی مێژوویی و گێڕانەوەی چیرۆکیدا، دیارە ئەم چیرۆکەی بەردەستمان، یەکێکـە لــەو تێکســتە ئەدەبیانــەی کــە زۆرجــار لــەبواری لێکدانــەوەدا فەرامۆشــکراوە، یــاخود هەندێکجار کراوەتە قوربانیی ئەو چەشنە لێکدانەوە رەخنەییە سەرەتایی و سـوننەتییەی کە لەسەرەوە زۆر بەکورتی ئامـاژەمان پێـدا، واتـە چـیرۆکی (لەخـەوما) بەدیوێکدا لەبـەر باکگراونـدە مێژووییەکـەی کـەباس لەسـەردەمی حـوکمڕانی (شـێخ مـەحمود) دەکـات و بەدیوێکی تریشدا لەبەر ناوەرۆکە رەخنەییەکەی، کە تێیدا پاڵەوانی سـەرەکی بـەزمانێکی سادەو سەرنجڕاکێشی فەنتازی، رەخنە لەدەسەڵاتداریێتی ئەو سەردەمەی کورد دەگرێـت، زیــاتر وەك تێکــستێکی مێــژوویی یــاخود سیاســی، نــەك وەك تێکــستێکی ئــەدەبی

لێکدراوەتەوە. دیارە بۆ راستی ئەم دەربڕینەی سەرەوەش دەکرێت خوێنەر راستەوخۆ بگەڕێتەوەسەر ئەو لێکۆڵینەوەیە کە (جەمال بابان) لەپێشەکی چاپی یەکەمی ئەم چیرۆکەدا نووسیویەتی و تێیدا بەهەمان دنیابینی و میکانیزمی رەخنەیی سەرەتایی و سوننەتییەوە هەستاوە بەلێکدانەوەی ئەم چیرۆکەو زیاتر وەك تێکستێکی مێژوویی، مامەڵەی لەگەڵ ئەم چیرۆکەدا کردووە واتە جەمال بابان لەلێکۆڵینەوەکەیدا پتر لەڕووی مێژووییەوە هەستاوە بەساغکردنەوەو لێکدانەوەی، ئەو هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت رۆحی و سایکۆلۆژییەی کە نووسەری ئەم چیرۆکە لەو سەردەمەدا تێیدا ژیاوە، پاشان هەر لەبەر رۆشنایی ئەو بارودۆخە مێژوویە واقیعییەی نووسەردا تیشکی خستووەتەسەر رووداوو کاراکتەرەکانی ناو ئەم چیرۆکە، بەمانایەکی تر لەو توێژینەوەیەدا زۆربەی ئەو رووداوە مێژوویی و هۆکارە واقیعییانەی کە ماوەیەکی کەم بەر لەنووسینی ئەم چیرۆکە، یاخود لەکاتی نووسینیدا ئامادەییان هەبووە کە کراونەتە سەنتەری لێکدانەوەی ئەم تێکستەو لەبەرامبەریشدا جیهانی ئەفرێنراوی چیرۆکەکەو رووداوو کاراکتەرەکانی ناوی، وەك جیهانێکی سەربەخۆو جیاواز لەجیهانی واقیعی و دەرەکی، پەراوێزخراوە. بێگومان ئەم بۆچوونەی سەرەوە هەرگیز ناکرێت وەك کاریگەری رووداوو فاکتەرە واقیعییەکان لەسەر ئەم چیرۆکە لێکبدرێتەوە، چونکە لەلایەکەوە مەبەست لەو بۆچوونەی سەرەوە جیاکردنەوەی ناوەرۆك و جیهانی ناو چیرۆکەکەو رووداوو دیمەن و کاراکتەرەکانییەتی لەجیهانی واقیعی و دەرەکی لەکاتی لێکدانەوەدا، هەروەها لەلایەکیتریشەوە مەبەستمان لەوەیە کە بڵێین پرۆسەی گێڕانەوە لەڕۆمان و چیرۆکدا بەگشتی و لەچیرۆکی (لەخەوما)شدا بەتایبەتی، کەزمانی خەون و فەنتازیا زاڵە بەسەریدا گەلێك جیاوازە، لەپرۆسەی گێڕانەوەی ناو تێکستە مێژووییەکان، چونکە بەدیوێکدا پەیوەندیی هەردوو شێوازی گێڕانەوەی مێژوویی و گێڕانەوە لەچیرۆك و رۆماندا، پەیوەندییەکی یەکجار جیاوازە لەگەڵ زەمەن و کاتدا، واتە لەشێوازی گێڕانەوەی مێژووییدا، تەنیا زەمەنی ئامادە بریتییە لەزەمەنی رابردوو، هەربۆیە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی تێکستە مێژووییەکاندا، ئاشنای رووداوگەلێك دەبێت، کە سەبارەت بەزەمەنی ئێستا، بریتین لەڕووداوگەلێك کە لەڕابردوودا روویانداوەو کۆتاییان پێهاتووە، بەڵام بەپێچەوانەوە لەشێوازی گێڕانەوەی چیرۆك و رۆماندا، هەرسێ قۆناغە زەمەنییەکە

بـوون و ئامادەییـان هەیـە، چـونکە هـەم زەمـەنی رابـردوو، هـەم زەمـەنی داهـاتووی ڕووداوەکـانی نـاو چـیرۆك و ڕۆمـان، بوونیـان لەزەمەنێکدا دیاریـدەکرێت، کـە بەزەمـەنی خوێندنەوەی دەق ناو دەبرێت. هەروەها بەدیوێکی دیکەشدا شێوازی گێڕانەوەی مێژوویی وابەستەیە بەگێڕانەوەی ئەو ڕووداوو بەسـەرهاتانەی مێـژووەوە، کـە لـەڕووی واقیعییـەوە ڕاستی و دروستییان بەهۆی دۆکیۆمێنت و بەڵگەنامەکانەوە سەلمێنراوە، بەڵام گێڕانەوەی هـەر ڕووداوو بەسـەرهاتێك لەچـیرۆك و ڕۆمانـدا بەگـشتی خـولقێنراوی خـەون و خـەیاڵ و ئەندێشەی نووسەرن، لەگێڕانەوەی مێژووییدا زیاتر ڕووداوەکان دەدوێن، نـەك مرۆڤـەکان، چـونکە مێـژوونووس تیـشك دەخاتەسـەر گێڕانـەوەی ڕووداوەکـان، یـاخود بـەناخی ڕووداوەکاندا شۆڕدەبێتەوە، بەڵام لەشـێوازی گێڕانـەوەی چیرۆك و ڕۆمانـدا، ئـەو مـرۆڤ و کاراکتەرانەش دەدوێن کە سەرچاوەی ڕوودانی ڕووداوەکانی نـاو بەرهەمـە ئەدەبییەکـەن، یـاخود بـەدەوری ڕووداوەکانـدا دەسـوڕێنەوە، بەمانایـەکی تـر گێڕانـەوەی ئـەدەبی پەیوەندییەکی گشتگیرترو قوڵترو ئاڵۆزتری لەگەڵ ڕووداوو کاراکتەر (مرۆڤـەکان)دا هەیـە، تەنانەت نووسەر لەم شێوازەی گێڕانەوەشدا ڕۆح و ناخی کاراکتەرەکان و لایەنی ئاگایی و نائاگایشیان دەپشکنێت، دواجاریش مەسـەلەی زمـان لەهـەردوو شـێوازەکەی گێڕانـەوەدا بەشێوەیەکی زۆر جیاواز بەکاردەبرێت، زمان لەگێڕانەوەی مێژووییدا ڕۆڵی ڕاگەیەنەرانـەی هەیـەو ڕووداوەکـانی بـەبێ دەسـتکاریکردن، وەکـچۆن بەڕاسـتی لـەڕابردوودا ڕوویانـداوە، دەگێڕێتەوە. هەربۆیە لەشێوازی گێڕانەوەی مێژووییدا زمـان هـیچ دەرفـەتێك بـۆ خوێنـەر ناهێڵێتەوە، تاکو تێکەڵ بەڕووداوەکان ببێت و بەناخیاندا شۆڕببێتەوە، یـاخود دەرفـەتی بەهەنووکەییکردنی ئەو ڕووداوانەی هەبێت، بەم پێیە زمانی گێڕانەوەی مێژوویی زمـانێکی نەزۆك و داخراوو پاسیڤە، بەڵام زمان لەگێڕانـەوەی چـیرۆك و ڕۆمانـدا نـەك هـەر زمـانێکی ڕاگەیانەرانـە نییـە، بـەڵکو زیـاتر زمـانێکی کـراوەو ئەفرێنـەرو کارایـە، چـونکە زمـانی گێڕانەوەی ئەدەبی، تێکستێکی نەگۆڕو بەڵگەنەویست ناخولقێنێت، بەڵکو زمان لەتێکستە ئەدەبییەکانـدا ڕووداو دیمـەن و بەسـەرهاتگەلی فـەنتازی دروسـتدەکات، کـە ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدییان بەکاراکتـەرەکانی نـاو دەقـەوە هەیـە، کـە لەگـەڵ هـەموو خوێندنەوەیـەکی تێکستەکەدا ماناو دەلالەتی نادیاری تازەی ئەو ڕووداوانە ئاشکرا دەبێت..

هەڵبەت، خستەڕووی جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان هەردوو شێوازەکەی گێڕانەوە، لێرەدا، بەتەنیا بۆ ئەوە نییە کە بڵێین چیرۆکی (لەخەوما)ی جەمیل سائیب ئەو شێوازەی گێڕانەوە زاڵە بەسەریدا، کە لەچیرۆك و ڕۆماندا بەکاردەبرێت، بەڵکو لەهەمانکاتیشدا بۆ ئەوەیە کە بڵێین سەرەڕای ئەوەی ئەم چیرۆکە باس لەزەمەنێکی مێژوویی دیاریکراو دەکات، کەچی لەهەمانکاتدا دەکرێت خوێنەر هەستێت بەهەنووکەییکردنی هەندێك لەڕووداوەکانی، بەتایبەتی ڕووداوو دیمەنەکانی ئەو چەند کۆبوونەوە بێئاکامەی کە لەچیرۆکەکەدا لەنێوان رابەر (گەورەکە)و دەستوپێوەندە جۆربەجۆرەکانیدا ڕوودەدەن، حیکایەتخوان و کاراکتەری سەرەکی چیرۆکەکە، پاش ئەوەی گوێبیستی قسەوباسی ناو کۆبوونەوەکان دەبێت، بەمجۆرە دەربارەی (گەورەکە)و ناورۆکی کۆبوونەوەکان دەدوێت: (ئەم کابرایە چ ئینسانێکە هەر لەزەرف سێ سەعاتدا، بەچەند چەشن گۆڕا، بۆچی تۆزێك تێگەیشتن و لێکدانەوەی نییە، هەموو ئەمانەی بەلاوە باشبوو، لەگەڵ هەموویاندا قەراری (بڕیاری) داو لەپاش نەختێك لەهەموویان پاشگەزبووەوە.. ل٧١ی چیرۆکەکە).

لەلایەکی تریشەوە دەکرێت ئاماژە بەوەبدەین کە ئەم چیرۆکە سەرەڕای ئەوەی کە لەهەندێك دیمەندا زمانی خەون زاڵە بەسەریدا، کە چی لەلایەن زۆربەی خوێنەرانییەوە بەچیرۆکێکی ریالیستی دادەنرێت، دیارە رەهەندی سەیرکردنی ئەم چیرۆکە وەك چیرۆکێکی واقیعی و ریالیستی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە نووسەری ئەم چیرۆکە توانیویەتی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش کار لەسەر تەسککردنەوەی ئەو مەوداو جیاوازییە بکات کە لەنێوان خەون و واقیعدا بەدیدەکرێت، واتا بەم کارە نووسەر وایکردووە کە پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکەی ناوەرۆکی خەونەکەی بەجۆرێك بگێڕێتەوە، کە لەلایەن زۆربەری خوێنەرانی چیرۆکەکەوە وەك واقیعێکی مێژوویی وێنابکرێت یاخود بخوێندرێتەوە، بێگومان ئەم حاڵەتەی سەرەوەش یەکێکە لەخەسڵەتە سەرەکییەکانی شێوازی گێڕانەوەی نوێ لەچیرۆك و ڕۆمانی هاوچەرخدا، واتا نووسەرانی مۆدێرن هەمیشە لەچیرۆك و ڕۆماندا ئیشیان لەسەر ئەو لایەنە کردووە کە چۆن خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەدا جیهانی فەنتازی ناو تێکستەکانیان وەك ڕاستییەکی واقیعی وێنابکات.

پاشان لەبەرئەوەی کەبوونی سەرجەم کاراکتەرو دیمەن و ڕووداوەکانی دیکەی چیرۆکی لە (خەوما)، لەڕێگای گێڕانەوەی ناوەرۆکی خەونەکەی پاڵەوانی سەرەکی و

حیکایەتخوانی ئەم چیرۆکەوە مەیسەر دەبن، ئەوا دەکرێت بڵێین کە حیکایەتخوان و پاڵەوانی سەرەکی ئەم چیرۆکە گرنگترین کارەکتەری چیرۆکەکەیە، بەڵام ئایا دەکرێت حیکایەتخوان و پاڵەوانی سەرەکی ئەم چیرۆکە، وەك نووسەرو دانەری دەق تەماشا بکرێت؟.

لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا هێشتا هەندێك رەخنەگر پێیانوایە کە ئەو بوونەوەرەی پێی دەوترێت گێڕەرەوە، یاخود (حیکایەتخوانی هەموو شتزان)، بەتایبەتی لەنموونەی ئەم چیرۆکەی بەردەستماندا، کە رەوتی گێڕانەوەی بەڕاناوی کەسی یەکەم دەستپێدەکات و یەك حیکایەتخوان سەرجەم رووداوو دیمەنەکانی ناو چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە بریتییە لەدانەر یاخود نووسەری چیرۆکەکە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەی سەرەوە، ژمارەیەك رەخنەگرو توێژەری دیکە لەو باوەڕەدان کە لێکچوونێکی ئەوتۆ لەنێوان حیکایەتخوانی چیرۆك و رۆمان و نووسەری ئەو تێکستە ئەدەبیانەدا نییە، لەبەرئەوەی بەنموونە وەك (ماریۆبارگاس یۆسا[٢])ی رۆماننووس دەڵێت: (حیکایەتخوان بوونەوەرێکی لەوشە دروستکراوە، نەك وەك نووسەری دەق لەگۆشت و ئێسقان خوڵقابێت، پاشان حیکایەتخوان وەك بوونەوەرێك تەنیا لەناو ئەو چیرۆك و رۆمانانەدا دەژی کە رووداوەکانیان دەگێڕێتەوە). بەکورتی حیکایەتخوان هەردەم بوونەوەرێکی لەوشە خوڵقێنراوە وەك تەواوی کاراکتەرەکانی دیکەش لەناو چیرۆك و رۆماندا دەژی، بەڵام گێڕەرەوە لەوەدا لەکاراکتەرەکانی دیکە جیاوازو گرنگترە کەبوونی کاراکتەرەکانی دیکەی دەق، بەردەوام پەیوەستە بەگێڕانەوەکەی ئەمەوە، لێرەوە ناکرێت لێکچوونێکی ئەوتۆ لەنێوان حیکایەتخوان و نووسەری چیرۆکی (لەخەوما)دا هەبێت، وەکچۆن (جەمال بابان) لەلێکۆڵینەوەکەیدا بۆ ئەم چیرۆکە بەئاشکرا حیکایەتخوان و نووسەر بەیەك کەس دەزانێت.

## *زمانی خەون لە چیرۆکەکەدا:

بێگومان وەك لەناونیشانی چیرۆکەکەدا دەردەکەوێت ئەم چیرۆکە زادەی خەونی کاراکتەری سەرەکی چیرۆکەکەیە، چونکە لەسەرەتادا خوێنەر بەڕوونی تێدەگات کە حیکایەتخوان خەونێکی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە، کاتێك لەسەرەتای چیرۆکەکەدا دەڵێت: (خوا بەخێری بگێڕێ.. شەوێك لەخەوما، وا لەدنیا گیرم خواردووە، ساحیب کوڵفەت و

منداڵ، بێ پارەو پوول.. "سەرەتای چیرۆکەکە")، هەڵبەت ریتمی گێڕانەوەی خەونەکەی پاڵەوان، تاکۆتایی چیرۆکەکە، بەردەوام دەبێت، ئەگەرچی لەهەندێك دیمەنی چیرۆکەکەدا، بەئاشکرا هەست بەوەدەکەین، کە پاڵەوان دەستبەرداری زمانی خەون دەبێت و بەتەواوەتی دەگەڕێتەوەسەر بەکارهێنانی زمانێك کە لێرەدا دەکرێت بەزمانی (ئاگایی تەواو) ناوی بەرین، کە مرۆڤ لەکاتی بێدارییدا بەکاریدەبات، لەبەرامبەر زمانی خەون، یاخود زیندەخەوندا، کەمرۆڤ لەکاتی خەون یاخود زیندەخەون (احلام اليقظة)دا، بەکاری دەهێنێت، دیارە بەرلەوەی تیشك بخەینەسەر شێوازی ئەو زمانەی کە لەدیمەن و رووداوەکانی ئەم چیرۆکەدا بەکاربراوە، پێویستە سەرەتا بەکورتی ئاماژە بەخەسڵەتەکانی زمان بدەین، لەهەردوو حاڵەتی (خەون) و (بێداری)دا، ئاشکرایە (ئەریك فرۆم) لەم رووەوە یەکێکە لەو نووسەرانەی کە لەکتێبی (زمانی لەیادکراو[٣])دا بەدرێژیی تیشك دەخاتەسەر هەردوو شێوازەکەی زمان لەحاڵەتی خەون و بێداریدا، (فرۆم) لەبەشی یەکەمی هەمان کتێبدا، سەرەتا باس لەخاسیەتەکانی خەون دەکات و دواتر بەراوردیان دەکات لەگەڵ بێداریداو لەم بارەیەوە دەڵێت: (خەونەکانمان مل کەچ ناکەن بۆ ئەو یاسا لۆژیکییانەی کە لەکاتی بێداریدا بیرکردنەوەمان کۆنترۆڵدەکەن، هەربۆیە هەندێك خەون دەمانخاتە بەردەم دوو دیمەن و رووداو کە لەڕووی لۆژیکەوە ناکرێت لەیەك کاتدا روویدەن، پاشان دەڵێت تەنانەت هەردوو چەمکی شوێنکاتیش لەخەونەکانماندا فەرامۆش دەکرێن)، هەروەها (فرۆم) پاش ئەوەی زمانی خەون لەگەڵ زمانی ئەفسانەدا بەراورد دەکات و بەزمانی رەمز ناویدەبات، دەبارەی ئەم زمانە دەڵێت: (زمانی خەون زمانێکە کەوا ملکەچی لۆژیکێکی تایبەت بەخۆیەتی و گوزارشت لەشوێنکات ناکات).. ئێمە لەڕێگای ئەم دەربڕینەی سەرەوە تا ئەندازەیەك ئاشنای (زمانی خەون) بووین، هەربۆیە هەنووکە دەکرێت بپرسین ئایا ئەم زمانە لەچ دیمەنێکی (خەونەکەی) حیکایەتخوانی ئەم چیرۆکەدا، بەڕوونی بەدیدەکرێت، سەرەڕای ئەوەی کە گێڕەرەوە لەحاڵەتی بێداریدا خەونەکەیمان بۆ دەگێڕێتەوە؟ خوێنەر لەسەرەتای رەوتی گێڕانەوەی خەونەکەدا پەی بەم زمانە دەبات، کاتێك کە حیکایەتخوان بۆ دەرچوون لەو دۆخە نالەبارەی کە لەسەرەتای خەونەکەیدا باسی دەکات، بڕیاری بەجێهێشتنی ئەو شوێنە دەدات کە تێیدا دەژی، ئێمەی خوێنەر سەرەتا نازانین گێڕەرەوە لەکوێ دەژی؟ ئەوەندەش دەزانین کە

بەرەوژوور یاخود بەرەو (باکوور) کۆچ دەکات و کاتیش ئاخرو ئۆخری زستانە، گەرچی دواتر لەڕەوتی سەفەرەکەی پاڵەوانی سەرەکیدا، سەرمایەکی وەها تووش بەدیدەکەین کە لەسەرمای چلەی زستان دەچێت نەوەك لەسەرمای کۆتایی زستان و سەرەتای بەهار!، ئەم دیمەنەش بەتەواوەتی شوێنکاتی سەرەتای چیرۆکەکەی تێدا فەرامۆشکراوە، وەکچۆن لەسەروە (فرۆم) ئاماژە بەم حاڵەتە دەکات.

لەدیمەنێکی دیکەی چیرۆکەکەدا دیاردەی (سیخوڕی) یاخود جاسوسی، وەك پەتاو نەخۆشییەك ئامـاژەی پێدراوە، کە هەموو کەس دەیگرێت، هەربۆیە گێڕەرەوەی چیرۆکەکەش، بۆ بەیانی ئەو شەوەی کە دەگاتەشار، بەبێ هیچ بەڵگەیەکی لۆژیکی لەسەر تۆمەتی سیخوڕی لەخانەکەدا، لەلایەن پیاوانی دەسەڵاتەوە دەستگیردەکرێت، بەڵام تاکاتی دەستگیرکردنی کاراکتەری سەرەکی چیرۆکەکە، بەتۆمەتی جاسوسی، هێشتا لەڕەوتی گێڕانەوەدا (زمانی خەون) بەڕوونی درکی پێناکرێت، بەڵام کاتێك پاڵەوانی سەرەکی کە بەتۆمەتی سیخوڕی دەستگیرکراوە، لەژوورێکدا زیندانی دەکرێت کە بەئاسانی گوێبیستی ناوەرۆکی سەرجەم ئەو کۆبوونەوە گرنگانەیە، کە دەسەڵاتداری گەورەی شار لەگەڵ سەرجەم دەستوپێوەندەکانیدا ئەنجامی دەدات، ئەوا لەم دیمەنەدا (زمانی خەون) لەڕەتی گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا دەگاتە ترۆپکی خۆی، چونکە لەم حاڵەتەدا (زمانی خەون) خوێنەر دەخاتە بەردەم دوو دیمەنی دژبەیەك و پێچەوانە، کە ناکرێت لەیەککاتدا روویدەن، بەدەربڕینێکی دیکە لەم دوو دیمەنە نالۆژیکییەدا، هەم پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکە بەتۆمەتی (جاسوسی گرنگ) دەستگیردەکرێت و هەم شوێنی دەستگیرکردنەکەشی ژوورێکە کە بەنرخترین زانیاری لەسەر دەسەڵات پێدەبەخشێت!، هەڵبەت ئامادەیی (حیکایەتخوان) لەو دوو دیمەنەدا کە وەك (فرۆم) دەڵێت: ناکرێت لەیەککاتدا روویدەن، بۆئەوەیە کە رەوتی گێڕانەوەی چیرۆکەکە، یان راستتر (خەونەکە) بەردەوام بێت، واتە لۆژیکی ئامادەیی پاڵەوانی سەرەکی، وەك (جاسوس)، لەژوورێکدا کەناکرێت مرۆڤی ئاسایشی تێدابێت، نەوەك کەسێك کە بەتۆمەتی سیخوڕی دەستگیرکرابێت، بۆئەوەیە تاکو ئێمەی خوێنەر پەردە لەدوای پەردە، لەناوەرۆکی سەرجەم کۆبوونەوە گرنگەکان ئاگاداربکاتەوە، هەربۆیە حکایەتخوان، پاشئەوەی کە ناوەرۆکی سەرجەم کۆبوونەوەکان دەگێڕێتەوە، بەبێ ئەوەی کە بزانێت ئەو چ کارەیەو

لەکوێیە، لەدوا دیمەنی گاڵتەجاڕی چیرۆکەکەدا، بەتوندی دەست بەقاقای پێکەنین دەکات، هەربۆیە دەسەڵاتدارانی ژوورەوە، کە گوێیان لەو پێکەنینە دەبێت بەسەرسامی دێنەوە سەرخۆیان و لەکۆتایی چیرۆکەکەدا نۆکەرەکان (گێڕەرەوە) دەبەنە لای گەورەکەو ئەویش بەسەریدا دەقیڕێنێت: سیخوڕی بۆ کێ دەکەیت، لەوەڵامدا پاڵەوان دەڵێت: جاسوس نیم!، بەڵام لەدەربڕینێکی گاڵتەجاڕیدا لەسەرزمانی گەورەکە پێی دەوترێت، گەر جاسوس نیت چی دەکەیت لەو ژوورە؟!.

دواجاریش جەلادەکان، پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکە دەبەنە حەوشەکەو لەسەر سەهۆڵەکە رایدەکێشن و چیرۆکەکە کۆتایی پێدێت..

دیارە لەکۆتاییدا دەکرێت ئاماژە بەوە بدەین، کە (حیکایەتخوان) و پاڵەوانی سەرەکی ئەم چیرۆکەی، (جەمیل سائیب) لەحاڵەتی بێداریدا (خەونەکە)ی خۆی دەگێڕێتەوە، هەربۆیە لەم رووەوە دەکرێت بەڕاشکاوی بڵێین، هیچ کەسێك نییە بەبێ زیادکردن یاخود لەیادکردنی هەندێك دیمەن و رووداو بتوانێت خەونی شەوانەی خۆی بگێڕێتەوە، هەربۆیە ناکرێت ئەم چیرۆکە لەڕووی دیاردەگەراییەوە، وەك خەونێکی شەوانەی پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکە، تەفسیرو راڤەبکرێت، چونکە دواجار وەك (گاستون باشلار) دەڵێت: (بەشێوەیەکی یەکلاییکەرەوە هیچ لێکچوونێك نییە لەنێوان کەسێکدا کە دەگێڕێتەوە لەلایەك و لەنێوان کەسێکدا کە خەون دەبینێت)، هەربۆیە هەرجۆرە راڤەکردنێکی فینۆمینۆلۆژی بۆ خەونی شەوانە، لەخودی خۆیدا کێشەیەکی دژوارە، چونکە گەر سەرەتا هەر جۆرە شیکردنەوەیەکی فینۆمینۆلۆژی وابەستەبێت بەڕێڕەوی هۆشیارانە بەشتێك، ئەوا پێویستە لەبەرامبەردا کە بڵێین، بەڵام هۆشیارییەك، کە دەنوێت و لەنێو تاریکیدا رۆدەچێت، ئیدی هەرگیز هۆشیاری نییە، بەڵام لەگەڵ ئەو بۆچوونەی سەرەوەشدا، هەم (باشلار) و هەم زۆربەی سایکۆلۆژیستەکان و رەخنەگرانی ئەدەبیش، هەندێك تێکستی ئەدەبی گرنیان، وەك (خەون)ێك لێکداوەتەوە، لەم رووەوە دەکرێت ئاماژە بەخوێندنەوەکەی (فرۆم) بدرێت کە لەسەر رۆمانی (دادگا)ی کافکا نووسیویەتی و تێیدا ناوەرۆکی رۆمانەکە وەك خەونێك زمانەکەشی وەك زمانی خەون لێکدەداتەوە...

***سەر چاوەکان:**

١. غاستون باشلار: شاعريه الاحلام، ترجمه: جۆرج سعد، بيروت، ط١، ١٩٩١، ص١٣٨.

٢. ماريو بارغاس يوسا: رسائل الى روائي شاب، ترجمة: صالح علماني، منشورات المدى، ص٤٤.

٣.أريك فروم: اللغة المنسية.. ترجمة: حسن قبيسي، ط١، ١٩٩١، بەشی یەکەم.

٤. غاستون باشلار:شاعرية احلام اليقظة، ص١٤.

*جەمیل سائیب: چیرۆکی (لەخەوما) پێشەکی و لێکۆڵینەوە: جەمال بابان، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ساڵی ١٩٧٥.

| | |
|---|---|
| لەویٚ | هەڵاڵەی پێنجوێن |
| لەو دیو پەردەی چاوەکانمەوە | کەژاڵ ئیسماعیل |
| قەفەسی تەنیایی | پەری شێخ ساڵح |
| پرسیارێکی بێ وەڵام | عومەر سەید |



**شیعر**

# لەوێ

هەلاڵەی پێنجوێن



ئێمە لەوێ هەبووین
تۆ بزانە چ بوونێک بوو
چ قەدەرێک
لەخۆشەویستی هەڵی دەژەندین و
بەبێ بەری بوونەوەی دەداینەوە
ئای لەوێ...
ئەوێ نیشتمانێک بوو
نازانم
ئەو هەموو بێدەنگییەی لەگوێیدا چیێ دەکردەوە
ئەوێ لەمەغریبێک پڕ بوو
هەموو ئەستێرەکان کۆدەبوونەوەو
دەتلێسانەوە بەشەودا
لەبیابانێک دەچوو قەدەری وشکبوونی بەخشیبێتەوەو
کەچی هێشتا تابەر بینی ئاو بێت
ئەوێ...
ئەوێ لەرۆژێک دەچوو
هەرچی مەودای ئێرە هەیە ونی کردبێت

ئەویٚ لەباخێک دەچوو

هەرچی جووڵەی پەلەوەرە قۆرخی کردبێتە قامکیەوەو

قامکیشی بەکاتەوە رچی بێت

ئەویٚ بەشارایەک دەچوو هەرچی گوڵە

چاوەڕێی (با) بکاو باش سەرخەوبشکێنیٚ

ئێمە لەویٚ چەندە ئازادبووین...!؟

لەویٚ لەمەکانی بێدەنگیدا

بەدوو جەحێلٚ دەچووین بەدەم عیشقەوە بتریقێنەوەو

بکەوینە باوەشی جۆلانێیەک کە ئەویش مەغریبانە

لەدایکێک دەچووین بەماچێکەوە روومەتی مناڵەکەی ببات

بەڕۆحێک دەچووین

دەستی لەدەستی بونابێت و قاچی لەنافەوتانا

ئێمە لەکێلێک دەچووین خاڵی خاڵی بێت لەڕۆح و

پڕ... پڕ بیٚ لەخۆشەویستی ژیان

ئێمە لەویٚ لەسکەیەک دەچووین

چاوەڕوانی شەمەندەفەرێک... بیباو... بیباو... بیبا

ئێمە لەچۆلەکەیەک دەچووین بەسەر درەختەکانەوە ئەهوەن بووبینەوە

لە خۆڵێک دەچووین بەسەر ئایەتەکانەوە

بەئارامیا راگەین

لەویٚ بەئیشارەت کچێک دەیگوت

بمخەنە سکێچی ماچێکەوەو تەواو...

(بەرد)ێک هاواری دەکرد بەئەندازەی مردنی ئێرە

ژیان بهێننەوە

جۆلانێیەک خۆی دەلاواندەوەو

قەدەری ئەوێ وابوو

ئێمە بەنەگریسترین جۆر بزر دەبووین

ئای... لەوێ

ئاخر ئەفسوون داوەتی رەنگی گەڵاو

پایزیش ئاوێتەی ورشەورشی رۆژەکان بوو



هەناسە نووسابوو بەبەردێکەوەو

تەمەنیش هاوتای بورجێک

چەند سەیربوو ئەوێ

ژیان بەبێ داری دەچوویەوە

سەر ئەزەلی عورفێک

کە سەرفراز بوو لەدەنگەدەنگ و

ئێمەش بەسەر پەیژەیەکەوە بوین

دەستمان دەدا لەوتەیرانەی

بەئاسمانەوە دەیان وت

عیشق شتێکەو لەباری ژیان چووە

ژیان شتێکەو لەباری عیشق

بوونی ئێمە چەشنی میزەڵانێک بوو

فش بووبێتەوە سەر زەمینی ئارامی

چەشنی زەمەنێک بوو پڕ... پڕ لەدەمژمێری مەستبوون

ئێمە... ئاخ ئێمە...

پڕ بەهایانە دەچووینەوە ناو جەهەنەمی نەفرەتەکان و

دوور دوور.. دوورتر لەئێستا

ئاوەژوودەبووینەوە ناو مەهزەلەی ژیان

ئێمە فەرزەندێک بووین

هیچ کام لەکۆمەکەکانی ئاگرمان قبووڵ نەبوو

تا بمانخاتە ناو دەمی گەرمبوونەوە

هیچ نەوەیەکمان خۆش نەدەویست

کە نەچێتەوەسەر دێرینترین زام

کەچرنووکی خۆشەویستی جێی نەهێشتبێت

ئێمە ئۆکسجینێکمان وەرنەدەگرت

بۆنی یاسەمینی مێینەیەکی لێنەهاتبێ

ئێمە هەناسەیەکمان نەدەدایەوە

قەوزەی سێهەمین بەدبەختی نەکردبێ

ئێمە سێوێکمان لێنەدەکردەوە

نەمان داتەبەر شیکاری تەمەن

چەند ئارام بووین... تۆ بڕوانە

ئێمە لەوێ

قەدەرمان بوو

ئەوێ ببێتە تیل تیلێنێک و قلوچمان کات

لەهەرچی سەرمایەی بوونە

قەدەرمان بو هەرچی بایە هەڵبکاو

تێکڕای هەناسەمان دانە.. دانە تەفرەقەبێ

چەند سەیربوو
ئێمە لەقەدەری ئێوارەیەکدا پێکەوە دەمان وت
رەنگ لەهەرشوێنێکەوە بڕوانێت پێکەوە لەوێین
هەنگاو لەهەرشوێنێکەوە گوزەرکا
ئێمە مناڵێکین و پێ رەوکەی عیشقین
من ئەم وت.. ئەم وت
ئەو دەمەی مۆسیقا تامی شۆخ دەکات
زاری ئەبەدییەت تفتە.. تفت
ئەو زەمەنەی نۆتە ئاوێزانی نەی بێ
هێشتا دار پرتەقاڵ شەرم ناکاو
شەونم دەساوێتە قەدی و ستیان لەبەرناکا
ئەو دەمەی نەسیم
ستایشی کاتی دەکرد
ئێمە رادەموساین بەدوعایەکەوە
کە حوزنی خودا بوو بۆ سەر فەرشی ژیان و
ئێمەش لەوێ موفەکیری رۆژەکانی رووتبوونەوەبووین
ئای... لەوێ چەند وریا بوو
دەچوویەوەسەر نائارامی پوشێک بەهەناسەی (شنە)وە
یان لەشتێکی عەیار لەبەردەم خۆشەویستیدا
یاخود لەدەرگایەک پڕ بوو کە قەت ناکرێتەوە
ئەوێ پەنجەرەیەک بوو
بەسەر مەزاتێکدا دەکرایەوە هەرچی خەونە بەر وەرین دەکەوت

بەناو خوێنێکدا دەجەنگی رەش... رەش دەچوویەوە

وەک قەلەڕەشە

بەبازگەیەک خۆی دەنواند

هەرچی تاوانباری عیشقە پێیدا دەرباز بێ

ئێمە بەوێدا دەچووینەوەسەر رێگەیەک کە

کەدەی بردینەوەسەر باکووری نیشتمانێک

کە پڕ... پڕ بوو لەچیرۆکی یاخیبوون

ئێمە لەوێ چەند ئارام بووین

چەند خۆمان بووین

٢٠٠٦/١٢/٢٠



# لەو دیو پەردەی  چاوەکانمەوە

کەژاڵ ئیسماعیل

ژیان شوێنەواری ماچێک
بە شەختەی تاوان ئەشواتەوەو
لێم ناگەڕێ
من.. بەم هەموو ئەسەفەوە
تاوێک لەباوەشی ئارامیدا
پەنجەکانم بە میلۆدیای ئەشقێکا بگێڕم
وێڵم..
وێڵم و ئەو پەیڤە بابردووانەم بۆ ناکرێتە هێلانەیەک
تا زەرنەقووتەی حەزەکانمی تیا بشارمەوە!
ژیان.. ئای ژیان چەند سەیرە
لەگەڵ مەرگ
تەنها هەناسەیەک
لێکیان دائەبڕێ
لەگەڵ مەرگ چی لێکیان جودا ئەکاتەوە؟
ئەمیان ڕەنگاو ڕەنگەو
ئەویان بێڕەنگ
ئەمیان پڕ لەجەنجاڵ و هات و هاوارەو
ئەویان بێدەنگ..

* * *

لێم گەڕێ سەررێژم لە نائومێدی و

بە دوای عەترێکا وێڵم

بینێرمەوە بۆ نیشتمان

نیشتمانێکی وەهمی

تا چیتر بۆنی مەرگ نەدات

بێزارم لە ژماردنی هەنگاوە تێکەڵەکانی سێبەرو

دەرمانێکم بۆ نایە بەدیاری

بەرەو خامۆشی سۆزێکی زیندووم بەرێت وەک ئاواز

* * *

دوێ شەو..

بە مردوویی

ئەو سەحرایانە ئەگەڕام

پڕبوون لە بەتاڵیی!

خۆم بە لێواری قەسیدەیەکا هەڵواسیبوو

پڕ بوو لەونبوون

نە ئەگەیشتمە ڕوخساری مانگ و

نەئەستێرە هۆرەی بۆ ئەچڕیم..!

تۆ ئەزانی

مانگ لە دوورەوە جوانەو

ئەستێرەش هەر لەبەرزایی ورشەئەدات؟!

* * *

دویٚ شەو

ونبووم.. ون

تەنهایی گەیاندمیە زەمەنێک

لەخۆرێکی ڕەنگ پەڕیو و تاریکی بەولاوە

دەنگی هیچی دیکەم گویٚ لێنەبوو

جەنگەڵستانێک..

سەرم لێرە و پێیەکانیشم لە قەراغ دونیا



نە هاوارێکم فەلەکی پڕ کرد و

نە نزایەکم گەیشتە خودا

تەنهاییەکی تەڵەزماوی ونی کردم!

* * *

لیم گەڕیٚ..

ئاسمان هێندە نزم بۆتەوە

هەور ئەبارێت!

زەوی کیژۆڵەیەکی تۆقیوە و

سەری ناوەتەنێو تاریکی شەوێکی ئەنگوستە چاو

تۆ بڵێی ئەوەژیان بێت یان..!

وەک باڵندەیەکی مەست گێژ ئەخۆم و

لە بازنەیەکی داخراوا

ئاسمانم چەرخ ئەدا

چیت لێم ئەویٚ..؟

من.. هەموو ڕۆژێک ئەکوژرێم
لە بێدەرەتانی ئەم گوزەرانەدا
جەستەم ئەکەمە قوربانی دەنکێ کبریت!
لەم خەراباتە..
کێ هەیە لەمن بێسەوادتر؟
کێ بۆمن ئەگری؟
ئای ژیان!
ژیان وەک مەرگێکی شەرمن
پێی وایە چاوەکانی ناخوێنمەوە
ئەو..
هەناسەی گەڕانەوەی ئێوارەیەک
نایاتەوە بۆ سەر حەنینی سنگێک
بەرد بە هاژەی ڕووبار ئەخنکێنێ و
بەرائەتی ئەو منالّییە سەرئەبڕێت
کە هێشتا دەمی وا بە گۆی مەمکی لاتکەوەیە و
دارەدارەی گەورەبوون
منالّی نەکردۆتەوە!
ژیان.. ئافاتێکە
یا ئافات ئافاتی ژیانە؟
دەلێم گەرێ..
با پڕ بەگیرفانێکی گەورەییم
شیکایەت بەرمە حزوری بەزەیی و

**نهێنیەکانم لەکەنار دەریایەک زیندە بەچاڵ بکەم**

**تۆ ئەزانی..**

**دەریا چەن هێمنە بەر لە شێت بوون!؟**



*** * ***

**دویٚ شەو..**

**مەلاومەل بووم لە ترس**

**بووبوومە پاسارییەک و**

**بۆ هێلانە**

**لە بەردەم میحرابی زەردە گەڵایەکا**

**سوجدەم ئەبرد و ئەگریام..**

**خەو دەستی نابوومە نێو دەستی شەهرەیارێک**

**بۆنی بادەپەرستی**

**کەللەسەرمی پڕ کردبوو لەمەستی**

**منیش بۆنی سووتانی ئەشقێکی پەنهانم لێئەهات**

**ئەو گوێی بۆ چیرۆکی پەریزادەو ئەژدیها شلکردبوو**

**منیش بە مار و پەیژەی ژیانا**

**بەرەو قووڵترین خەیاڵ هەڵئەچووم**

**تۆ ئەزانی شەهرەیار هەر لە چیرۆکا جوانە؟!**

*** * ***

**دەلیم گەریٚ..**

**من (ئەو ساتە خۆشەم هێشتا لەبیرە)***

**زۆر ڕۆمانسییانە**

چراکانم کز ئەکرد و تۆش پێت ئەووتم:

ئەبێ لەژیان خۆشتر چی هەبێت؟

کە تۆم هەبێت

قەد پیر نابم

بۆ ئەبەد نامرم..

کەچی ئێستا بووینە دوو هێڵی تەریب و

هەرگیز بەیەک ناگەین

ئاخر بۆ لێم ناگەڕێی..؟

تۆ بەم هەموو ڕەنگەوە

منیش لەم ڕەنگە خۆڵەمێشییەدا ون بووم

ئیدی چۆن لە گوڵدانێکا جێمان ئەبێتەوە.

هۆڵەندا ٢٦ - ١١ - ٢٠٠٦

* دێڕە هۆنراوەیەکی شاعیری گەورەی ڕووس (پووشکین)ە.

# قەفەسی تەنیایی

پەری شێخ سالّح



کەشەو وەکو بەفرێکی رەش
بەسەر گەردووندا دەبارێ
کەس هاوڕێتی
پەنجەرەی ژوورەکەم ناکات
نەدرەختێ...نەباڵدارێ
تەنها ئەستێرەیەکی قژ سەوز
کە چاوی بێزارە لەوەنەوز
وردە
وردە
بەقامکی رۆشنایی
لەپەنجەرەی دڵم دەدات
بەئەسپایی...
دێتە ژوورەکەمەوەو
پڕی دەکات لەسەوزایی
پێدەکەنێ و

دەربازم دەکات لەقەفەسی تەنیایی

بەیەکەوە

گورزەیەتیشک دەکەین بەنوێن و

سەرین

بەیەکەوە بەئاسوودەیی دەنووین

خەو دەبینین

لەخەوماندا

دەبین بەگوڵ و هەنگوین

بۆ وڵاتێکی خەمگین

لەخەوماندا

دەبین بەنان

بۆ منداڵە هەژارەکان

دەبین بەسروودو شیعر

منداڵ لەبەرمان دەکات

دەبین بەکرێوەی بەفر

لوتکە لەسەرمان دەکات

کاتێ کەرۆژ

تاریکایی رادەماڵێ

ئەستێرەکە جێمدێڵێت و

دەڕواتەوە بۆ ماڵێ

لەدوورەوە هاوار دەکات :

زویر مەبە

ئەمشەویش دێمەوە بۆلات

خۆزگە ئێستا

شەو دێ و

هەموو جیهان دادەگرێ

بۆ ئەوەی گوێم لەتەپەی پێی

ئەستێرەکەی دوێنێ شەو بێ !!



کورته چیرۆک

# پرسیارێکی بێ وەڵام

عومەر سەید

ئەی کەریمی کوڕی ئامینە، تۆ دەرچوویت لەخانووی بێوەفایی دنیا، تۆ گەیشتی بەخانوونی رۆژی جەزا، تۆ دەرچوویت لەخانووی خەون و فەنا وا گەیشتی بەخانووی رۆژی جەزاو، تۆ دەرچوویت لەخانووی خەون و فەنا وا گەیشتی بەخانووی رۆژی بەقاء، تۆ دەرچوویت لەخانووی پڕ لەگومڕایی و گەیشتی بەخانووی خۆشبەختی بێدوایی، تۆ دەرچوویت لەخانووی پڕ لەپەژارەو ناخۆشیی، شادبووی بەڕەحم و بەزەیی خوای مەزن، ئەم قەبرە یەکەم پلەیە لەژیانتا لەپلەکانی رۆژی دوایی، دوا پلەیە لەپلەکانی ژیانی دنیای فانی.

تۆ بزانەو خۆت ئامادەبکە ئێستا دێنەلات دوو مەلائیکە، لەلایەن خواوە نێردراون بەزەییان بەحاڵی تۆدا دێت و دڵسۆزن بەتۆ، هیچ مەترسەو دڵتەنگ مەبە، خوا یارمەتیت بداو رێگات پیشانبدات.

ئەو دوو ملائیکەیەی خوا پرسیارت لێدەکەن و دەڵێن: خوات کێیە؟

***

شەوو رۆژی ناو ئۆردوگاکە جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو، شەوانی رەشێکی قووڵ و تۆخ، چەشنی ئەژدیهایەکی نووستوو بەهەزاران هەزار برینی پڕ کێمەوە، رۆژانیشی خۆڵەمێشییەکی تۆزاویی جگە لەڕەنگی بلۆك و چیمەنتۆ هیچ رەنگێکی تر بوونی نەبوو.

تەنانەت ژیانیش هەر رەش، رەشێکی بێمانابوو، بەیەك ئاراستە دەجما، زۆرجاریش لەبری ژیان پێیدەوترا چاوەڕوانی.

خەڵکی ناو ئۆردوگاکە بەدەم کاری رۆژانەوە چاوێکیان هەر لەڕێگاکانەو چاوەڕێ دەکەن.. منداڵەکان لەچاوەڕوانی باوك و دایکیاندان، پیرەکان لەچاوەڕوانی منداڵەکانیاندان و رۆژ تا ئێوارەو لەسێبەری کاڵی ریزە بلۆکە خواروخێچە هەڵچنراوەکانداو وەك ریزە پەرەسێلکەی بەهارانی سەر تەنافەتێلی کارەباکان پشتیان بەدیوارەکانەوە دەداو بەدەم کێشانی جگەرەو چاوەڕوانییەوە، یەك لەدوای یەك خەونە خۆشەکانی خۆیان بۆ یەك دەگێڕایەوە، ئەو خەوانەی کە هەموو دەچوونەوەسەر یەك چاووگ و

هەزاران جار بۆیەکیان گێڕابووەوە ،لەهەمووشیدا گەڕانەوە دەستپێدەکات وچاوەڕوانی کۆتایی دێت.

هەندێك لەخەڵك شەوڕۆژ سەریان بەسەر رادیۆکانی دەستیانەوە شۆڕکردبووەوەو چاوەڕوانی لێبووردنی گشتیی کودەتای سەربازیی بوون.

هەندێکیتر شەوانی درێژیان بەسەر تەنوربان و سەربانە نزمەکانەوە دەبردەسەرو چاویان دەبڕییە ئاسمان و چاوەڕوان بوون ئەو دوو ئەستێرە گەشەی خۆرهەڵات و خۆرئاوای ئۆردۆگاکە بەیەك بگەن و لێکبئالێن، بەپێی خەون و خەیاڵی قووڵی ناو یادەوەرییان، ئەو دوو ئەستێرە گەشە لەیل و مەجنوونن، لەچەند ساتێکی کەمی نیوەشەوداو ساڵی یەکجار پێکدەگەن و بەدەوری یەکتردا دەخولێنەوە، هەر مرۆڤێك ئەو لێکئالآنە ببینێت، هەر هیواو ئاواتێکی هەبێت بۆی دێتەدی.

ئەوان چاوەڕوانن ئەو دوو عاشقە بەیەك بگەن و لەبری داواکردنی تەنووری پڕ ئاڵتوون و تەمەنی نوح، داوای گەڕانەوەی ئەنفالەکانی لێبکەن، دەڵێن جارێکیان قەیرەکچێك شەو لەخەویدا لێکئالآنی ئەو دوو ئەستێرەیەی بینیوەو خێرا هاواری کردووە:

–لەیلا وا تۆ بەمەجنووی خۆشەویستی خۆت گەیشتی، دەی بامنیش بەدەستگیرانەکەم بگەم و سبەی بیگەڕێنەوە لام..

دەڵێن بۆ سبەی و لەخەوی پاشنیوەڕۆدا لەدووەم خەویدا لەگەڵ ئێسکەپەیکەرێکدا زەماوەندی کردووە.

دەڵێن قەیرەکچەکە وتوویەتی لەناو خەوەکەمدا زاوا هێندە بەکەیف بووە، لەبری فرمێسکی خۆشی، لم لەچاوەکانییەوە هاتووەتە دەرێ.

هەندێکی تر لەخەڵکی ناو ئۆردەگا زۆرەملێیەکە، دەچوونەسەر شەخسەکان و سێ بەردی خڕیان دەخستەسەر یەك و لەگەڵ خولانەوەیدا پەنجە بچووکیان دەخستەسەرو مەرازیان بۆ گەڕانەوەی ئازیزەکانیان دەگرتەوە، هەندێکجارو لەناو قاوقیژو راکەڕاکەی ژنان و کچانی دوای تەنکەرە ئاوی ناو کۆڵانێکی ئۆردوگاکەدا، کچێك پڕ بەگەرووی هاواری دەکرد:

–با باوك و کاکەم بگەڕێنەوە، دەبێت لەحەوشەکەماندا بیرەئاوێك لێبدەین.

منداڵێك هەمیشە کتێبە (ئەلفبێ) نوێکەی خۆی دەکردەوەو بەدایکی دەوت:

–ئەگەر باوکم بگەڕێتەوە، چیرۆکی بزنە ئازاکەو مام گورگی بۆ دەخوێنمەوە.

ژیان هێدی هێدی و بەباری قورسی چاوەڕوانییەوە بەردەوام بوو، مرۆڤ هەبوو لەنێو ژووره تاریك و شێدارەکاندا بەدوانیگای وێڵەوە دەمرد، هەبوو بەسەر شەقام و ناو کۆڵانەکاندا جەڵدە لێی دەداو دەمودەست دەمرد، هەبوو لەبرساو هەبوو لەخەم و مەراقدا دەمرد..

دارتاشەکان هەتا بێشکەو کورسییەکیان دروستدەکرد، سەد دانەو زیاتر تابووتیان دەفرۆشت.

لەیەکێك لەرۆژە خەماوییەکانی ئۆردوگاکەدا، درۆی عافوات بەخێرایی بڵاوبووەوە، دوابەدوای درۆکە هەردوو بەری شەقامەکە جمەی دەهات لەخەڵك، وەك مێروله ڕێچکەیان بەست و کەوتنەڕێ بۆ پێشوازیی، لەهەمووان پەرۆشتر سۆفی کەریمی پیرە پیاوی ریش چەرموو بوو، بەگۆچانێکەوە خێراخێرا هەنگاوی دەنا، دڵی پڕ پڕ بوو لەهیواو خۆشی، هیوای پێگەیشتنی کوڕو کچ و پیرێژنەکەی.

ئەو رۆژە جێی بەخۆی نەدەگرت و بەناو حەشاماتەکەدا دەهات و دەچوو، گوێی بۆ هەواڵ و قسەوباسی خەڵکەکە رادەگرت و بەردەوامیش چاوی رووەو باشوور لەسەر رێگاکە بوو.

دەمەو مەغریب، حەشاماتەکە دڵ شکست و نائومێد بڵاوەیان لێکردوو گەڕانەوە ماڵە ساردەکانی خۆیان، هەر بەتەنها سۆفی کەریم نەبێت بەسەر بەردێکەوەو رووەو قووڵایی شەقامەکە دەستەونەزەر دانیشتبوو ماندوو برسی، سیگاری بەسیگار پێدەکردو لەژێر لێوەوە دەیگوت:

–بەپێی خەوەکانم بێت لەتاریکی شەودا دەگەڕێنەوە..

ئیدی لەو شەوە زەنگەداو تاك و تەنیا تا دەمەو بەیان لەجێگەی خۆی نەبزواو سەرماش هەڵیدەلەرزاند.

رۆژێکی نوێ هات و کەس دەرنەکەوت، لەرۆژی دووەمی چاوەڕوانیکردنیدا خەڵك و خوای خێرەومەند زۆریان لەگەڵ وت تا چاوەڕوانییەکەی بشکێنێت و بگەڕێتەوە بۆ ناو ماڵەکەی خۆی، بەڵام ئەو ملی نەدەداو بەتوڕەییەوە پێی دەوتن:

–بەتەنها بڕۆمەوە ناو ماڵی چۆڵ و بێکەس چی بکەم، ئێرە بۆمن باشترە، هەر هیچ نەبێ سەبووریم بەو شنەبایە دێت کە لەباشوورەوە بۆنو بەرامەی ئەوانم بۆ دەهێنێت.

دوو شەووڕۆژ بەو حاڵەوە ئامادەنەبوو سەرەڕێگاکە جێبهێڵێت، تا لەبەرەبەیانی رۆژی سێیەمدا رێبوارەکان کەوتن بەسەر تەرمە وشك و رەقهەڵاتووەکەیدا.

مردو خەون و هیوای گەڕانەوەی کوڕو کچ و ژنەکەی نەهاتەدی.

بەزمانێکی شیرین و ئاسان بەوتارێکی مەلیح و زۆر جوان بڵێ (الله) خوامە.

دەپرسن پێغەمبەرت کێیە؟ بڵێ (محمد) درودی خوای لێبێت پێغەمبەرمە.

هـەروەها پرسـیارت لێدەکـەن لـەدینت لـەئیمانت؟ بڵـێ (ئیـسلام) دینمـەو (قورئـان) ئیمانمە.

پرسیارت لێدەکەن لەبرات لەخوشکەکانت؟ بڵـێ پیـاوانی موسـڵمان بـرامن ئافرەتـانی موسڵمان خوشکمن.

هەروەها پرسیار لەقیبلەت دەکەن؟ بڵـێ کەعبـە قیبلەمـە، شـەهادەت بـدە، بەڕاسـتی مردن حەقە، قەبر حەقە، زیندووبوونەوە حەقە، بەهەشت حەقەو، ئێستا هەیە، جەهەنـەم حەقەو ئێستا هەیە.

هەر بەدوای تەلقینەکەدا، مەلا رووی کردە خەڵکەکەو هاواری لێکردن:

–رەحمەتی خواتان لێبێت گەردنی ئـازاد بکـەن.. بـاخوای گـەورە رەحمـی پێبکـات و بیخاتە جەننەتەوە.

هەرهەموو کەوتنـە ورتـەورت، بەتـەنها پیرەمێردێـك نـەبێت، کـە بەنیگایـەکی قـووڵ و پڕقینەوە دەیڕوانییە گۆڕەکەی سۆفی کەریم و لەگەڵ مژی قووڵی سـیگارەکەی دەسـتیدا، ناخی خۆی پڕ لەدووکەڵ دەکردو لەوسەریشەوە خەم و تاڵاوێکی لەمێژینەی زەرد لەکونـە لووتە فشەکانییەوە بەتەوژم دەهاتـە دەرێ و سمێڵـە زلـە سپییەکەشـی زەرداوی مـەراقی لێدەچۆڕا.

کاتێـك خـەڵکی سـەر گۆڕسـتانەکە باڵتـەو بیڵـەکانیان دا بەشـانیانداو بەسـەرو ریـشی تۆزلێنیـشتووەوە دوا بـەدوای مەلاکـە رووەو ئۆردوگاکـە خلۆربوونـەوە. پیرەمێردەکـە بەتەکانی گەورە خۆی گەیاندە مەلاکەو لێی پرسی:

–مامۆسـتا مەلایکەتـەکانی خـوا، لـەناو گـۆڕدا بـەچ زمانێـك پرسـیار لەکەسـی مـردوو دەکەن؟

مەلاکە ئاوڕێکی سەیری لەپیرەمێردەکە دایـەوەو بـەدەم رێـوەو بەساردییەکەوە پێـی وت:

–بەلوغەی قورئان.

–ئەی ئەگەر مردوویەك عەرەبی نەزانێت؟

–ئەگەر ئەهلی جەنەت بێت، خوا قودرەتی ئەوەی دەداتێ کە بەلوغەیەکی عەرەبی فەسیح جواب بداتەوە.

بەهاناسە بڕێکوە، بەردەوام بەدوای مەلاکەدا هەنگاوی هەڵدەهێناو دیسانەوە پرسی:

–کەسی مردوو پاش وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، بۆی هەیە ئەویش پرسیار لەمەلائیکەتەکانی خوا بکات؟

مەلاکە هەر بەبیستنی ئەم قسانە، ناوچەوانی هێنایەوە یەك و بەتووڕەییەوە وەڵامی دایەوە:

–(ئەستەغفیروڵڵا)، کفر مەکە پیرەمێرد، مردوو چۆن سوئال دەکات، بەنی ئادەم تا ئەو ڕۆژەی لە (**دار الغناء**) دایە، بۆی هەیە سوئال بکات و بپرسێت، کە گەیشتە (دار الخلود) بۆی نییە تەنانەت نیو سوئالیش بکات.

–ئەی ئەگەر لە (**دار الغناء**)دا پرسیارەکەت وەڵامی نەبوو؟

مەلاکە تووڕەتر لەپێشوو هاواریکرد:

–ئەمە تۆ دەڵێی چی پیرەمێردی خەڵەفاو، ئاخر ئەوە چی سوئالێکە وەڵامی نییە، ئادەی بیڵێ؟

پیرەمێردەکە لەڕۆیشتن وەستاو، توند قۆڵی مەلاکەی گرتوو رووەو خۆی وەریگێڕاو چاوە کزەکانی برپییە نێوچاوی و بەهێمنییەوە پێی وت:

–سۆڤ کەریمی رەحمەتی هەتا دوا هەناسەشی دا، کەس نەبوو وەڵامی پرسیارەکەی بداتەوەو هەر بەو مەراقەشەوە مرد، دەمەوێت بزانم ئاخۆ ئێستا لەناو گۆڕەکەیدا دەتوانێت لەمەلائیکەتەکانی خوا بپرسێت.

لەحەژمەتاندا نەیتوانی قسەکانی تەواو بکات و لێوەکانی کەوتنە تەتەڵەو فرمێسك بەر چاوانی گرت.

مەلاکەش بەو دیمەنە خەمێکی قورس ئەوکی گرت و بەئەسپاییەوە پێی وت:

–بڵێ، سوئالەکە بڵێ؟

–ئەنفالەکان لەکوێن و کەی دەگەڕێنەوە ؟

# ئاراس فەتاح:
# لەعیراقدا پرۆژەی دەوڵەت و نەتەوە شکستی هێنا..

**بەشی یەکەم**



**دیداری: سەمەد ئەحمەد**

(کۆمەڵگەی دوای جەنگ) وەکو چەمکێکی سیاسیی سۆسیۆلۆژی چ مانایەکی هەیە؟ خەسڵەتە دیارەکانی کامانەن؟ ئایا بەکۆمەڵگەی ئێستای عیراقی دەتوانین بڵێین: کۆمەڵگەی دوای جەنگ..؟ چەمکی دەوڵەت و نەتەوە لەکۆمەڵگەی دوای جەنگدا چییان بەسەردێت؟ ئایا دەوڵەت نەتەوە دروست دەکات، یان بەپێچەوانەوە؟ چ جۆرە پەیوەندییەك لەنێوان دەوڵەت و نەتەوەدا هەیە؟ ئایاپەیوەندییەك لەنێوان بەهێزکردنی دەوڵەت و نەتەوەدا هەیە؟ ئایا بەهێزکردنی دەوڵەت پرۆژەیەکی مەدەنییە، بەعسیزم چەند لەنازیزم و فاشیزم و کۆمۆنیزم دەچێت؟ ئایا هەتا ئێستا لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە

تـوانراوه بەعـسیزم بناسـرێت؟ ئایـا کالفـامی نییـه ئەگـەر بەعـسیزم بەمێـژووی دوێنـێ دابنرێت؟ئایا جیاوازییەك هەیە لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی دەوڵەتدا؟

کێشەی دەسەڵاتی سیاسی لەناو سیستمی دیموکراسـی و تۆتالیتـاردا لەچیدایە؟ ئایـا هەڵەو تـاوانی سیاسـییەکان بەهەڵـەی سیـستم دەژمێردرێـت؟ کێـشەی بەکۆمەڵگـەبوون و دەسـەڵاتدارێتی لـەناو مۆدێرنـەدا چ جـۆرە کێـشەیەکە؟ چـەمکی کۆمەڵگـەی ناکـاو چـی دەبەخشێت؟ کورد چۆن دەتوانێت ببێت بەئەندام لەکۆمەڵگەی ئینتەرنێتدا؟

ئەمانــەو چــەندین پرسـیاری تـر پێویـستییان بـەگفتوگۆو موتـاڵا هەیـە.. ئێمـە بـۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئـەم تەوەرانـە، ئـەم دیـدارەمان لەگـەڵ نووسـەرو روونـاکبیر (ئـاراس فەتاح)دا سازکرد..

***قـەدەری ئێمـە وابـوو و وایـە کـە لـەوڵاتی عیـراق لـەدایک ببـین و گەورەبین، عیراقیش بەدرێژایی تەمەنی خۆی هەرگیز وڵاتێکـی ئاسایی نـەبووەو نییـە، لەسـەر ئاسـتی نـاوخۆو دەرەوەدا هەمیـشە لەجـەنگ و ململانێـدا بـووە.. ئێـستا کـە رژێمـی بـەعس رووخـاوەو بـاس لەدیموکراتیزەکردنی عیراق دەکرێت..**

**مـن دەپرسـم: ئایـا دەتـوانین بەئێـستای کۆمەڵگـەی عیراقـی بڵێـین کۆمەڵگـەی دوای جـەنگ؟ لەکاتێکـدا تـۆ لـەژمارە (١٦-١٧)ی گۆڤـاری (رەهەنـد)داو لەلێکۆڵینەوەیەکـدا کـە بەناونیـشانی (شوناس و ململانـێ لەکۆمەڵگـەی دوای جـەنگ)دا بڵاوتکردووەتـەوە، بـاس لەخەسـڵەتەکانی کۆمەڵگەی دوای جەنگ دەکەیت.؟**

-کۆمەڵگەی دوای جەنگ کۆمەڵگەیەکە کە هەڵگری چەندین خەسڵەتی سۆسـیۆلۆژی و سیاسیی جیاوازە، یەکێك لەدیارترین و گرنگترین خەسڵەتەکانی ئـەم کۆمەڵگەیـە بریتییـە لە هەڵوەشاندنەوەی جومگە جیاواز جیاوازەکانی کۆمەڵگە لەیەکتر. هەروەها خەسڵەتێکی تری کۆمەڵگەی دوای جەنگ بریتییە لەوەی کە جارێکی دی چەمکی دەوڵـەت و کۆمەڵگـە پێنـاس بکرێنـەوە، بەشـێوەیەك لەشـێوەکانی کۆمەڵگـەو دەوڵـەت جـارێکی تـرو لەسـەر بناغەیەکی تر بینابکرێتەوە.

بەمانایەکی دی، پێویستە لەکۆمەڵگەی دوای جەنگدا، کایەی سیاسەت و ئابووری و رۆشنبیری و پەروەردەیی و.. هتد، کاربکەن و رۆڵبگێڕن لەدووبارە بوونیادنانەوەی کۆمەڵگەدا.

جگە لەمانەی کە ئاماژەمان پێدا، خەسڵەتێکی تری کۆمەڵگەی دوای جەنگ بریتییە لەدووبارە دابەشبوونەوەی دەسەڵات، واتا گۆڕان لەچەمکی دەسەڵاتدا لەگروپی کۆنەوە بۆ گروپی نوێ، لەگروپی بچووکەوە بۆ گەورە، هەندێکجاریش بەپێچەوانەوە دەبێت بێتە کایەوە، ئەم هاتنە کایەیە لەوڵاتێك بۆ وڵاتێکی ترو لەکۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازی هەیە.

لە کۆمەڵگەی دوای جەنگدا هەمیشە دیاردەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی نوێ بەدیدەکەین، یەکێك لەو دیاردە گرنگانە بریتییە لەسەرهەڵدانی حزبی نوێ، یان سەرهەڵدانی گروپ و چالاکیی سیاسیی نوێ، لەهەمانکاتدا لەناوچوون و نەمانی هەندێ حزبیش بەدیدەکەین کە ساڵانێکی زۆرە هەن و لەکۆمەڵگەدا بەرچاون، هەروەها گۆڕانکاری لەچەمکی دەسەڵات و لەڕووبەری دەسەڵات و لەپەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا دروستدەبێت.

ئەمەی کە بەیانمانکرد، خەسڵەتە گشتییەکانی کۆمەڵگەی دوای جەنگ بوو، کە بێگومان ئێمە زۆر بەکورتی ئاماژەمان بەهەندێك لەخەسڵەتەکان کردو ئەم بابەتە قسەی زیاتریش هەڵدەگرێت.

***لەبەشێکی لێکۆڵینەوەی (شوناس و ململانێ لەکۆمەڵگەی دوای جەنگ)دا ئەوە دەخەیتەڕوو کە لەکۆمەڵگەی دوای جەنگدا گۆڕانێکی زۆر قووڵ بەسەر کۆی چەمک و ماناو نرخ و بەهاکاندا دێت، بەڵام مەرج نییە ئەو گۆڕانانە هەڵگری نرخ و بەهای نوێبن، بەمانای گەورەبوونەوەی کایەکانی چەمکی ئازادی..**

**من دەپرسم: ئەمە چ گۆڕانێکە بەسەر کۆمەڵگەی دوای جەنگدادێت کە چەمک و ماناو نرخ و بەهای نوێ لەگەڵ خۆیدا نەهێنێت؟**

–چەمکی گۆڕان تەنها هەڵگری مانای پۆزەتیڤ نییە، کاتێك لەڕووی سیاسی، یان سۆسیۆلۆژییەوە باسی گۆڕانکاریی دەکەین، مەبەستمان لەو گۆڕانکارییانەیە کە

لەپەیوەندییەکان و بنەماکانی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دروست دەبێت. جگە لەمەش، ئەمە پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە ئێمە لەچ گۆشەنیگایەکەوە تەماشای گۆڕانکاریی دەکەین، چونکە دەبێت بزانین کە هەندێ گۆڕانکاریی دەشێ پۆزەتیڤ بێت، یان لەدیدگایەکەوە تەماشای ئەو گۆڕانکارییە دەکرێت کە وادەبینرێت گۆڕانێکی پۆزەتیڤە، هەندێکجاریش دەشێ گۆڕانەکە نەگەتیڤ بێت..

ئەمە سەبارەت بەچەمکی گۆڕان، بەڵام ئەگەر باس لەچەندێتی گۆڕان بکەین لەناو بەهاکانی کۆمەڵگەدا، ئەوا دەبێت قسە لەسەر ئەو گۆڕانکارییانە بکەین کە حزبی نوێ لەکۆمەڵگەی دوای جەنگدا لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت و لە کۆمەڵگادا دروستیدەکات.. چونکە لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا کاتێك جەنگ کۆتایی پێدێت، قۆناغێك دێتە ئاراوە کە دووبارە خەریکی دروستکردنەوەی جومگە دابڕاوەکانی تر دەبێت لەکۆمەڵگەدا دەسەڵاتێکی سیاسی نوێ دروست دەبێت، بێگومان ئەم دەسەڵاتە سیاسییە، بەپێویست هەڵگری چەمگ و بەهاو نرخ و چەشنێك لەبیناسازیی و گوتاری تر دەبێت لەکۆمەڵگەدا..

بۆچی گۆڕان هەمیشە پۆزەتیڤ نییە؟ ئەمە پرسیارێکی رەوایەو پێویستی بەوەڵامدانەوە هەیە.. ئێمە هەوڵدەدەین بەخستنەڕووی دوو نموونەی جیاواز وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە.

ئەزموونی بوسنێ و هەرسك– هەرزەگۆڤینۆ.

دەکرێت ئەم وڵاتە وەك کۆمەڵگەی دوای جەنگ ناو ببەین کە گۆڕانی نەوعی و پۆزەتیڤی بەخۆیەوە بینی..

خەسڵەتێك کە دەبوو پێشتر ئاماژەم پێبکردایە ئەوەیە کەهەموو کۆمەڵگەیەکی دوای جەنگ پێویستی بەکۆمەك و یارمەتیی هەمەلایەن هەیە بۆ هەستانەوەو لەسەر پێی خۆ راوەستان، چونکە کۆمەڵگەی دوای جەنگ خۆی بەتەنها توانای خۆدروستکردنەوەی نییە.

لەبەرئەنجامی کۆمەك و یارمەتی بۆ کۆمەڵگەی دوای جەنگ، هێدی هێدی سیستمێك دروستدەبێت کە جارێکی تر جومگە ئیتنی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان پێکەوە دەبەستێتەوە.

ئەو کۆمەکەی کە هێزەکانی ناتۆ پێشکەشی ئەم وڵاتەیانکرد، بووە مایەی ئەوەی کە ئەم کۆمەڵگەیە بەشێوەیەکی باش خۆی بینابکاتەوە، بەڵام لەبەرامبەر ئەم نموونەیەدا،

ئەزموونێکی تریش هەیە کە تەواو جیاوازە لەئـەزموونی بۆسـنیٔ و هـەرزەگۆڤینۆ، ئـەویش ئەزموونی سۆماڵە.

دوای ئـەوەی کـە هێـزە نێودەوڵەتییـەکان سـۆماڵیان بەجێهێـشت، ئـیتر ئـەو وڵاتـە هەربەجاریٔ بەرەو وێرانی و کاولکاریی و کارەساتی مرۆیی ڕۆیشت، کەوتە نـاو کارەسـاتی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، هەتا ئێستا سۆماڵ ئەگەرچی بەڕواڵەت دەوڵەتە، بەڵام هـەموو جومگـەکانی لەیـەك دابـڕاون و تووشـی شـەلەل بـوون، لەسـۆماڵدا لـەجیاتی دامـەزراوە، چەندین دەستەو گرووپی ئەتنی و ئایینی و تایفی کاروبار بەڕێوەدەبەن.

بەکورتی دەڵێم، کۆمەڵگەی دوای جەنگ هەمیشە هەڵگری خەسڵەتی پـۆزەتیڤ نییـەو نەبووە.

***ئەگـەر ئێـستای عیـراق بەنموونـە بهێنینـەوەو بڵێـین: عیـراق وەک کۆمەڵگەیەکی دوای جەنگ، مۆدێلی سیاسی و سیـستمی حوکمڕانییەکەی زیاتر لەئەزموونی بۆسنیٔ و هەرزەگۆڤینۆ دەچێت، یان لەمۆدێلی سۆماڵ[٧]؟**

—بەبڕاوای مـن لەهیـچیان ناچـێت، کۆمەڵگـەی ئێستای عـیراق، تایبەتمەنـدێتی خـۆی هەیە، هەروەکو چـۆن لەسـەردەمی بەعـسدا، عـیراق تایبەتمەنـدێتی سیاسـی و یاسـایی و دەوڵەتی و کۆمەڵایەتی هەبوو، کە بەبڕوای من لەچـەمکی بەعـسیزمدا خـۆی دەبینییـەوە، ئاوهاش لەئێستای عیراقی دوای بەعسیـشدا تایبەتمەندێتییـەکی ترمـان هەیـە کـە ناکرێـت بیچوێنین بە بۆسنیٔ و سۆماڵ و ئەفغانستان..

دەمـەوێت زیـاتر مەبەسـتم روونبکەمـەوەو بڵـێم: ئەگـەر ئـەزموونی ئێـستای عـیراق بەراوردبکـەین لەگـەڵ بەئـەزموونی هەریـەك لەبۆسـنیٔ و سـۆماڵ و ئەفغانـستان، رەنگـە لەهەندێك هێڵی گشتیدا خـاڵی هاوبـەش و لەیەکچوو هـەبێت لەنێوانیانـدا، بەتایبـەت لـەو خاڵەی کە هەموو ئەو کۆمەڵگانە بەعیراقیشەوە پێویستی بەیارمەتی و کۆمـەکی دەرەکـی هەیە بـۆ دووبـارە بوونیادنانـەوەو هەسـتانەوە، بۆئـەوەی جـارێکی تـر چـەمکی نەتـەوەو دەوڵەت دابڕێژنەوەو کاریان لەسەر بکرێن، بۆ نموونە دەستووری نویٔ بـۆ وڵات دابنرێـت و زۆر کاری تر.

ئایـا کۆمەڵگـەی ئێـستای عـیراق دەتـوانین بەکۆمەڵگـەی دوای جـەنگ دابنـێین؟ مـن بەگومانم لەمەدا، چونکە راستە ئێـستا جـەنگی خـەڵکی عـیراق لەگـەڵ سیـستمی بەعـسدا

نەماوە، بەڵام لەڕووی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی دروستکردنەوەی دەوڵەت و نەتەوە لەعیراقدا جەنگێکی بەیان نەکراو لەئارادایە..

بەکورتی ، کۆمەڵگەی ئێستای عیراق دەشێت تێکەڵێك بێت لەقۆناغی دوای جەنگ، بەمانای کۆتایی هێنان بەسیستمێکی سیاسیی دیاریکراو، یان لەقۆناغی جەنگێکی نادیاردا خۆی دەبینێتەوە، نادیار بەمانای ئەوەی کە هێزە تیرۆریستییەکان دەیانەوێت عیراق بەرەو کوێ ببەن، یان جەنگی تایفی و مەزهەبی و ئەتنیە جیاوازەکان، عیراق بەرەو کوێ دەبات، ئەگەرچی ستراتیژی ئەم هێزانە لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هێشتا زۆر روون نییە، بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە ئەم هێزانە عیراق و کۆمەڵگەکەی بەرەو داهێزرانی زیاتری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبەن.

بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا، دەکرێت باس لەوە بکەین کە پرۆسەیەکی کەم تا زۆر سەرکەوتوو لەنووسینەوەی دەستووردا لەعیراقدا بەڕێوەچووە، کە ئەمە ئەگەر وەکو تێکست تەماشای بکەین دەبینین لەکۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامییەکاندا، پرۆسەیەکی نوێیەو تاڕادەیەك سەرکەوتووە، کە دەشێت بکرێت بەمۆدێلێك لەدنیای کۆمەڵگەی دوای جەنگی وڵاتانی جیهانی سێیەم..

***لەبەشێکی تری لێکۆڵینەوەی (شوناس و ململانێ لەکۆمەڵگەی دوای جەنگ)دا قسە لەسەر ئەوە دەکەیت کە دەوڵەت نەتەوە دروست دەکات، نەک بەپێچەوانەوە. لەکاتێکدا هەموو دەزانین کە مێژوو و چەمکی نەتەوە زۆر کۆنترە لەمێژوو و چەمکی دەوڵەت..**

**من دەپرسم: تۆ چۆن راستی ئەم بۆچوونەت دەسەلمێنیت؟**

-چەمکی نەتەوە بەمانا سیاسییەکەی چەمکێکی تازەیە، لەگەڵ مۆدێرنەدا سەریهەڵداوە، هاوزەمانە لەگەڵ چەمکی هاووڵاتیبووندا، لەسەر دروستبوونی ئینتیمایەك بۆ دەوڵەتێکی دیاریکراو، دەستوورێکی دیاریکراو سەرهەڵدەدات، هەروەها لەسەر دروستبوونی ناوکۆییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات.

بەکورتی بڵێین: چەندین هۆکاری جیاجیا هەیە بۆ دروستبوونی چەمکی نەتەوە بەمانا سیاسییەکەی، لێرەشەوە دەوڵەتی نەتەوەیی دروست دەبێت، کە پێشتر ئەمە نەبوو،

بەڵکو ئیمپراتۆرییەت هەبوو، ئیمپراتۆرییەتەکان هیچ کاتێك وەکو دەوڵەتی نەتەوەیی نەبوون بەو مانا سیاسی و ئایدیۆلۆژییەی کە لەسەردەمی مۆدێرنەدا سەریان هەڵدا.

بەمانایەکی دی، هەموو ئەو کۆمەڵگایانە هێندەی پێکهاتی لۆکاڵی و ئەتنی بچووك بچووك و ئاینی و ئاینزایی بووە، هێندە پێکهاتی نەتەوەیی نەبووە.

لەکوردستانیشدا ئەمە هەروایە، چونکە چەمکی نەتەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی پرۆسەی بەسیاسییبوون و بەکۆمەڵگەبوون سەرهەڵدەدات، هەروەها لەگەڵ دەزگایەکی مۆدێرنی وەك حزبدا لەکوردستاندا چەمکی نەتەوە سەرهەڵدەدات و دەخەملێت و پێدەگات.

لەپێش ئەمە، واتە لەپێش سەرهەڵدانی چەمکی نەتەوە بەمانا سیاسییە مۆدێرنەکەی، بابایەکی خۆشناوەتی، تەنها خۆی بەخەڵکی خۆشناوەتی دەزانێ و بەس.

بەڵام لەدوای دروستبوون و پێگەیاندن و گەشەکردنی چەمکی نەتەوەدا، ئیدی ئینتیماو لایەنگری زیاتر بۆ نەتەوە دروست دەبێت وەك لەناوچەو ئەتنی جیاوازو مەزهەب و تایفی بچووك، بەمانایەکی دی چەمکی نەتەوە لەدوای گەشەکردن و خەملینی لەکۆمەڵدا، هەموو ئەو پێکهاتە بچووکانە لەدەوری خۆی کۆدەکاتەوە، یان لەناو خۆیدا دەیانتوێنێتەوە، کە دیارە ئەمە پێویستی بەدەسەڵاتێکی سیاسی و دامودەزگای تایبەتی و دەوڵەت هەیە، بەبێ ئەمانە، ناکرێت و ناتوانین باس لەنەتەوە بکەین بەمانا سیاسییە مۆدێرنەکەی، بەبێ رادیۆو تەلەفزیۆن، بەبێ باشکردنی رێگەوبان، بەبێ هەبوونی دامودەزگای گەیاندن و پۆست، بەبێ قوتابخانەو ئاڵاو تەجنیدی ئیجباری، (کە لەدوای شۆڕشی فەرەنساوە هاتەکایەوە) ناتوانین باس لەنەتەوە بکەین بەمانا تازەکەی.

تەجنیدی ئیجباری وایکرد کە هاووڵاتیان لەجیاتی ئەوەی ئینتیمایان بۆ ئیمپراتۆرێکی تاك رەوهەبێت، ئینتمایان بۆ ئالایەك، بۆ جوگرافیایەك هەبێت، کە خۆی لەدەوڵەتدا دەبینێتەوە.

بۆیە دەبینین لەگەڵ سەرهەڵدانی دەڵەتی نەتەوەییدا، چەمکی نەتەوە جارێکی دی بەمانا سیاسییە مۆدێرنەکەی دەنووسرێتەوە، نەك بەمانا ئەنسرۆپۆلۆژییەکەی.

***ئایا نەتەوە ناسیۆنالیزم دروستدەکات، یان ناسیۆنالیزم نەتەوەپەرستی دروسدەکات؟**

–پەیوەندیی نەتەوە ناسیۆنالیزم پەیوەندییەکی ئۆرگانییە، دەتوانین بڵێین کە ناسیۆنالیزم نەتەوە وێنادەکات، ناسیۆنالیزم پێماندەڵێت: نەتەوە چ وێناو رەنگ و پێکهات و ئاراستەیەکی هەیە.

***ناسیۆنالیزم وزەو توانا لەکوێوە بەدەستدەهێنێت؟**

–بەبڕوای من سەرچاوەی وزەی ناسیۆنالیزم هێزی کۆمەڵایەتییە، کە مۆدێرنە لەدنیای رۆژئاوادا هەڵگری بووەو دواجارش دەوڵەتی نەتەوەیی دروستبووە، دەوڵەتی نەتەوەیی لەساتێك لەساتەکاندا دەبێتە پرۆژەیەکی جیهانی، پرۆژەیەك کە پەیامێکی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووەو دەڵێت: هەموو نەتەوەیەك شایستەی ئەوەیە کە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی بێت.

کوردیش وەکو نەتەوەیەکی بێدەوڵەت لەداکۆکیکردنیدا بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی، پشت بەم چەمکە دەبەستێت، وەکو چۆن هەموو نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکانی تری دنیا پشتیان پێبەستووە.

بەڵام دەبێت بزانین کە لەسەردەمی جیهانگیریدا چەمکی ناسیۆنالیزم و نەتەوەو دەوڵەت، لەڕووی پێکهاتەو وەزیفەو بونیادەوە گۆڕانکاریی گەورەیان بەسەردا دێت. لەسەردەمی جیهانگیریدا، دەوڵەتی نەتەوەیی چیدی ئەو هێزو قودرەت و توانایەی کە پێش سێ سەدساڵ هەبوو، نایمێنێت.

***دەتوانین بڵێین: بەهێزکردنی دەوڵەت پرۆژەیەکی مەدەنییە؟**

–وەڵامی ئەم پرسیارە دەکەوێتە سەرئەوەی کە ئایا چۆن تەماشای پرۆژەی مەدەنی دەکەین؟ ئەگەر بەهێزکردنی دەوڵەت لەسەر بنەمای دروستکردنی پەیوەندییەکی ئۆرگانی تەندروست بێت لەکۆمەڵگەدا، دەتوانین بڵێین: بەهێزکردنی دەوڵەت پرۆژەیەکی مەدەنییە، بەڵام ئەگەر بەهێزکردنی دەوڵەت لەسەر حسابی کۆمەڵگە بێت، ئەوا پرۆژەیەکی دیکتاتۆریانەیە کە ئەزموونی زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهانی سێیەم بەم شێوەیەن، کە هەمیشە هێزی دەوڵەت لەڕووی بیرۆکراتی و عەسکەری و ئاسایشەوە هێندە مەزن و قەبەیە کە دەتوانێت لەهەموو چرکەساتێکدا کۆمەڵگە کۆنترۆڵ و داگیربکات، یان فۆرمی پێببەخشێت و بەو ئاراستەیەدا بیبات کە خۆی دەیەوێت، وەکو چۆن ئێمە بەکردەوە ئەمەمان لەئەزموونی بەعسیزمدا بینی کە لەسەر پرەنسیپی کۆنترۆڵ

و دسپلین داگیرکردنی کۆمەڵگە زۆر بەچڕی کاری دەکرد، دەوڵەتی نەتەوەیی تۆتالیتار بریتییە لەکۆنترۆڵکردنی ڕەهای شوێن و زەمەنی مرۆڤ لەوڵاتدا. بەڵام دەشێت بەهێزکردنی دەوڵەت پرۆژەیەکی مەدەنیش بێت، ئەگەر هاتوو پەیوەندی نێوان کۆمەڵگەو دەوڵەت پەیوەندییەکی تەواوکارییانەی تەندروست بێت.

***تۆ لەبەشێکی تری بابەتی (شوناسی و ململانێ لەکۆمەڵگەی دوای جەنگ)دا دەڵێیت: لەعیراقدا پرۆژەی دەوڵەت و نەتەوە فەشەلی هێنا، من دەپرسم: بۆچی؟**

–هۆکاری فەشەلهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی لەعیراق دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی، کە لەسەر پرەنسیپێکی دیاریکراو ئیشیکرد، کە تەعبیرنەبوو لەسەر هەمەڕەنگی و هەمە نەتەوەیی و هەمە ئیتنی و مەزهەبییەی کە لەعیراقدا هەیە، واتا دەسەڵاتداران و دامەزرێنەرانی دەوڵەتی عیراق گوێیان بەو پلۆرالیزمە نەدا کە لەئەوسای عیراقدا هەبوو.

جگە لە خاڵێکی تر گرنگە لەم مەسەلەیەدا ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە پرۆژەی دەوڵەت لەعیراقدا، لەسەرەتای دروستبوونییەوە تاکو ئێستا، پرۆژەیەك بووە لەسەر بەهێزکردنی چەمکی دەوڵەت بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە ئیشی کردووە، بەمانایەکی دی ئەوەندەی دەوڵەت لەخەمی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەدا بووە، ئەوەندە لەخەمی بەدیهێنانی خواستە نەتەوەیی و ئەتنە جیاوازەکاندا نەبووە.

نەك هەر ئەمە، لەمەش ئەستەمتر ئەوە کە کاتێك (مەلیك فەیسەڵ) باسی پێکهاتە جیاوازەکانی عیراقی ئەو سەردەمە دەکات، دەڵێت: ئەمانە چەندین پێکهاتی جیاواز جیاوازن، هەتاکو ئێستا هەڵگری چەمکی گەل نین، بۆیە دەوڵەت دەیەوێت لەم پێکهاتانە نەتەوە دروست بکات، کە ئەمە چەندە کارێکی مەحاڵە، لەوە زیاتر دژوارو تەنانەت تاوانیشە.بۆیە بێ دوودڵی دەتوانین بڵێین، پرۆژەی دەوڵەت و نەتەوە لەعیراقدا فەشەلی هێنا.

***ئەگەر ئەمە خاڵی سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عیراقی بێت و سیاسەتی دەسەڵاتدارە یەک لەدوای یەکەکانی عیراقیش تەنها کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە بوو بێت، ئایا لەئێستادا دەرەتانێک ماوەتەوە**

**بۆئەوەی نەتەوەو ئیتن و مەزهەبە جیاوازەکانی عیراق پێکەوە هەڵبکەن و بژین؟**

–دەرەتانی پێکەوەژیان دەمێنێت هەتا ئەو کاتەی خواستی سیاسی هەبێت، بەمانایەکی دی خواستە سیاسییەکانی هێزو لایەن و حزبەکانی ناو عیراق لەلایەك و کاریگەری سیاسەتی وڵاتانی ئیقلیم لەلایەکی ترەوە، رۆڵی سەرەکییان هەیە لەوەی پێکهاتە جیاجیاکانی ئێستای عیراق پێکەوە هەڵدەکەن و دەژین، یان نا، جگە لەمانە خواستی کۆمەڵایەتیش بۆ پێکەوە ژیان خاڵێکی زۆر جەوهەرییەو دەبێت لەپێش هەر فاکتەرێکی ترەوە لەبەرچاو بگیرێت.

ئەگەر نووسینەوەی دەستووری عیراقی، وەکو بەشێك لەدورستکردنەوەی دەوڵەتی عیراقی تەمەشا بکەین، یان وەك دووبارە پێناسەکردنەوەی چەمکی نەتەوە تەماشا بکەین، دەتوانین بڵێین: ئەمە سەرەتایەکی باشە بۆئەوەی دەرفەتێك دروستبکرێت و لەسەر بناغەی ئەم دەستوورە گشتییە نەتەوەو مەزهەبە جیاوازەکانی عیراق پێکەوە بژین، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە کە ئەمە پەکی لەسەر ئیرادەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکەوێت.

لەپەراوێزی ئەم قسانەمدا دەمەوێت بڵێم: ئەگەرچی ئێستا لەعیراقدا فەوزایەکی سیاسی و مەزهەبی و ناوچەیی لەئارادایە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا عیراق ماڵئاوایی لەوەکرد کە تەنها یەك حزب، یەك دەسەڵات، یەك ئیتنی، یەك ئایینزا بتوانێت حوکم بکات.. بۆیە ئێستا هیچ دەرفەتێك لەبەردەم پێکهاتەکانی عیراقدا نەماوەتەوە جگە لەقبووڵکردنی یەکتری، جگە لەدروستکردنی تەبایی سیاسی لەسەر بناغەی دەستوورێکی نوێ، کە ماف و ئەرکەکانی کۆمەڵگەو دەسەڵاتداران بەشێوەیەکی دروست تیایدا خرابێتەڕوو و کاری لەسەر بکرێت.. کاتێك ئەمە دەڵێم ناتوانم رەخنەکانم لەسەر دەستووری عیراق بشارمەوە، بەڵام لێرەدا دەرفەتم نییە بۆ خستنەڕوویان..

***بەڕای تۆ دەستووری ئێستای عیراق ئەوەندەی تەعبیربوو لەخواستی حزبی و لایەنە سیاسییەکانی عیراق، ئەوەندەش تەعبیربوو لەخواستی نەتەوەو ئەتنی و مەزهەبە جیاوازەکانی عیراق؟ بەمانایەکی دی دەستوور**

**ئـەو چـەترەیە کـە هـەموو پێکهاتـەکانی کۆمەڵگـەی عیـراق لەژێریـدا کۆببێتەوەو بەبێ کێشە پێکەوە بتوانن هەڵبکەن و بژین؟**

–دەستوور بناغەیە بۆ پێکەوە ژیان، بـەبێ دەسـتوور مەحاڵـە بتـوانین بەشـێوەیەکی دروسـت بـاس لەدەوڵـەت و رێکخـستنی سیـستمی سیاسـی و پێکـەوەژیان بکـەین، واتـا دەستوور ئەو عەقدە سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە دەشێت نەتەوەیەك، یـان دەوڵـەتێك کـە پێکهاتبێـت لەچـەندین نەتـەوەی جیـاواز، لەسـەری رێکبکـەون و لەسـەر بناغـەی ئـەو دەستوورە پێکەوەبژین..

بەڵام لێرەدا پرسیارێك رەوایـە بکرێت ئەوەیـە کـە: ئایـا لـەواقیعی سیاسـیی ئێمـەدا چەندە دەتوانرێت دەستوور وەك دانراوە تەرجەمە بکرێت بۆ واقیع؟

بێگومان ئەمەش هەر پەیوەستە بەئیرادەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، چونکە بـەبێ ئـەم ئیرادەیـە، دەسـتوور وەك دەقێـك بـوونی دەبێـت، بـەڵام کاریگـەری بەسـەر کۆمەڵگـەوە نابێت..

لێرەدا بەپێویستی دەزانم کە ئاماژە بەمەسەلەیەکی تر بکەم کە پەیوەستە بەپێکـەوە ژیان و هەڵکردن لەگەڵ یەکدا، ئەویش بەهێزکردنی دامودەزگاکانی کۆمەڵگـەی مەدەنییـە، چـونکە بـەبێ بـەهێزکردنی دامودەزگاکـانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی، مەحاڵـە بتـوانین بـاس لەپێکەوە ژیان و یەکدی قبووڵکردن بکەین.

دەبێـت بـاش بـزانین کـە رێگەخۆشـکردن بـۆ پێکـەوەژیان لەکۆمەڵگـەدا تـەنها کـاری دەوڵەت و حکومەت نییە کە لەسەرەوە نەتەوەکان و ئیتنییـەکان و مەزهەبـەکان پێکـەوە ببەستێتەوەو تەواو، نەخێر لەگەڵ ئەمەدا پێکەوە ژیان هەمیشە پەکی لەسەر دامەزرانـدن و بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەوێت. کارکردن بەپێچەوانەی ئەمـەوە زۆر جێگـەی مەترسـی دەبێـت. واتـا ئەگـەر وابـزانین کـە پێکـەوە ژیـانی کۆمەڵگـە تـەنها پەیوەسـتە بەفەرمانەکانی دەوڵەت و حکومەتەوە، ئـەوا دەبێت چاوەڕێ بـین کـە هـەمان ئـەزموونی عیراقی رابردوو لەئێستادا دووبارە ببێتەوە، چونکە دەسـەڵاتدارە یـەك لـەدوای یەکـەکانی عیراق تەنها لەسەر ئەم میکانیزمە کاریان کردووە، واتا فەرمانیان لەسەرەوە بۆ خـوارەوە دەرکـردووەو گوێیـان بـەهیچ مەسـەلەو تایبەتمەندییـەکی تـر نـەداوە.. بـەڵام لەئێـستادا پێویـستە بەپێـچەوانەی ئەمـە کاربکرێـت، واتـا لـەخوارەوە بـۆ سـەرەوە کاربکرێـت،

بەمانایـەکی دی ئیـشکردن لـەناو بـەهێزکردنی کۆمەڵگـەی مەدەنیـدا، لەدروسـتکردنی دایەلۆگدا، فاکتەرێکی بەهێزو پێویست و کاریگەرە بۆ پێکـەوە ژیـانی نەتـەوەکان لەگـەڵ یەکدا..

بەداخەوە هەتا ئێستا دایـەلۆگێکی جدی لـەناو رۆشـنبیرانی کـوردو عـەرەب و ئیتنـە جیاوازەکاندا نەکراوە کە کاریگەری هەبێت لەسەر پێکەوەژیان و یەکـدی قبـووڵکردن، کـە ئەمە هێمایەکی خراپە بۆ ئێستاو ئایندەی کۆمەڵگەی عیراق..

لەسەر مەسەلەی دەوڵەت و نەتەوەو دەرەتانێك بۆ پێکەوە ژیـان لەعیراقـدا دەمـەوێت قسەکانم چڕبکەمەوەو بڵێم: بۆیـە پـرۆژەی دەوڵـەت و نەتـەوە لەعیراقـدا فەشـەلی هێنـا، چـونکە هـەر لەسـەرەتاوە لەسـەر بناغەیـەکی ئیـتنی کـارکرا، پاشـان ئـایینزایی بـەمانا سونییەکەی. کاتێکیش دەسەڵات لـەناو سیـستمی بەعـسیزمدا سـەقامگیردەبێت، دەبێتـە دەسەڵاتێکی لۆکاڵی، پاشتریش دەبێتە دەسەڵاتێکی خێزانـی، ئینجا دەسـەڵاتێکی تاکە کەسـی.. واتـا بەشـێوەیەکی ترسـناك چەشـنێك لەگەورەبوونـەوەی دەسـەڵات لەعیراقـدا بەدیدەکەین لەپرۆسـەی دروسـتکردنی دەوڵـەت و نەتـەوەدا کـە لەسـەر دەسـتی (سـەدام حسێن) کۆدەبێتەوەو دواجاریش هەر لەسەر دەستی ئەو کۆتایی پێدێت لەعیراقدا.

ئەگەر ئەمە جارێکی تر تەرجەمە بکەینەوە بۆ واقیعی خۆمان و بڵێین: چۆن دەتـوانین لەسـەر بناغـەی دەسـتوورێکی نـوێ پێکـەوە بـژین؟ مـن دەڵـێم: مەحاڵـە بتـوانین بـاس لەپێکەوە ژیانێکی مەدەنیانە بکەن، بەبێ ئیشکردن لەسەر ئەوەی:

١.چەمکی دەوڵـەت و نەتـەوە لـەماناو ناوەڕۆکـە ئیتنییەکـەی دەربکـەین. کـە پێـشتر عەرەبی بوو..

٢.نابێت ئەم دوو چەمکە پێناسەیەکی رەگەزی و مەزهەبی هەبێت..

٣.چـەمکی نیـشتمان پـەروەرێتی پەیوەسـت نـەکرێت بەتـەنها نەتەوەیەکـەوە، بـەڵکو پەیوەسـت بکرێـت بەدەسـتوورێکەوە، واتـا لەسـەر بنـەمای هـاو نیـشتمانییەتییەکی دەستووری بتوانین پێکەوە بژین ئەگەر ئینتیمای مرۆڤێکی کـورد بـۆ دەسـتووری عیراقـی گەورە بکرێتەوە، ئەوا دەکرێت و دەتوانین باس لەشوناسێکی تازەی عیراقیبوون بکـەین، بـەڵام ئەگـەر ئـەم میکانیزمـە کـاری لەسـەر نـەکرێت و دەوڵـەت نەبێـتە هۆکارێـك بـۆ گەشەسەندنی تاکەکانی کۆمەڵگە، مەحاڵە بتوانین بەبێ کێشە پێکەوە بژین.

**ئەدەبیاتی ئیتالْیا**
حەمەکەریم عارف

**پەیوەندی شاعیر بەکەلەپوور**
عەبدولموتەلیب عەبدوللاّ

**چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ئەدۆنیس**
هوشیار شێخ ئەنوەر



# وەرگێڕان

**مێژووی ئەدەبی ماد**
مێهرداد رامیدی نیا

**زەنگیانە**
تۆفیق عەبدول

**بەشی دووەم**

# ئەدەبیاتی ئیتاڵیا
# لەسەدەی حەڤدەوە تا سەدەی بیستەم

نووسینی: باکنر ب – تراویك

وەرگێڕانی لەفاراسییەوە: حەمەکەریم عارف

## سەرەتایەکی مێژوویی:

تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمیش، لەڕووی سیاسییەوە، میللەتێك نەبووە بەناوی ئیتاڵیاوە، ئەم نیمچە دورگەیە ببوو بەشەڕگەو مەیدانی شەڕی ئیسپانیا، نەمسا، فەرەنساو پاپاو زۆربەی خاکی ئەم مەرزوبوومە لەسەرانسەری سەدەی حەڤدەو هەژدەیەمدا لەژێر رکێف و دەسەڵاتی بێگانەدابوو، رابوونی دژە ریفۆرمی کاتۆلیکی[1] و یاوەرانی یەسوع، نەیارانی سەرسەختی ئازادیی بیربوون و هێزی نوێ دەرفەت و توانای گەشەکردنی نەبوو.

لەسەدەی نۆزدەیەمدا نیشتمانپەروەرانی وەکو ماتسینی[2]، کافور[3]، و گاریبالدی[4]، دەستیاندایە خەباتی دلێرانەی (ریسور جیمنتۆ[5])، تا ناوچە جیاوازەکانی وڵات و گروپە سیاسییەکان یەکبخەن و نیری بێگانە لەملی خۆیان داماڵن، ئیمپراتۆری ئیتاڵیا لەساڵی ١٨٦١دا رەسمییەتی خۆی راگەیاندو ئەنجام لەساڵی ١٨٧٠دا کاتێك فەرەنساو پروسیا گیرۆدەی شەڕ بوون، ڤیکتۆر ئەمانوئێل بەرەو رۆم دەستی بەپێشڕەویی کرد، هێزە فەرەنسەوییەکانی پاپ–ی شکاندو بەناوی پاشای ئیتاڵیای یەکگرتوو جڵەوی کاروباری گرتەدەست، لەو زەمانە بەدواوەو تا ساڵی ١٩٣٩ ئیتاڵیا بەرەبەرە بوو بەهێزو دەسەڵاتێکی جیهانی، ئەم وڵاتە لەساڵی ١٩١٦دا لەگەڵ هاوپەیماناندا چووە جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، لەساڵی ١٩٢٠دا بینتۆموسولینی و حزبەکەی (حزبی فاشیست) ئیتاڵیای کۆنترۆڵکرد، قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتەکەی فراوانکردو هێزی سوپایی وڵاتی زیادکرد، ئیتاڵیا لەساڵی ١٩٤٠دا گیرۆدەی جەنگی دووەمی جیهانی بوو، بەڵام ئەمجارەیان لەبەرەی دژی فەرەنساو بەریتانیادا بوو.

## نۆڕینێکی گشتی:

ئەدەبیاتی ئیتاڵیای سەدەی حەڤدەیەم ئەوەندە شایستەی باس و لێکۆڵینـەوە نییـە، شیعری ئەم قۆناغە بەزۆری شیعری دەستکرد و بێگیان و سست و خاوە، شاعیران یەکجار زۆر پەنا وەبەر توانجپۆشی و سنعەتی جوانکاری دەبەن، بەناوبانگترین نوێنەری شاعیران جوڤانی باتیستامارینۆ[٦]یـە، کـە وشـەبازی و درێژدادڕییـەکانی بـووە بـەپێوەرو پێوانـەی هونەری سەدەی حەڤدەیەم و پەیڕەوانێکی زۆریشی هەیە، لەمەیدانی شانۆنامەنووسـیدا، کۆمیـدیای دل ئارتـەئا وەکـو خـۆی دەمێنێتـەوە، بـەڵام لـەڕووی ئەدەبییـەوە بایـەخێکی ئەوتۆی نابێت، کومیدیای شوانکارەیی دەبێت بـەکارێکی تەقلیـدی و قـەراردادی مـردووی بێناوەرۆك و تراجیـدیاش بڕسـتی لەبـەر دەبڕێـت و دەرفـەتی گەشـەکردنی نابێـت، تـەنیا جوڤانی باتیستا ئاندرئینی[٧]، تراجیدیایەکی هەندێك باش بەناوی (ئادامۆ) دەنووسێت کە پاشان کار لە (میلتن) دەکات.

سەدەی هەژدەیەم کۆمەڵێك پێشکەوتن لەگـەڵ خۆیـدا دەهێنێـت، ئـەدەبیاتی بێـزارو بێتاقەت لەبەرهەمی کاڵ و کرچی قۆناغی پێشوو، دەکەونـە گـەڕان بـەدووی سەرچـاوەێن ئیلـهام و سەرمەشـق و نموونـەێن تـازەدا، رووەدەکەنـە بەرهـەمی کلاسـیك و نووسـەرانی فەڕەنساوی، گولـدونی[٨] دەبێـت بەپێشـەنگ و ئـاڵای نەوکلاسـیزم هەڵـدەگرێت، ئـالفیری گەلێك ریفۆرمی گرنگ لەمەیدانی شانۆنامەدا ئەنجامدەدات.

رۆمانسیزم، کـە لەدەوروبـەری سـاڵی ١٨٠٠دا زۆر بـەکزی دەردەکـەوێت، لەئـەنجامی شەڕەکانی ناپلیۆنـدا، بەشـێوەیەکی کـاتی لەگەشـەکردن دەوەسـتێت، بـەڵام لەئەنجامـدا رەوتی خۆی وەردەگرێت و دەکەوێتە گەشـەکردن، ئیـدی گەشـبینی، نیـشتمانپەروەری و میللەتپەروەری و یەکبوونخوازیی تین و تاو بەبزاڤی رۆمانتیك دەبەخـشن، لـەئاخروئۆخری سەدەی نۆزدەیەمدا چەرخی رۆژگـار بـەرەو واقیعگـەرایی و تەبیعەتگـەرایی دەچـەرخێت، گروپێکـی تونـدڕەوی پـەیڕەوی فوتـوریزم[٩] بەتونـدی بەرامبـەر بەڕۆمانتیکـەکان دەوەستنەوەو دژایەتی دەزگاو یاساو رێساو هونەرو ئەدەبیاتی کۆن دەکەن.

فوتوریستەکان لەژێر کاریگەری نیچەو تاڕادەیەك والت و یتمن-دا، سەروەت و سامان، ئـامێرو تـەکنۆلۆژیای بەرهـەمهێن، هەراوهەنگامـە، تـەپوتۆزو جـەنگیان بەسەرچـاوەی ئەستاتیکاو ئیلهام دەزانی.

## گولدونی



کارلوگولدونی (١٧٠٧-١٧٩٣):

بە (مولێری ئیتاڵیا) ناسراوەو لەڤینیس لەدایك بووە. ماوەیەك بەخوێندنی ماف-ەوە خەریك بوو و سەردەمێکیش وەکو دیپلۆمات خزمەتیکرد، بەڵام دڵی هەر لەلای شانۆ بوو، لەهەشتساڵیشدا شانۆنامەیەکی نووسیبوو، لەساڵی ١٧٤٨دا دەستی لەهەموو کارێك هەڵگرت تا شانۆنامە بۆ شانۆی ڤینیس بنووسێت، باشترین بەرهەمی خۆی لەساڵانی ١٧٤٨-١٧٦٢دا بەزمانی ئیتاڵی نووسیوە، ئەو جا چووە بۆ پاریس و تاکۆتایی تەمەن هەر بەزمانی فەرەنسی شانۆنامەی نووسی.

گەورەیی گولدونی لەوەدا بوو کە شانۆنامەی ماسکی، واتە (کۆمیدیای دل ئارتەئا)ی بەکۆن و لەباوکەوتوو و نەزۆك دەزانی، گولدونی بۆ کلاسیسزم گەڕایەوەو لەژێرکاریگەری مولێردا رەواجی بەکومیدیای رەفتاران بەخشییەوە، گولدونی دوو شتی مەبەست بوو: (١) کاراکتەرەکان لەشێوەی بوونەوەرانی مرۆڤانیدا بەرجەستەبکرێن و (٢)بویەرو رووداوەکان رەنگدانەوەی ژیانی واقیعی بن.

گەلێك لەشانۆنامەکانی گولدونی زادەی دیتن و خوێندنەوەی ئەون بۆ چینی بورژوای ڤینیسیا گولدونی ئەگەر چی لەڕووی تەنز، توانا، قوڵبینی فەلسەفی، یان سایکۆلۆژییەوە بەپێی مولێر-ی مامۆستایدا ناگات، لێ لەڕووی داهێنانی دیالۆگ، پوختەیی پلۆت و بەهرەی پێکەناند-نەوە، بەهاوتای شانۆنامەنووسانی فەرەنسەوی دەژمێردرێت.

گولدونی لەچاکسازی کۆمیدیای ئیتاڵیادا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، کەسێك جێی ناگرێتەوە، چاکسازییەکانی وی روبەڕووی هێرشی توندی پییترۆکیاری[10]، کارلوگوتزی[11]، و جۆزپیەبارتی[12] بوونەوە.

گولدونی، نزیکەی سەدو بیست کومیدیاو هەشتا دەقی ئۆپێرای داهێناوە، بەناوبانگترین کۆمیدیاکانی بریتین لە: قاوەخانە، میوانخانەدار، و ماڵی نوێ.



## ئالفیری

ڤیتۆریۆئالفیری (١٧٤٩-١٨٠٣):



شانۆنامەنووس، شاعیرو ئالأهـەلگری کلاسیـسزمی نوێیـــە، لەئاســـتی نزیکـــی تۆرینـــۆ[١٣]، لـــەخێزانێکی خانەدانی دەوڵەمەند هاتۆتە دنیاوە، لەلاویـدا زۆربـەی کات و تواناو پارەوپولی خۆی لەئەسپسواری و گەڕان و مێبازیـدا سـەرفکردووە، ئـالفیری لەسـاڵی ١٧٧٧ دا لویزســـــتولبرگ[١٤]ی هاوســـــەری چـــــارلز ئـــــەدوارد سیتوارت-ی (١٧٢٠-١٧٨٨) مودەعی لاوی تـەخت و تاجی ئینگلیستان، دەبینێت. لـــویـز زۆر زوو دەبێت بەماشوقەی ئالفیری، ئەم جووتە لەساڵی ١٧٨٥ەوە تا ١٧٩٢ لەپاریسدا مانەوەو لەگەڵ هەڵگشانی شۆڕشـی فەرەنـسادا چـوون بـۆ فلورانـساو تـاوەکو مردنـی ئـالفیری لەسـاڵی ١٨٠٣دا لەوێندەر مانەوە.

ئالفیری پاش نووسینی شانۆنامەی مەیلەو سەرکەوتووی (کیلۆپاترا) لەساڵی ١٧٧٤دا، ئیدی چەشـەبوو و کەڵکەڵـەی شـانۆی لـەلا پەیـدابوو و لـەپڕ هەسـتی بـەوە کـرد کـە بـۆ

سەرکەوتن پێویستیی بەخێندن و خوێندنـەوەی زۆرتـر هەیـە، بۆیـە زۆر بەگـەرمی کەوتـە فێربوونی ئیتاڵیی، لاتینی و یۆنانی.

ئالفیری لەساڵانی ١٧٧٧-١٧٨٩دا نۆزدە تراجیدیای نووسی، ئالفیری زۆربەی بابـەتی شـانۆنامەکانی لەئەفـسانەی کلاسـیك و لـەکتێبی موقـەدەس و لەبویـەرە مێژووییەکانـەوە وەردەگـرت، هەڵـسوکەوت و مامەڵـەکردنی لەگـەڵ ئـەم بابەتانـەدا زیـاتر زەینیـی بـوو تـا ریالیـستی، ئـالفیری زۆر لەخـەمی سـەرگەرمی بەخـشیندا نـەبوو، بـەڵکو زیـاتر پـەرۆشـی بڵاوکردنەوەی بنەماو پرەنسیپەکانی ئازادی بیرو هزرین بوو کە ئیلهامبەخشی ژیانی خۆی بـوو، زۆری رق لەشـاهان بـوو و ئەمـە لەهـەموو شـانۆنامەکانیدا بـەزەقی دیـارە. ئـالفیری یەکـەمین شـانۆنامەنووس بـوو کـە باسـی ئیتاڵیـای یـەکگرتووی کـردووەو بـەکردەوە قوتابخانەی ئەدەبیاتی نیشتمانپەروەری دامەزراند.

لەترایدیاییەکانی ئالفیریدا، بەدووڵییەوە پرەنسیپی سێ یەکتێتییەکە رەچاودەکرێت، شانۆنامەکانی کاتێك دەستپێدەکەن کە ماوەیەك بەسەر پێشوەچوونی پلۆتی چیرۆکەکەدا تێپەڕیوەو لەدوائەنجامدا ئەم نەخشەو پلۆتانە یەجگار سادەن، لەزۆربەی شـانۆنامەکانیدا کـەمی جوڵـەو کـردار بـەدی دەکرێـت، زۆربـەی شـانۆنامەکانی کـورتن، تـەنیا یـەکێکیان لەهەزارو پێنج سەد بەیتێك زیاترە.

کارەکتەری شانۆنامەکانی ژمارەیان زۆر کەمەو بەدرێژایی نمایشەکە هـیچ گۆڕانێکیـان بەسەردا نایەت، تۆن و ئاوازی شانۆنامەکانی تەواو خەمینەو ئـەم تۆنـە مـەخابن لەهـەموو بەرهەمەکانیدا هـیچ کاتێـك هەسـتی هاوسـۆزی لای تەماشـاکەران دروسـتناکات، شـێوازی ئالفیری کورت و کرژو رەقە.

## هەندێک لەتراجیدیا بەناوبانگەکانی ئالفیری ئەمانەن:

(سائول): خەباتی یـەکێك لەشـاهانی کتـێبی مقـەدەس کـە زادەی بـەغیلیبردنی ئـەوە بەداود، وێنەدەگرێت.

(فیلیپۆ): کە باسی زەماوەندی فیلیپی دووەمی ئیسپانیا لەگەڵ ماشـوقەی کوڕەکـەی خۆی و پاشان مردنی هەدوو ئاشق دەکات. (بروتۆسکوندۆ) کە چیرۆکی کوژرانی ژول تراز دەگێڕێتەوە.

(ئاگامەمنونەو ئورست): کە بەشێك لەسەربووردەی ئورستیا-ی نووسنی ئاسخیلوس دەگێڕێتەوە.

(میرا): ئەمە حیکایەتی کیژێك کە حەز لەبابی دەکات، ئالفیری، جگە لەتراژیدیاییەکانی، ئوتوبیوگرافییەکی زۆر جوان و چوار کۆمیدیای (کەمبایەخ) و چەند تەنزێك و چەند شیعرێکی لیریکیشی هەیە.

ئالفیری وەکو گولدونی لەبواری ئەدەبیدا کەس جێی نەگرتەوە پاش مردنی وی، کۆمیدیای سانتیمانتال-ی فەرەنسایی (کۆمیدیای گریانئاوەر[١٥]) لەئیتاڵیادا جێی تراژیدیای گرتەوە.

## مانزونی

ئالیساندرۆ مانزونی (١٧٨٥-١٨٧٣):



شاعیری لیریکی، شانۆنامەنووس و چیرۆکبێژە، لەبنەماڵەیەکی دەوڵەمەند لەمیلان هاتووەتە دنیاوە، لەساڵی ١٨٠٥دا لەگەڵ دایکیدا بۆ پاریس چوو، لەوێندەر پەیوەندیی بەئەنجومەنە ئەدەبییە بەناوبانگەکەی مەدام (دوکوندورسە)وە کرد، لە دەورووبەری ساڵی ١٨١١دا پەیوەندیی بەمەزەبی کاتۆلیکی رۆمییەوە کردو پەرەی بەهزرو بیری تواناداریدا کە پاشان کاریگەریی ئەم هزرینە لەبەرهەمانکانیدا بەجوانی و ئاشکرا رەنگیدایەوە، مانزونی دوای ماوەیەك بۆ میلان گەڕایەوەو تاکۆتایی تەمەنی دورودرێژیی خۆی لەنزیکی ئەو شارەدا ژیا، هەمیشە پشتیوانی میانڕەو، بەڵام وەفادارو ئەمەکداریی مەسەلەی خۆییبوونی ئیتاڵیا بوو.

## هۆزانە لیریکییەکانی:

یەکەمین هەڵبەستی ئەدەبیی مانزونی هۆزانی لیریکییە. لەساڵی ١٨٠٦دا هەندێك شیعری بێ قافیەی دەربارەی بەرەڤانی و بەرگری لەدایکی و ئاشقە کە مردووەکەی دایکی نووسی، ئەم شیعرانە لەرووی دەربڕینی راستگۆیانەی ئارمانجەکانی خودی مانزونییەوە یەجگار بەهادارن، لەفاسیلەی ساڵانی ١٨١٢-١٨٢٢ پێنج سروودی ئایینی

بەبۆنــەی چــەژنەکانی کلێــساوە نووســی: جــەژنی مــژدە[١٧]، ئادڤینــت[١٨]، پاســیون[١٩]، رابوونی پاش مەرگی عیسا[٢٠]، جەژنی پەنجامینە[٢١]. ئەم سروودانە کە بەزمانێکی سادەو لەهەمانکاتدا زیندوو دەربـڕدراون، جلەوەیەکە لەهەسـت و نەسـتی تونـدو پـاك و بێڕیـایی شاعیر، بەناوبانگترین شیعری مانزونی، هۆزانی پێنجەمی مایسە، کـە لاواندنەوەیـەکی زۆر دڵگیرو جوانەو لەساڵی ١٨٢١دا بەبۆنەی مردنی ناپلیۆنەوە گوتراوە.

## شانۆنامەکانی:

مـانزونی دوو تراژیـدیای لەسـەر بنـەمای بابـەتی مێـژوویی نووسـیوە کـە زیـاتر لەبـەر نـاواخنی تیـۆری شـانۆیی ماونەتـەوە، تـا لەبـەر لایـەنی بـەهرەیی خـودی هونـەریی، شـانۆنامەی: (کۆنـت کارمـانیولا—١٨٢٠)، ئـەم شـانۆنامەیە چـیرۆك و سەرگەوزشـتەی فرانچسکوبوسونە—ی سەربازیی بەناوبانگی ڤینیسی لەسەدەی پانزەیەمدا کـە بەتۆمـەتی خیانـەت لەسـێدارەدرا، دەگێڕێتـەوە. شـانۆنامەیەکی دیکـە لـەژێر سـەرناوی (ئـادلکی ١٨٢٢)یـە، ئەمـە خـەباتی لومباردەکـان دژی شـارلمانی دەگێڕێتـەوە. مـانزونی، یـەجگار دڵبەندی شەکسپیرەو کەسێکی رۆمانتکی هەژدە عەیارەو چاوپۆشی لەیەکێتییەکانی کـات و شوێن دەپۆشـێت، بـەڵام بەپێچەوانەی شکسپیرەوە، هەقیقەتـە مێژوویـیەکان، ئەگـەر واقیعی نمایـشنامەکەش وابخوازێت، ناگۆڕێت و دەسـتکاریان ناکـات. جـا لـەم بارەیـەوە تراژیدیاییــەکانی لــەبارەی ســەرنجی شــانۆییەوە ســەرکەوتوونین، واتــا تراژیــدیاکانی ئەوەندەی بۆ خوێندنەوە دەست دەدەن، ئەوەنـدە بـۆ نمایـشکردن دەسـتنادەن، لەگـەڵ ئەمەشـدا شـانۆنامەکانی مـانزونی ئیجابیـات و لایـەنی پۆزەتیڤیـشیان هەیـە، شـێوازێکی یەکدەست، سـادە، پتەووسـفت و دڵگیریـان هەیـە، پـڕن لەدیمـەنی جـوان و هـزرورۆژێن و هەنــدێك لــەگۆرانی و کۆراڵــەکان شــیعری لیریکــی جــوانن و رەنگدانــەوەی هەســتی نیشتمانپەروەرانەی خودی مانزونین.

## رۆمان:

(دەزگیرانەکان) (قەولی زەوجین بەیەکدی دەدەن):

ئـەم کـارە بـە (تاقـە رۆمـانی گـەورەی ئیتاڵیـایی) ناودەبرێـت، لەسـاڵی ١٨٢٣دا تـەواوکراوە، بـەڵام لەسـاڵی ١٨٢٧دا بڵاوبووەتـەوە، پاشـان مـانزونی پێیداچـووەتەوەو زمانەکـەی لەمیلانییـەوە گۆڕیـوە بـۆ زمـانی توسـکانی بـاو و دەقـە دەسـتکاریکراوە کـە بەزنجیرە لەساڵانی ١٨٤٠-١٨٤٢دا بڵاوبووەتەوە.

چـیرۆکی ئـەم رۆمانـە لەگونـدی لیکـۆ-ی نزیکـی مـیلان، لـەنیوەی یەکـەمی سـەدەی حەڤدەیەمـدا، لـەو سـاڵانەدا کـە دەڤەرەکـە لـەژێر رکێفـی داگیرکـەرانی ئیـسپانیدا بـوو، دەسـتپێدەکات، (دون رۆدریگـۆ) خـەیاڵی خـراپ دەرهـەق بـە (لوچـیا)ی کیژەگونـدی دەستگیرانی (لورنزۆ)ی کوڕە دێهاتی لەخەیاڵدانی خۆدا پەروەردە دەکات، پلۆت و تیمەی رۆمانەکـە بەشـێوەیەی سـەرەکی بـەدەوری تـەوەری رەڤـینی ئـەم جووتەیـە لەدەسـتی رودریگۆ.

ئەم رۆمانە چەند کێماسـییەکی ئاشـکرای هەیـە، مـانزونی کـە حـەزدەکات چـیرۆکەکە لەگـەڵ راسـتییە مێژووییەکانـدا بگونجێنێـت، قەواڵـەو بەڵگەنامـە مێژووییـەکان لەگـەڵ زنجیرەی بویەرەکانی چیرۆکەکەدا ئاوێتە دەکات، هەندێك لەوەسفەکان کـە لەڕادەبـەدەر درێژن و ئاماژەیەك لەرەخنەگران پێیانوایە قارەمانانی چیرۆکەکە چ پیاو چ ژن، زۆر وشـك و برینگن، بەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا لایـەنی ئیجـابی رۆمانەکـە زۆر زیـاترە لەلایـەنی سـلبی، پلۆتی چیرۆکەکە جوانە، کاراکتەرسازی بەتایبەتی بەرجەسـتەکردنی گونـدییانی لومبـارد، عـەجیب دەنوێنێـت، نـاوەرۆکی کتێبەکـەش دڵگـیرە، ململانێـی نێـوان هـەق و ناهـەق، و خـوداش لایـەنگری هەقـە، زۆر سـاتی چـیرۆکەکە بەشـۆخیبازی و حەنـەکی جـوان پـڕ بووەتـەوە، شـێوازی رۆمانەکـە یەکدەسـت و رازاوەیـەو ئەمـەش بەرزییـەکی ئـەوتۆی پێبەخشیوە کە گەیاندوویەتییە ئاستی بەرهەم و کارە کلاسیکییەکان و لەکۆتاییدا رۆمانی دەزگیرانان، هاتووە وێنەی ماهیەت و جەوهەری مرۆڤی وێنـەگرتووەو بەمـەش لـەهێرش و ئـیرادی رەخنـەگران دوور کەوتووەتـەوە، سـکوت، گوتـە، و شـاتوبریان هـەر هـەموویان ستایشی ئەم رۆمانەیان کردووە.

## ليوپاردى

جاكۆ مۆليوپاردى (١٧٩٨–١٨٣٧):



شاعير، فەيلەسوف، رەخنەگرو باسكارەو بێچەندوچوون لەدواى (تاسۆ)وە تاوەكو ئەمڕۆ گەورەترين شاعيرى ئيتاڵيايە، جاكۆمۆ لەباژێرۆكى (ركاناتى)ى نزيكى بۆلۆنيا لەدايكبووە، سەرەتاكانى تەمەنى بەو پەڕى ناخۆشى لەسايەى بابەمۆن و دەستە نۆقاوەكەى و دايكە رژدوپيسكەكەيدا بەسەربردووە، جاكۆمۆ شەيداو رمودەى خوێنەوارى بوو، لەڕادەبەردەر ئاشقى خوێندنەوەو موتاڵابوو، هەر ئەمەش كرديية كارێك كە بەر لەتەمەنى بيست ساڵى لەيۆنانى و لاتينيدا ببێت بەئەديبێكى تەواو، هەروەها زمانى فەرەنسى، ئەڵمانى و عيبريش بەتەواوەتى فێربوو، ئەم سووربوونە زۆرەى لەسەر خوێندنەوەو خوێنەوارى كرديية كارێك كە هێندەى ديكە بێهێزو لەش بەبارببێت، نەخۆشى و لەشبەباريش بەرەو رەشبينيان برد، ليۆباردى لەساڵى ١٨٨٢وە تا ساڵى ١٨٣٣ شارە جۆراوجۆرەكانى ئيتاڵياى دايە ژێر پێيان و بێهودە بەدووى عەشقو بەختەوەرى و سەلامەتيدا دەگەڕا، سەرەنجام هەژارو داماو لەساڵى١٨٣٧دا لەناپۆلى كۆچى دوايى كرد.

ليۆپارى گەلێك نامەى دڵگيرى لەبارەى حاڵى خۆى، شرۆڤەيەك لەسەر پترارك–١٨٢٦، چەندين وتار دەربارەى رەخنەو كۆمەڵێك باسى دەربارەى (١٨٢٤–١٨٢٨) بەڕەڤانى لەڕەشبينى وەكو تاقە فەلسەفەى پەسند نووسيوە.

ناوو شۆرەتى ليوپاردى بەديوانێكى چكۆلەى چل چامەييەوە (كنزونە) كە بەگوێرەى ياساو پێوەرە شيعرييەكان، چەمك و خەياڵ، فۆرم و وەرگرتن لەبابەتەكانى يۆنانى كۆنەوە، شيعرى تەواو كلاسيكن، بەڵام لەبارەى گوزارشتى رەشبينانەو تاكگەرايى خودى شاعيرەوە دەبێت بەڕۆمانتيك لەقەڵەم بدرێن.




ژمارەیەك لەم چامانە دەچنە خانەی شیعری نیشتمانییەوە وەكو (بۆ ئیتالیا)و (لەبەر بارەگای دانتی)دا، چەند دانەیەكی دیكەیان دەربارەی ئەڤینن، وەكو (یەكەمین ئەڤین) و هەندێكی دیكەشیان فەلسەفی و هزرین، وەكو (دواگۆرانی ساپفۆ)، زۆربەی ئەم شیعرانە تەنانەت شیعرە دلدارییەكانیش، كە ئاوێتەی رەشبینین، راستگۆیانەو هەلقوولاوی كانگاوی دل و وەستایانەن، لەگۆشەنیگای لیوپاردییەوە بەختەوەری خێری بالایە، بەلام بەدەگمەن و ئەویش بۆ هەندێك ساتی كوتخایەن، دەكرێت بەدەستبێت.

نەگبەتی و رۆژەڕەشی نەك هەر لەم رۆژگارەدا، بەلكو هەمیشە فەرمانڕەوای جیهان بووەو ئەمە قەدەرەو هەتاهەتایە هەروا دەمێنێت.

بێتاقەتی، ئازادیخوازی، نەفرەت لەدكتاتۆریەت و رەشبینی لیوپاردی، یادی بایرون و شیللی لەدلاندا زیندوو دەكاتەوە، جوانی پەرستی ئەوو دلبەندی بەبەرهەمێن كلاسیكیی یۆنانەوەو مێبازییەكەی، كیتس وەبیردێنێتەوە.

سنت بوڤ، لیوپاردی بەنەجیبترین، هێمنترین و عەبوسترین شاعیری دنیا دەزانی، ماتیوئارنولدیش بەهاوتای میلتن و دانتی دەژماردو راو بۆچوونی هەموان بەشێوەیەكی گشتی ئەمەیە كە لیوپاردی گەورەترین شاعیری ئیتالیای چەرخی تازەیە.

## كاردو چی

چوزویەكاردوچی (١٨٣٥-١٩٠٧):

شاعیرو رەخنەگرو خەتیبە، لەڤال دی كاستلۆ، لەتوسكانی لەدایك بووە، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی



لەفلورانس تەواوکردووە، پاشان چووەتە زانکۆی پیزا و لەساڵی ١٨٥٦دا خوێندنی تەواوکردووە، ماوەیەك بەکاری چاپ و بڵاوکردنەوەو دەرسدانەوە لەقوتابخانەی ئامادەییدا خەریك بووە، پاشان بووە بەمامۆستای زانکۆی بولونیا، و لەساڵی ١٨٦٠ەوە تا ١٩٠٤ لەم زانکۆیەدا دەرسی گوتووەتەوە.

کاردوچی هەرچەندە هیچ کاتێك خۆی بەسیستمێکی فەلسەفی گونجاوەوە خەریك نەکردووە، بەڵام لەبواری پرس و دۆزی سیاسی، ئایینی و جوانناسیدا رابۆچوونی روون و ئاشکراو بنجبڕی هەبووە.

لەسیاسەتدا یەکەم لایەنگری رژێمی پاشایەتی و تەرەفداری ڤیکتۆر ئیمانۆئیل[٢٢] بوو. کە لەماڵباتی ساڤۆ بوو هەندێکجار بەو بیانووەی کە پاشا دەرهەق بەمیللەت کەمتەرخەمە، بووە بەکۆماریخواز، بەڵام پاشان گەڕاوەتەوە سەر سەڵتەنەتخوازی و لەدوا ساڵەکانی تەمەنیدا لەدۆستانی نزیکی شابانو مارگریتا[٢٣] بووە.

کاردوچی لەڕووی ئایینییەوە باوەڕی بەفرەخوایی هەبوو، کڵێسای بەڕەمزو هێمای دەسەڵاتی داگیرکاری[٢٤] نەمساو فیودالیزم و رۆشنبیریی سەدەکانی ناڤین و کۆیلایەتی دەزانی، زێدەباری ئەمەش وەکو سوین بردن، باوەڕی تەواوی بەوە بوو کە مەسیحییەت دینی زوهدو ریازەتە، جا لەبەرئەمە رووی کردە ئەفسانانی خواوەندانی یۆنان و رۆم-ی کۆن، خواوەندانێك کە بەزیندوو و واقیعی دازانین، نەك بەزادەی خەیاڵاتی شاعیرانەی رووت، کاردوچی موشریکانەش لەزەتی لەژیان دەبینی، ژیانێکی سادە، دادوەرانە، سەلامەت و پڕ خەبەتین لەجیهانی جوانییەکاندا، هەرچەندە کاردوچی هیچ باوەڕێکی بەئەخلاقیاتی مەسیحی نەبوو، بەڵام کاریگەری ئەم ئەخلاقیاتە بەسەر ئەوەوە لەوەپتر بوو کە خۆی هەستی پێدەکرد.

کاردوچی لەبواری جوانیناسیدا شاعیرێکی کلاسیکی بوو، لەرۆمانتیزم بێزار بوو و بەهاوتای مەسیحییەت، رۆشنبیریی سەدەکانی ناڤین و دەسەڵاتی بێگانەی دەزانی، کاردوچی ئیلهام و سەرۆی لەڤیرجیل، هوراس، پترارك و بۆکاچۆوە وەردەگرت، یەکێك بوو

لەدڵبەندانی دانتی و ئەوی بەقارەمانی ئازادیی ئیتاڵیا دەزانی، لێ دەربارەی مەسەلە مەزەبییەکان دانووی لەگەڵ شاعیرانی پێش دانتیدا نەدەکوڵا، کلاسیسزمی گەرم و گوڕو پڕجۆش و خرۆش تا ئەندازەیەك زادەی نیشتمانپەروەری کاردوچی بوو، کاردوچی لەو رووەوە کە رۆڵەی رومیانی کۆن بوو و نەك هەر میراتگری کە لەپووری ئەدەبی وان بوو بەڵکو زادەی گوندە پڕشکۆدارەکانی ئیتاڵیاش بوو ئەو گوندانەی کە ئیلهام بەخشی شاعیرانی وەکو ڤرجیل و هۆراس بوون شانازی بەخۆوە دەکرد.

فرەخوایی، مرۆڤگەرایی، کلاسیزم و نیشتمانپەروەری، بابەت و ناوەرۆکی هەموو شیعرەکانی کاردوچییە، کاردوچی کە لەبنەڕەتدا شاعیرێکی لیریکی باڵادەست بوو، مامەڵەیەکی سۆزاداری لەگەڵ ئەو ناوەڕۆك و بابەتانەدا کردووە تامامەڵەی فەلسەفی و فێرکاری، هەرچەندە شیعرە لیریکییەکانی لەڕووی ناوەرۆکەوە تایبەتمەندییەکانی شیعری رۆمانتیکیان لەخۆگرتووەو لەڕیتم، بەقوەت، تاکگەرایانەو گەشبینانەن، بەلام لەقاڵب و فۆرمی کلاسیکدان، کاردوچی بۆ زۆر کێش و وەزنی یۆنانی و رۆمی دەگەڕێتەوە، و گوزارشت و دەربڕینێکی ناباوو چڕ پەیدا دەکات، ئەم چڕی و پڕییە هەندێکجار دەکاتە کارێك کە تیگەیشتنی ئەندێشەو هزرەکانی ئەستەم و زەحمەت بێت، بەتایبەتی کاتێك کە دێتە سەر تیل نیشانی فەزلفرۆشانەو خۆنواندن. لەبەر ئەمە شیعری کاردوچی هیچ کاتێك مایەی پەسەندی عەوامی خەڵك نەبووە.

گرنگترین دیوانی شیعری کاردوچی بریتین لە (شاعیری ١٨٧١)، (قافیەی نوێ١٨٧٣)، (چەمەێن هۆڤی– سێ کۆمەڵە شیعرە: (١٨٧٧، ١٨٨٢، ١٨٨٩)و (کێش و قافیە–١٨٩٩).

کاردوچی نەك تەنیا لەمەیدانی شیعرو شاعیریدا، بەڵکو لەمەیدانی پەخشاننویشدا بەتایبەتی لەهونەری وتاربێژیدا زیندووە، رەنگە گەورەترین خوتبەی وی دەربارەی گاریباڵدی بێ–١٨٨٢.

## دانونتسیۆ

گابریل دانونتسیۆ (١٨٦٣–١٩٣٨):

شاعیرو رۆماننوس و شانۆنامەنووس و ئاسمانەوان بوو، خەڵکی پسکارا[٢٥] بوو، لە پراتۆ[٢٦] خوێندوویەتی، لەتەمەنی هەرزەکاریدا ماوەیەکی کورت لەدامودەزگاکانی پەخش و وەشاندندا کاریکردووەو ئەوسا لێبڕاوە کە ببێت بەنووسەرو نووسەری کردووە بەپیشە،

تایبەتمەنـدی بەشـی هــەرە زۆری تەمــەنی دوورو درێــژی وی بریتیبــوو لەسەرکێــشی، بەرەڵایی، سۆزداری و بێسەروبەرەیی،

لەجەنگی یەکـەمی جیهانیـدا، هەرچـەند بەتەمـەن بـوو، لـەهێزی ئاسمانیـدا بەشـداری شەڕی کردووەو چاوێکی لەدەستداوە، لەسـاڵی ١٩١٩دا بەپێچەوانەی پـەیمانی ڤێرسـای، لەشکری کردە سەر فیۆم(٢٧) و گرتی.

دانونتسیۆ یەکەمجار وەکو شاعیر شۆرەت و ناوبانگی پەیداکرد، کاریگەری هەموو ئەم نووســەرانە بەســەر شــیعری ئــەوەوە دیــارە، ئــەو شــیعرانەی کــە تێکەڵەیــەك بــوون لەبەدەوییەت و داڕووخان: کاردوچی، فلوبیر، موپاسان، رامبۆ، وایلد، سوین برن، ڤارلین، نیچە، بۆدلێر، رۆمانتیکەکانی ئینگلیز و رۆماننوسە روسەکانی هاوعەسری خۆی، رەقـی و توندی ئەم شیعرانە کردویانەتە کارێك کـە کـۆن و بـەدەوی بێنـە بەرچـاو، تەسـلیم بـوون بەلەزەتی نەفسانی، بێزاری، دەم دەمێتی لەهونەردا، یاخیبوون لەداب و نەریتی ئـەخلاقی و شەریك پەیداکردن بۆ خوا ئەم شیعرانەی خستووەتە خانـەی داڕووخانـەوە، دانونتـسیۆ رەنگدانەوەو ئاوێنەی سروشت و تەبیعـەت نییـە، مەبەسـتی سـەرەکی ئـەو تـەنیا جـوانی پەروەرییە، زیـاتر بـەلای بەرجەسـتەکردن و نیـشاندانی جوانیدا دای دەکێـشێت تابـەلای وەسـفی ژیانـدا، جـوانی لەڕوانگـەی دانونتـسیۆوە جوانییـەکی دەروونـی و سـایکۆلۆژییە، رێیەك نییە بچێتەوە سەر قووڵایی هەست یـان هـزرو ئەندێشە، وەسـفەکانی تـەڕو پـاراوو بەئاوو تاون، لەڕادەبەدەر بەشکۆو بەسام و سەنگن، دانونتسیۆ هەندێکجار بەلای درێـوی، هــەرزەکاری و شــەڕەنگێزی، نادروسـتی و کەچـڕەویدا دای دەشـکێنێت، ئـەم لاوازیانــە بەتایبــەتی لەشــیعرکانی ســەرەتاییدا دیــارن، زۆربــەی ئــەم شــیعرانە لــەم کۆمەڵــە شیعرانەدابڵاوبوونەتەوە: (بەڕاستی یەکەمین-١٨٧٩)، (گۆرانیانی نوێ-١٨٨١)، (لولو-١٨٨٨)و لەگەڵ زنجیرە دیوانێکی دیکەدا بەناوانی: (لەستایشی ئاسماندا، دەریا، زەمـین، قارەمانان، لەساڵانی ١٩٠٣-١٩٠٤).

هەندێك لەو شـیعرانەی کـە دانونتـسیۆ لەسـاڵی ١٩١٤ بـەدواوە نووسـیونی دەربـارەی نیشتمانپەروەرییە.

خەوشــەکانی شــیعری دانونتــسیۆ لەپەخشانەکانیــشیدا بــەدی دەکــرێن، گــەلێك لەڕۆمانەکانی رەنگدانەوەی فەلەسـەفەی نیچەن و قارەمـانێکی وەکـو خـودی دانونتـسیۆ

وێنەدەگرن، مرۆڤێکی لەزەتخواز بەهەستتێکی توندی جوانی پەروەرییەوە، سەرکێش و قارەمان ئاسا، بەناوبانگترین رۆمانی وی بریتییە لە: (منداڵی لەزەت–١٨٨٩، بێ گوناح–١٨٩٢، سەرکەوتنی مەرگ–١٨٩٤، پاکیزانی تاوێران–١٨٩٥و ئاگر–١٩٠٠) کە بێگومان باسی پەیوەندیی ناشەرعیی خودی نووسەر لەگەڵ خانمێکی ئەکتەری ئیتاڵیاییدا بەناوی (ئیلیونورادوزە)[٢٨] دەکات.

دانونتسیۆ لەبواری شانۆنامەنووسیدا هیچ جۆرە سەرکەوتنێك بەدەست ناهێنێت، زێدەباری ئەو خەوش و کەموکورییە ئاساییانەی کە لەشیعرو رۆمانەکانیدا هەن، شانۆنامەکانیشی زۆر بێجووڵەن و لەئەندازەبەدەر زەینین. باشترین شانۆنامەی وی بریتین لە: (فرانچسکادا ریمینی–١٩٠٢ و فیدرا–١٩٠٩).

شۆرەت و ناوبانگی دانونتسیۆ ئەمڕۆ تەواو کاڵبووەتەوە. تەنیا وەکو نموونەیەکی شاعیرانی سەردەمی خەملینی میللەتی ئیتاڵیای نوێ یاددەکرێتەوە...

## پیراندللۆ

لویچی پیراندللۆ (١٨٦٧–١٩٣٦):

لەئاگریجنتۆ، لەسیسیل هاتووەتە دنیاوەو تەمەنی منداڵی لەوێندەر بەسەر بردووە، بابی کابرایەکی دەڵەمەند بوو و خاوەنی کانگەیەکی گۆگرد بوو، لویچی بۆ ماوەیەکی کەم خۆی بەکاروباری بازرگانییەوە خەریك کردو لەساڵی ١٨٨٧دا بۆ خوێندن چوو بۆ زانکۆی رۆم، دواتر چووە زانکۆی بۆن و دکتۆرای لەزمانەوانیدا وەرگرت، لەساڵی ١٨٩٤دا ژنی هێنا، لەساڵانی ١٨٩٧–١٩٢١ لەپەیمانگەی ژنانی رۆمدا خەریکی گوتنەوەی وانەو دەرسی ئەدەبیاتی ئیتاڵیایی بوو، لەساڵی ١٩٢٥دا دامەزراندنی شانۆی نەتەوەیی لەئەستۆگرت و مۆسۆلینی بەخۆی پەیگیری بەڕێوەچوونی ئەم کارەی دەکرد، پیراندیللۆ لەساڵی ١٩٣٤دا لەسەر شانۆنامەکانی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرگرت، دوا ساڵانی تەمەنی بەنووسین و سەفەر بۆ ئەمریکای باشوور، فەرەنساو وڵاتەیەکگرتووەکان گوزەراند.

پیراندیللۆ لەساڵی ١٨٨٣دا دەستی بەشیعر نووسین کرد، لەسەرەتاکانی ژیانی خێزانداریدا هەندێك وتاری دەربارەی رەخنەیی ئەدەبی بڵاوکردەوەو تاوەکو پێش ساڵی ١٩١٤ زۆر رۆمان و کورتە چیرۆکی نووسی، لەماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا حەزی

چووەسەر شانۆو ئەو شانۆنامانەی کە لەساڵی ١٩١٥ بەدواوە نووسینی، ناوو ناوبانگێکی جیهانی گەورەیان بۆ دورستکرد.

## فەلسەفەی پیراندیللۆ:

شانۆنامەکانی پیراندیللۆ رەنگدانەوەی کوێرەوەرییەکانی خودی نووسەرن، نائومێدی و رەشبینی پیراندیللو زادەی ژیانی تفت و تاڵی خانەوادەکەیین، چونکە لەساڵی ١٩٠٤دا لافاو کانگەکەی بابی و بەشی هاوسەرەکەی خۆی لەو کانگەیەدا، لەنێو بردو دووچاری مەینەتییەکی زۆر هاتن، هاوسەرەکەی لەهەمان ساڵدا تێکچوو و تامردنی لەساڵی ١٩١٨دا ئەو نەخۆشییەی هەر لەگەڵدابوو، کیژەکەی کە توانای تەحەمولی شێتییەکەی دایکی نەبوو، ویستی خۆی بکوژێت، بەڵام گیربوونی گوللەکە لەلولەی دەمانجەکەیدا نەجاتیدا، پیراندیللۆ کە زۆر لەم مەینەتیانە وەڕس و بێزاربوو، لە پێودانگەوە کە ویراسەت و ژینگە تاڕادەیەکی زۆر ژیانی مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکەن و بنیادەم هیچ دەسەڵاتێکی بەرامبەریان نییە، گەیشتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە چارەنووسی مرۆڤ لەهی گیانلەبەرانیش خراپترو بەئازارترە، گیانلەبەران هیچ نەبێت بەحوکمی مەیل و غەریزەی زکماك حاڵەتێکی خۆشی پەیدا دەکەن، واتا گیانلەبەران وەکو چۆن هەن و وەکو خۆیان مل بۆ ژیان دەدەن و دەژین، بەڵام مرۆڤ هەر کە تەسلیمی غەریزەبوو یەکسەر هێزی عەقڵ و ئاوەز وەگەڕدەخات تا کردارە غەریزەییەکانی بەئاراستەیەکی ماقوول و ئایدیالیدا ببات، مرۆڤ ئەگەرچی لەم ئارمانجە ئایدیالییە خاڵی دەبێت، بەڵام هەرگیز پێی ناگات، چونکە رێنوێنی ئەو لەواقیعدا غەریزەو مەیلی ئەوە، تواناوهێزی ئەقڵ و ئاوەزو حاڵیبوون مرۆڤ بەجۆرێ فریودەدات کەوا تەسەوربکات هاندەرەکانی هاندەری نموونەیی و ئایدیالین، بەڵام لەئەنجامدا دەردەکەوێت کە ئەم ئارمانج و ئایدیالپەروەرییە جگە لەخەیاڵپڵاو چ شتێکی دیکە نەبووە، ململانێی نێوان جوانی نموونەیی و دزێوی ژیان، وەکو چۆن هەیە، بناغەو هێمای رەشبینی پراندیللۆیەو باوەڕی وایە کە ململانێی نێوان ئەو دووەش لەکۆتایی نایەن.

## شێوەی شانۆییەکانی:

ڕەنگە ماڵی نەبوون لەشەیدای پیراندیللۆ سەبارەت بەململانێی نێوان واقیع و ئایدیال، ئەم خەیاڵەی چێ کردبێت کە شانۆنامەکانی (ناواقیعی)ن وکەمتر سەروسەختیان لەگەڵ مرۆڤانی (واقیعی) دا هەیە، رات شپارد فلپس دەڵێت کە: (شانۆنامەکانی پیراندیللۆ چەمکێکی سەرڤەسەرڤەی واقیعگەرایی نیشاندەدەن، بەڵام ئەنجامی شانۆنامەکە کە لەلۆژیکەوە هەڵدەقوولێ هیچ جۆرە واقیعگەراییەکی لەخۆنەگرتووە، دیارە ئەم ئەنجامە لەرادەبەدەر ئایدیالییە.. و بەهیچ جۆرێ ناشوبهێتەسەر ژیان، شانۆنامەکانی پیراندیللۆ بەهیچ جۆرێك باسی سۆزوگودازی مرۆڤانی یان کاروکاریگەریی کەسایەتییەکان لەسەر یەکدی ناکەن، تەواو مەجازین) وتورینی ئەم تۆمەتە رەتدەکاتەوەو باوەڕی وایە کە (یەکێك لەخەسڵەتە دیارەکانی هزرو ئەندێشەی پیراندیللۆ ئەوەیە کە پەیوەندییەکی زۆر نزکی لەگەڵ ژیاندا هەیە، ژیانی واقیعی و خەیاڵی بەشێوەیەکی خەماوی لەبوونی پیراندیللۆدا ئاوێتەو تێکەڵ بووە).

شانۆنامەکانی پیراندیللۆ هەرچەندە خەمناکن، بەڵام ئاوێتەی پێکەنین و شۆخیبازی و حەنەکن، بەڵام ئەم پێکەنینە لەدرکەو تەنزو توانجپۆشی بەدەرنییە (لندرمك کلینتاك) دەڵێت کە پیراندیللۆ کۆمیدییە کە مرۆڤ دەخاتە پێکەنین تا لەگریان لەدەستی ژیان و بێدارییەکانی بوون دووری بخاتەوە، پیراندیللۆ بەخۆشی باوەڕی وایە کە کومیدیانووس دەبێت دروشمەکەی (جوردانوبرونۆ) بەکاربهێنێت: (شاد لەکاتی خەم، خەمین لەکاتی شادی).

پیراندیللۆ کە هیچ چارەسەرێك بۆ گیروگرفتەکانی ژیان نادۆزێتەوە، گەلێك لەشانۆنامەکانی خۆی لەشوێنێکدا کۆتایی دێنێ، کە هەندێکجار وادێتەبەرچاو تازە لەناوەڕاستی چیرۆکەکەدایە–بەڵام هەر ئەم بێئەنجامییەی شانۆناکەمان– نەبوونی کۆتاییەکی خۆش یان ئەنجامێکی ناخۆش، رۆحی فەلسەفەکەی ئەوە، کە چ شتێك بۆکۆتاییهێنان نییە، چونکە ژیان بەو جۆرەیەو ئەمە خۆی لەخۆیدا کۆتاییە.

## شانۆنامەکانی:

ویتورینی سی و هەشت شانۆنامەی پیراندیللۆ بەسەر پێنج گروپدا دابەشدەکات:

١. ئەو شانۆنامانەی بەگوێرەی ڕێبازی ناتورالیزم نوسراون.

٢. گروپی بوون و نواندن.

٣. شانۆنامەی کۆمەڵایەتی.

٤. شانۆنامەی ژنانە.

٥. شانۆنامانی هونەرو ژیان کە ئەم گروپەیان لەهەموو ئەوانی دی گرنگترن و ئەمەش ناوی هەندێکیانە:

(هەقی خۆتە گەر وابیربکەیتەوە–١٩١٨، شەش کەس بەدووی نووسەرێکدا دەگەڕێن–١٩٢١، هنری چوارەم–١٩٢٢، ئەمشەو موفاجەئە دروست دەکەین–١٩٣٢، هەمووان بۆ باشترین–١٩٣٧ و بەو جۆرەی کە دەتەوێم).

(شەش کەسایەتی لەنووسەرێك دەگەڕێن) بەیەکێك لەباشترین شانۆنامەکانی پیراندیللۆ دانراوە، ئەم شانۆنامەیە نموونەیەکی زیندووی هزرین و جۆری کارکردنی خودی نووسەر نیشان دەدات، چونکە مامەڵە لەگەڵ خەمە سەیرو سەمەرەکانی تیرەی بەشەرو پەیوەندیی خەیاڵ (لەزەینی نووسەردا) لەگەڵ واقیعدا (لەژیانی کاراکتەرکاندا) دەکات، ئەم شەش کەسە (باوك، دایك و چوار منداڵ) لەدیمەنێکی سادەو بێ ئارایشتدا، لەحوزوری تاقمێك ئەکتەردا دەردەکەون و دەریدەخەن کە کۆمەڵێك خەڵقەندەی نوقستان و زادەی خەیاڵی نووسەرن و داوا لەئەکتەرەکان دەکەن کە بەنواندنی ژیانی ئەوان (شەش کەسەکە) واقیعیەتییان پێ ببەخشن، ئەکتەرەکان قایل دەبن و کەسایەتییەکان ئامادەدەبن تاسەرلەنوێ ژیانی رابردووی خۆیان نمایش بکەن، لەیەکەمین دیمەنی ئەم شانۆنامەیەدا باوکەکە دەست لەژنەکەی، کە کوڕێکی لێی هەیە، هەڵدەگرێت و هانی دەدات کە پەیوەندیی لەگەڵ سکرتێرەکەی دابگرێت، و ژنە سێ منداڵ لەکابرای سکرتێری دێنێ، ئەم خانەوادەیە دوای مەرگی کابرای سکرتێر ون دەبێت، و باوکەکە خەمبارو دڵتەنگ دەبێت، دیمەنی دووەم باوکەکە لەماڵی ژنێکی سۆزانیدا نیشاندەدات کە بووە بەمشتەری زڕکیژەکەی (کە نایناسێتەوە) خۆی، بویەرەکەی هەندە حەیابەرەیە کە کەسایەتییەکان لەبیریان دەچێتەوە کە تەنیا ئەکتەرن و رابردووی خۆیان دەنوێنن و

نمایش دەکەن، لەهەنبەر ئەکتەرەکاندا، کە بەبێهودە هەوڵدەدەن ژیانی ئەوان نمایش بکەنەوە، یاخی دەبن، لەدیمەنی کۆتاییدا، کە سایەتییەکان لەماڵی بابەکەدا، کە ژیانی خۆی بەناڕەحەت و خەمناك و بێهودە دەزانێت، نیشان دەدرێن، کوڕەکە دەرهەق بەدایکی گرژومۆن و خەمساردەو دەیخاتەسەر ساجی عەلی، زڕکچەکە، وێڕای شەرمنییەکەی لوتبەرزو شەڕانییە، کیژە بچوکەکە لەڕووبارێکدا غەرق دەبێت و کیژە لاوەکە بەدەمانچە خۆی دەکوژێت.

ئەنجامی جوانیناسی و فەلسەفەی پیراندیللۆ–ئەگەر بکرێت وای ناوبنێین– لەمەدایە کە هونەر هەرگیز ناتوانێ جگە لەنمایشێکی تاریك و نوقستانی واقیع زیاتر بێت و ژیان بەجۆرێکی نائومێدانە خەمناکە.

## پەراوێزو ژێدەرەکان:

(١) ریفۆرمی کاتولیکی: بزوتنەوەی ریفۆرمی کلێسای کاتولیکی رۆم بوو کە دوا بەدوای ریفۆرمی ئایینی سەری هەڵدا.

(٢) ماتسینی (١٨٠٥–١٨٧٢): نیشتمانپەروەرێکی ئیتاڵییە.

(٣) کاڤور (١٨١٠–١٨٦١): سیاسەتوانێکی ئیتاڵیایی و لەدامەزرێنەرانی سەرەکی یەکێتی ئیتاڵیایە.

(٤) گاریبالدی (١٨٠٧–١٨٨٢): نیشتمانپەروەرێکی ئیتاڵیایی و قارەمانێکی نەتەوەیی ئەو وڵاتە بوو.

(٥) ریسور جیمینتۆ: لەمێژووی ئیتاڵیادا، دەکاتە قۆناغی ساڵانی ١٨١٥–١٨٧٠ کە لەو سەردەمەدا ئیتاڵیایەکی گرتەوە.

(٦) جوڤانی باتیستامارینۆ (١٥٦٩–١٦٢٥).

(٧) باتیستا ئاندرئینی (١٥٧٨–١٦٥٠): لەئەندامانی بەناوبانگی خانەدانی ئاندرئینییە، لەماڵباتی ئەکتەرانی ئیتاڵیایی سەدەکانی ١٦و ١٧یە.

(٨) گولدۆنی (١٧٠٧–١٧٩٣): شانۆنامەنووس و شاعیرێکی ئیتاڵیاییە.

(٩) فوتوریزم: ناوی قوتابخانەیەکی ئیتاڵییە لەبواری هونەرو مۆسیقاو ئەدەبیاتدا، کە لەساڵانی ١٩٠٩–١٩١٥دا لەڕەواج و برەودا بووەو خەسڵەتی بنچینەیی ئەم قوتابخانەیە

رەتکردنـەوەی دابونـەریت و یاسـاو ڕێسا بـاوو تەقلیدییـەکان بـوو پـەیڕەوانی ئـەم قوتابخانەیـە ستایشی خەتەرو جەنگ و سەردەمی تەکنۆلۆژیایان دەکرد.

(١٠) پیترۆکیاری (١٧١١–١٧٨٥): درامانووسێکی ئیتاڵیایی بوو.

(١١) کارلۆگوتزی (١٧٢٠–١٨٠٤): درامانووسێکی ئیتاڵیایی بوو.

(١٢) جوزپیەبارتی (١٧١٩–١٧٨٩): ڕەخنەگرێکی ئیتاڵیایی بوو.

(١٣) تورینو: دەڤەرێکە لەباکووری ڕۆژئاوای ئیتاڵیا.

(١٤) لویزستولبرگ (١٧٥٢–١٨٢٤): لەساڵی ١٧٧٢دا شووی بەچارلز کردو پاش هەشت ساڵ مێردەکەی بەجێهێشت، ماوەیەك بوو بەقاپاتمەی ئالفیری و پاش مەرگی شاعیر بـوو بەماشـوقەی هونەرمەندێکی فەرەنسایی.

(١٥) کومیدیای گریانئاوەر: ئەم شێوەیە لەکۆتایی سەدەی حەڤدەیەمدا لەئینگلـستان هاتـە ئاراوەو لەم کۆمیدیایەدا هەوڵ دەدرا تەماشـاڤانان بهێنرێنـەگریان، ئـەم شـێوەیە لەفەرەنـساشدا برەوی پەیداکردو پێیان دەگوت کومیدیای گریانئاوەر.

(١٦) دوکوندورســە (١٧٤٣–١٧٩٤): ژنێکــی بیرکــاریزان و فەیلەســوف و شۆڕشــگێڕی فەرەنساوی بوو.

(١٧) جـەژنی مـژدە: چـەژنێکە کەهـەموو سـاڵێ: مەسـیحیان لـە (٢٥)ی مارسـدا دەیگێـڕن، بەباوەڕی وان ڕێك لەم کاتەدا جبرائیلی فریشتە مـژدەی بەمریـەمی دایکی عیسادا کـە عیسای لێدەبێت.

(١٨) ئادڤینت: بـەگوێرەی تـەقویمی مەسیحی، قۆنـاغی چوار هەفتـەی پـێش لـەدایکبوونی مەسیحە، کە وەرزی تۆبەو تۆبەکارییە.

(١٩) پاسیون: خەم و عەزابی عیسایە لەکاتی دواشامییەوە تا کاتی مردنی.

(٢٠) ڕابوونی پاش مەرگی عیسا: بـەباوەڕی کاتولیکـەکان، عیـسا پـاش ئـەوەی کـە بـەخاك سپێردرا، لەگۆڕەکەی هەستایەوە بەرەو ئاسمان هەڵکشا.

(٢١) بـەپێی تـەقویمی ئـایینی مەسـیحیان جـەژنی پەنجامیینـە بەرامبـەر بەحەوتـەمین یەکشەمەی دوای جەژنی پاکە، مەسیحیان لەم ڕۆژەدا بەیادی هاتنە خوارەوەی( روح القدس)، و هەروەها بەیادی دامەزرێنەری کڵێسای مەسیح–ەوە جەژن دەگێڕن.

(٢٢) ڤیکتۆر ئیمانوئیل (١٨٦٩–١٩٤٧): شای ئیتاڵیا بوو لەساڵانی (١٩٠٠–١٩٤٦)دا.

(٢٣) شابانومارگریتا (١٨٥١–١٩٢٥): شابانوی ئیتاڵیا بوو و لەخانەدانی ساڤوی بوو.

(٢٤) داگیرکاری نەمسا: پاپا، ساڵانێکی زۆر لەدژی ئەوکەسانەی کە هەوڵیاندەدا ئیتاڵیا یەکبخەن و ئازاد بکەن وەستاو لایەنگری نەمسای کردبوو.

(٢٥) پسکارا: بەندەری ئیتاڵیای ناوەندی بوو لەدەریای ئادریاتیک.

(٢٦) پراتو: ویلایەتێکی ئیتاڵیای مەرکەزی بوو لەتوسکانی.

(٢٧) فیوم: گەورەترین بەندەری یوگسلاڤی بوو لەکەناری دەریای ئادریاتیک.

(٢٨) ئیلیونورا دوزە (١٨٥٩-١٩٢٤): ژنێکی ئیتاڵیایی ئەکتەر بوو کە بەیەکێك لەهونەرمەندو ئەکتەرە هەرە گەورەکانی دنیا دەژمێردرا.

## سەرچاوە:


تأریخ ادبیات جهان (جلد اول)

باکنر ب-تراویك/ بلعی رضائی

و یراستار: سعید حمیدیان

چاپ اول: ١٣٧٣

# پەیوەندی شاعیر بەکەلەپوور پەیوەندییەکە لەسەر پارادۆکس هەڵچنراوە

گفتوگۆیەك لەگەڵ پۆل ریکۆر

و: عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

(١)

پـۆل ریکـۆر لـە(٢٧)ی فبرایـەری سـاڵی (١٩١٣) لەشـاری فالنـسای فەرەنـسادا لەدایکبووە، تەمەنی نەگەیشتۆتە دوو ساڵان باوکی وەفاتی کردووە. پۆل ریکۆر سەرەتا لەدواناوەندی (رانس) لەسەر دەستی مامۆستای گەورە (رۆلان دلبیز) دەستی بەخوێندنی فەلسەفە کردووە، پاشان لەگەڵ هەر یەك لەهاوڕێیانی (گابریل مارسیلو ئیمانۆیل مۆنییە) درێژەی بەخوێندنی فەلسەفە داوە. دوای دەرچوونی لەقوتابخانە لەجەنگی دووەمی جیهانی نێوان ساڵانی (١٩٣٧-١٩٤٥) بەشدار بووە، هەر لەبەرئەوەش لەساڵی (١٩٤٠) بۆ (مۆرانیا) دووریان خستۆتەوەو لەوێوە زیندانیان کردووە، پاشان دوای ئازادکردنی پەیوەندی بە(پەیمانگەی نیشتمانی بۆ توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان-cnrs) کردووەو تاکو ساڵی (١٩٤٨) بەردەوام بووە. لەساڵی (١٩٥٠) دکتۆرای لەئەدەبدا بەدەستهێناوە، پاشان دکتۆرای لەتیۆلۆژیا بەدەستهێناوە.. وەك چۆن بەر لەوەی پەیوەندی بەزانکۆکانی ستراسبۆرگ، سۆربۆن، ناتیرا، دواجار شیکاگۆوە بکات، لەدامەزراوەکانی دواناوەندی پرۆسیسەی وانە گوتنەوەی کردووە. سەرەڕای ئەوەش لەزانکۆی (ناتیرا) وەك راگری کۆلیژ دەستبەکار بووە، هەر وەك بەڕێوەبەری گۆڤاری (میتافیزیکاو ئەخلاق) بووە، هەروەها سەرۆکی پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ فەلسەفە بووە، جگە لەوەش سەرۆکی بنکەی توێژینەوەی فینۆمینۆلۆژیاو هیرمینۆتیکا سەر بە(cnrs) بووە، وەك چۆن زۆر

بەئیمانێکی پتەوو ئەکتیڤانە بەشداری لەژیانی فەلسەفیو ئایینیو رۆشنبیریو سیاسی زەمانەکەی خۆی کردووە.

(٢)

پۆل ریکۆر کۆمەڵێك کار لەسەر هەریەك لەفینۆمینۆلۆژیای (هۆسرەل)و وجودییەتی (گابیریل مارسیل)و (کارل یاسبرز) دەکاتو لەبەشی دووەمی (فەلسەفەی ویست) هەوڵیداوە چەمکی (شیانی نزیکبوونەوە لەهەڵە) دیاری بکات، وەك چۆن لەبەشی یەکەمدا قسەی لەمەسەلەی ئیرادەو نائیرادە کردووە، بەڵام لەبەشی سێیەم لێکدانەوەی بۆ رەمزییەتی شەڕ کردووەو لەڕاڤەکردنی ئەفسانەکانەوە رەمزییەتی سەرەتایی لەهەر یەك لەتوانا، یان شیانیو هەڵە، یان گوناح دەخاتە روو، هەروەها پێیوایە هەمیشە رەمز شتێکی تەنکەو مانای ناوەکی ئاشکرا دەکات، راستە (مارکس) وەك راستییەکی ساختەو نادروست مامەڵە لەگەڵ رەمز دەکات، بەڵام ریکۆر پێیوایە مانای رووکەشو یەکەمو حەرفی مانایەکی ساختە نییە، بەڵکو تاکە هۆکارێکی گەیشتنە بەمانای ناوەکی، بەمجۆرە ریکۆر دێت لەرەمزەوە دەست پێدەکاتو پێیوایە پرۆسەی تەفسیرکردن بریتییە لەکردنەوەی کۆدی مانای ناوەکی لەنێو مانای رووکەشداو پاشان ئاشکراکردنی ئاستەکانی مانا کە دەکەونە نێو مانای یەکەمو حەرفییەوە، هەروەها ریکۆر تێگەیشتنی بونیادگەرانە بۆ زمان رەت دەکاتەوە بەو پێیەی کە زمان لەو تێگەیشتنەدا تەعبیرکردنە لەسیستەمێکی داخراوی پەیوەندییەکانو دەلالەت لەشتێکی دەرەوەی خۆی ناکات ئەوەشی لەرێگەی شیکردنەوەکانی بۆ دەروون، زمان، هیرمینۆتیکاو کێشەکانی مێژووو حەقیقەتی مێژوونووسو سیاسەتو پەروەردەو ئایین خستۆتە روو.

بە مانایەکی دیکە (ریکۆر) لەهیرمینۆتیکای رەمزو ئەفسانەوە دەستی پێکردووەو پاشان بەرەو هیرمینۆتیکای دەق هەنگاوی ناوەو دواجار بەرەو هیرمینۆتیکای کردە بۆتەوە، تا گەیشتۆتە ئەخلاقو ئەو سیاسەتەی کە توانای بەرپەرچدانەوەو رەخنەگرتنی ئەو بوونەوەرە بۆشو کلۆڵەی هەیە کە بەمرۆڤ ناودەبرێت... لەگەڵ ئەوەی کە پێیوایە مرۆڤ بوونەوەرێکی لاوازو کلۆڵە، بەڵام دەڵێت لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر توانی بەسەر تەگەرە بنەڕەتییەکەیدا زاڵ ببێتو بتوانێت خۆی بێت، لەتوانایدایە ببێتە خاوەن هێز.

لەکتێبی (فەلسەفەی ئیرادە)وە بۆمان دەردەکەوێت کە مرۆڤ لای (ریکۆر) هەر تەنها بوونەوەرێکی سادە نییە، بەڵکو بوونەوەرێکە بەردەوام ملکەچی ئیرادەو نائیرادەیە، بوونەوەرێکە هەرگیز لەگەڵ خودی خۆی هەڵناکات، بوونەوەرێکە بەردەوام قابیلییەتی هەڵەی لێ رەچاو دەکرێت، ئەوەش ئەسڵی پوچەڵو لاوازی مرۆڤمان بیر دەخاتەوە.

(٣)

(گادامێر) بۆ ئەوەی رۆڵی داهێنەرو وەرگرو کار دیاری بکات، دیاردەی یاریکردن وەك کارێکی ئەدەبی نیشان دەدات بۆ ئەوەش دەڵێت: گەمە کردن هەر تەنها چالاکییەکی داهێنەرانە نییە بۆ چێژو خۆشی، بەڵکو یاریکردن جۆرێك لەجیدییەتی لەخۆدا هەڵگرتووە، ئەگەر یەکێك لەبەشدار بووان ئەو جیدییەتەی فەرامۆش کرد یارییەکە تێکدەچێت، گەمە دینامیکیەتی سەربەخۆو ئامانجی سەربەخۆی هەیە جیا لەهۆشیاری یاریزانە بەشداربووەکان. گەمە بابەتێك نییە روو بەرووی خودی یاریزان بکرێت هەروەك چۆن ناشکەوێتە ژێر رکێفی زاتیەتی یاریزانەوە. یاریزان ئەو یارییە هەڵدەبژێرێت کە دەیەوێت بەشداری تێدا بکات، بەڵام کاتێك دەچێتە گەمەکەوە ئیتر بەیاسا ناوەکییەکانی ئەو گەمەیەوە مەحکوم دەبێت، لێرەدا گەمە دەبێتە حاکم بەسەر یاریزانەوەو هەموو جوڵەکانی ئاراستە دەکات، بەشداربوونی یاریزانان لەگەمەیەکدا هۆکارێکە بۆ نواندنیان لەبووندا، بەڵام ئەوەی دەکەوێتە بەر چاوی بینەران زاتیەتی یاریزانانو بینەرانیش تێدەپەرێنێت، لێرەدا رۆحییەتی گەمەکە زاڵ دەبێت ئامانجیشی گواستنەوەی ئەو حەقیقەتەیە کە هەڵیگرتووە، واتە حەقیقەتی یاری گۆردرا بۆ فۆرمێك کە خودی گەمەکە پێکدێنێت، رۆڵی یاریزانیش دەبێتە رۆڵێکی پەراوێزیو تەنها لەهەڵبژاردنی جۆری گەمەکەدا دەردەکەوێت، گەمە لەفۆرمێکدا دەبێت کە دەشێ (لە لایەن بینەرەوە) بەشداری تێدا بکرێت بەو مەرجەی بینەر هوشیارییەکی وای هەبێت پێش رووداوی بینینەکە بکەوێت، لێرەدا روونی دەکاتەوە کە رۆڵی داهێنەر لەکاری هونەریدا وەك رۆڵی یاریزانە لەگەمەدا، داهێنەر هەوڵدەدات ئەزموونی وجودییانەی خۆی فۆرمەلە بکات، بەڵام ئەو ئەزموونە لەدروست بوونیدا لەزاتیەتی داهێنەر جیا دەبێتەوە تا بگۆرێتو ببێتە ناوەندێکی خاوەن دینامیکیەتو یاسای ناوەکی خۆی، ئەو ناوەندەی لەبووندا دەردەکەوێت (واتە فۆرمی هونەری یان گەمە) وا دەکات پرۆسەی وەرگرتن شیاو بێت.

ریکۆر وەك دەبینرێت کاریگەری زۆری (گادامێر)ی بەسەرەوەیە لەژێر ئەو کاریگەرییە درێژە بەکارەکانی خۆی دەدات، بەڵام ریکۆر وەك پەرچەکردارێك بۆ بونیادگەرەکان هەوڵیدا تیۆرێك بۆ تەفسیری دەق دابنێت لەجیاتی بونیاد بایەخی بەمانا دا، ئەمەش بووە هۆی بەیەکگەیشتنی ریکۆرو هیرمینۆتیکاو لەوێشەوە جیا بوونەوەی لەگادامێر چونکە ریکۆر بیرۆکەی میتۆدی رەت کردەوەو وای دانا کە پرۆسەی هیرمینۆتیکا مەسەلەیەکە لەچوارچێوەی میتۆد تێپەڕ دەبێتو زیاتر دەڕوات.

(٤)

ریکۆر دەیویست ئەو کوڕەی ببینێت کە بەناوی (ئۆلیفیە) ناو نابوو واتە رەمزی ئاشتی، بەڵام لەساڵی (١٩٨٦) ئەو کوڕەی ریکۆر سنوورێکی بۆ ژیان داناو بەخۆکوژی کۆتایی بەژیان هێنا، بەمجۆرە رەمزی ئاشتی بووە رەمزی مەرگی جاویدانی، ریکۆر کتێبی (لە دەقەوە بۆ کار) کە لەساڵی (١٩٩٠) بەچاپ گەیاند پێشکەشی ئەو کوڕەی خۆی کردووەو دکتۆر جۆرج زیناتی ئەو کتێبەی بەناونیشانی (خود چاوی ئەویدیکەیە) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

دواجار ریکۆر لەتەمەنی (٩٢) ساڵی لەماڵەکەی خۆی لە(شتونای مالابری) کە دەکەوێتە دەرەوەی (پاریس) بەیانیەکی زوو لەخەودا کۆچی دوایی کرد،هاوڕێکە (ئۆلیڤەر) بڵاوی کردەوە کە ئەو پێشتر نەخۆشی دڵی لەگەڵدا بووە، ریکۆر هەمیشە دژی شەڕ بووە ئەو یەکێك بووە لەبەرهەڵستکارانی شەڕی جەزائیرو شەڕی بۆسنەو وەك چۆن دژی سیستەمی فاشیەت جەنگاوە.

**پ/زۆر جار ئەو پرسیارە تایبەتەی کە دەکەوێتە نێوان فەلسەفەو شیعر سەرقاڵم دەکات، پرسیارەکەم ئەوەیە: کاریگەری هەر یەک بەسەر ئەویدیکەدا چییە؟ هەر یەک چ سوودێک لەویدیکە وەردەگرێت؟ هەر یەکەیان بەچ مەودایەک پێچەوانەی ئاراستەی ئەویدیکە دێتەوە؟.**

–ریکۆر: یەکەم شت کە دەمەوێت جەختی لێبکەمەوە ئەوەیە کە بێلایەنی رەهەندەکانی زمانو پارێزگاریکردن لەقوڵاییو بەرفروانکردنی زمان، بازێکی بەشیعر دا، ترسی یەکەم لەرۆشنبیریی ئێستامان خۆی لەکورتهێنانی زماندا هەڵدەگرێتەوە، زمانێك کە لەرووی گەیاندنەوە لەنزمترین ئاستدایە، خۆی هەر تەنها لەدیاریکردنی شتەکانو

کەسەکاندا دەبینێتەوە. لێرەدا زمان تەنها دەبێتە ئامرازێك، تەماشاکردنی زمان وەك ئامراز ترسناکترین شتێکە کە دەشێ رووبەرووی رۆشنبیریمان بێتەوە، بەمجۆرە زمانی زانستو تەکنۆلۆژیا تاکە نموونەیەکن کە ئێستا خۆمان بەخاوەنی دەزانین.

ئەمرۆ فەلسەفە لەیەکێك لەئاراستەکانیدا بەمجۆرە زمان بەکار دەهێنێت، پێموایە یەکێك لەو کارە گرنگانەی کە پێویستە فەلسەفە خۆی پێوە خەریك بکات ئەوەیە پارێزگاری لەو بەکارهێنانە جۆراو جۆرانەی زمان بکات، ئەو مەسافە رەنگاو رەنگانەی کە دەکەوێتە نێوان ئەو بەکارهێنانانە نێوان زمانی گشتی (کە بەزمانی سیاسەتو زمانی زانستیو زمانی ئاسایی گوزەر دەکات بەزمانی شیعر کۆتایی دێت، بەو پێیە زمانی ئاسایی ordinary language دەکەوێتە نێوان زمانی شیعر لەلایەکو زمانی زانست لەلایەکی دیکەوە.

**پ/لێرەدا زمانی ئاسایی بەشێک لەداهێنانی پێیە، بەپێچەوانەی زمانی زانستی کە بۆ تاک دەنگی دەگەڕێتەوە، لەم بارەوە شیعر دەوڵەمەندترە چونکە پەیوەندی بەخەسڵەتی ئیبداعی زمانەوەیە.**

–ریکۆر: بەڵێ بەڵێ بەشێوەیەکی بنەڕەتی هەموو شێوەکانی زمان بەهۆی ئەو خەسڵەتە جیاوازەی زمانە سروشتیەکانەوە، لێرەدا من بەرامبەر زمانی دەستکرد لەزمانە سروشتییەکانەوە قسەدەکەم کەبۆ فەکارهێنانی تایبەتو لەبواری ئەلکترۆنیو سیبرنتیکا بونیاد نراوە، واتە ئەو زمانەی کە لەرۆشنبیریدا نیشتەجێیەو دەشێ لەنێو کۆمەڵگەی مرۆییدا بەکاربهێنرێتو قسەی پێبکرێت. یەکێك لەڕوخسارە سەرەکیەکانی ئەو زمانە فرە دەلالییە (polysemy) واتە وشەیەك زیاد لەمانایەك دەبەخشێت، بەمانایەکی دیکە پەیوەندی نێوان وشەو مانا پەیوەندیەکی تاك رەهەندی نییە، ئەوە بۆ سەرچاوەی بەد حاڵی بوون دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە سەرچاوەی دەوڵەمەندی زمان، لەو حاڵەتەدا مرۆڤ دەتوانێت یاری بەرەهەندی ئەو مانایانە بکات کە بەتاکە وشەیەکەوە بەندن.

دەشێ بڵێین زمانی زانستی بەپێی پێویست هەوڵدەدات ئەو فرە رەهەندییەی دەلالەتەکان کەم بکاتەوە، واتە ئەو فرە رەهەندییەی دەنگ بەرەو تاك دەنگی بکاتەوە، بۆ ئەوەی وشەیەك یەك تاکە مەدلولی هەبێت. بەڵام بەپێچەوانەوە ئەرکی شیعر ئەوەیە وا

لەوشە بکات زێترین توانای بۆ بەرهەمهێنانی دەلالەت تێدا بێت، پاشان شیعر هەوڵ نادات ئەو فرە دەنگییە فەرامۆش بکات، یان لـەخۆی دوور بخاتـەوە، بـەڵکو هەوڵـدەدات باشـتر گرنگی پێبداتو دەلالەتەکانی بەرجەستە بکاتو وزەکانی پەرە پێبدات، بۆ ئـەوەی زمـان وا لێبکات تەواوی تواناو هێزی لەئامادەباشی دەلالەتەکاندا هەڵگرێتەوە.

**پ/ ئایا ئەوە خەسڵەتی گەڕانەوەو بەرگریکردن بەشیعر دەبەخشێت؟**

–ریکۆر: بەدڵنیاییـەوە، ئـەوەش بـەو مانایـە دێـت کـە کورتکردنـەوەی زمـان لـەپێناو وەزیفەو سوود، بەرەو بەرگریکردنێکی توندمان دەکاتەوە کە شیعر خۆی لەسەر راناوە.. نیچە ئەو کەسە بوو کە ئاماژەی بەو کەمکردنەوەیە داوەو وەك ترسێك تەماشـای دەکـات کـە دەسـتی بەسـەر بـەکارهێنانی زمانـدا گرتـووە، نـەك هێنـدە بـەڵکو دەسـتی بەسـەر ئاخاوتنی ئاسایدا گرتـووە کاتێـك کـە زمـان لەتـەنها چـەند وشـەیەکی دیـاریکراودا کـورت دەکەنەوە ئیتر لەپڕشنگە شـیعرییەکەی بـەتاڵی دەکەنـەوە، پڕشـنگێك کـە لەوشـەکانەوە هەڵدەسێت.

لەڕاسـتیدا کورتکردنـەوەو کەمکردنـەوەی زمـان لەجێبـەجێکردنی وەزیفەیـەکی دیـاریکراوو جێبـەجێکردنی تاکـە مانایـەکی دیـاریکراودا وا لەئاسـتی زمـان دەکـات سـادە بکەوێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بـەرە بـەرە بـەرز دەبێتـەوە تـا دەگاتـە ئاسـتی زمـانی زانستی، ئەوەش وەك پێویـست بـەرەو وەڵامـی پرسـیارەکەی تۆمـان دەکاتـەوە کـە ئایـا شیعر لەسەر ئەو بەکارهێنانە سوود بەخـشانەی زمـان راهـاتووەو لەگـەڵ وزەو تواناکـانی خۆی بەو شێوە بەدە رەفتار دەکات.

**پ/پێتوایە خەڵکی لەشیعر دەترسن، یـان بـەرەنگاری دەبنـەوە لـەوەی کە جۆرێک لەیاخیبوونی تێدایە؟.**

–ریکۆر: بەڵێ بەرەنگاری دەکەن، لەبەر کۆمـەڵێك هۆکـاری جـۆراو جـۆر: هەنـدێکیان باشنو هەندێکیان خراپ، خراپەکەیان لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەوان لەبەهای بەکاربردنی شیعرییانەی زمان تێناگەن، چـونکە ئـەو رووەی زمـان کـە بـۆ ئـەوان دەرکـەوتووە بـەکار بردنێتی لەخودی خۆیدا.. بەڵام سەرنج بدە شیعری نوێ تـا رادەیـەکی زۆر قـورس بـووە، چونکە پێویستە لەسەری تا زمان دەتوانێت بەرامبەر هەموو شێوە ئاسانکارییەکانی زمان رابێتەوە، هـەروەها بەمەبەسـتی نوێکردنـەوە تـا قوڵاییـە دوورەکـان هـەڵکۆڵین لەزمانـدا

بكات. بۆیـه شـیعری نـوێ بەشـێوەیەکی جـوزئی دەبوایـە زەحمـەت بکەوێتـەوە، چـونکە بـــەزۆری بـــەدووبارە دروســـتکردنەوەی پێکهاتـــەی زمانەوانییـــەوە بەنـــدە، تەنانـــەت هەندێکجاریش بەدووبارە خەڵقکردنی وشەش هەڵدەستێت، ئەوەش بۆ دووبارە گێڕانەوەی وشەکان بۆ سەر بنەڕەتە دەلالییەکانی یەکەمیان دەگەڕێتەوە، یان بۆ خەڵقکردنی رستێك دەلالەتی خەیاڵکراو دەگەڕێتەوە.

ئـەوەی کـە شـیعر ئـەنجامی دەدات هاریکـاریکردنی فەیلەسـوفانە، چـونکە فەلـسەفە سەرەڕای گرنگیدانی بەفۆرمەلـەکردنی گوتـار لـەبارە زانـستیەکەیەوە لەپەیوەنـدی نێـوان مرۆڤ و جیهان، مرۆڤ و خود، مرۆڤ و ئەوانیدی کـە بایـەخیش بەکەشـفکردنی قوڵاییـەکانی زمانو پەنا بردنە بەر زمان دەدات..بۆیە فەیلەسوفیش پێویستی بەوشەگەلی زمان هەیە.

لێـرەدا مـن ئـەو قـسەیەی (هایدگـەر) وەبـیر دەهێنمـەوە کـە دەڵێـت: پەیوەندییـە پێـشنییەکان پێویـستیان بەوشـەگەلێك هـەبوو بـۆ ئـەوەی گوزارشـتی پێبکـەن، یـەکێك لەئەرکەکانی شاعیریش ئەوەیە کە بتوانێت وشەکان لەو پەیوەندییـە کۆنـە رزگـار بکـاتو سنووری دەلالەتەکان بەرفراوانتر بکاتەوە، بەو مانایەش فەیلەسوف بۆ زیـاد کـردنو فـرە کردنی وزەی مانا کە زمانەکەمانی لەخۆ گرتووە پشت بەتوانای شیعری دەبەستێت.

**پ/بەڵام جـەختت لـەوە کـردەوە کـە خـەڵکی رەنگـە مـافی خۆیـان بێـت بەرەنگاری شیعر ببنەوە.**

–ریکۆر: دەتوانم ئەو هۆکارانە تێبگەم کە پشتی پێدەبەستن، چونکە خوێندنەوە –بە بۆچوونی من– گرێبەندییەکە، خوێنەر ناتوانێت بەگرێبەندییـەکی دیکـەی نـوێ بیگۆڕێـت، ئەگەر هاتوو وشەکانو پێکهاتەکانو ناوکۆیی فیکری لەبەر دەستی خوێنەر دوور بوو، لەم حاڵەتەدا خوێنەر دووچاری نائومێدی دەبێـتو لەگەیـشتن بـەرەو ئـەو مانایـەی کـە دانـەر داوای دەکـات کـورت دێنێـت، ناتوانێـت هەڵوێـستی بەیەکگەیـشتن بـژەنێت بۆیـە لـەم حاڵەتەدا دەکەوێتە بەدحاڵیبوونەوە.

**پ/ هەڵوێـستەکە لێـرەدا–وەک وێنـاتکرد– بەنیـسبەت هـەر دوو لاوە هەڵوێستێکی خراپە، شاعیر لەرابوونـەوەی بەرامبـەر زمـانی تـاک دەنگـی پێویستە لەهەڵکۆڵینی زمان بەشێوەیەکی گەورەتر بەرەو قوڵایی بێتەوەو**

**لەهەمان کاتیشدا –لە بەرامبەر ئەو هەوڵانەی شاعیر- خوێنەریش زیاتر هەست بەنائومێدی دەکات.**

–ریکۆر: لێرەدا نائومێدی خوێنەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناتوانێت وزەکانی زمانی خۆی بەرزبکاتەوە، ئەگەر بۆمان بشێ بڵێین کە زمانی خوێنەر گرژ دەبێتەوە لەم حاڵەتەدا خوێنەر ناتوانێت بگاتە ئەو خاڵەی کە زمانی شاعیری پێگەیشتووە، ئەو فیکرەیە لەوێنەی دوو کەس دەچێت کەهەریەك لەوان دەستی تەوقەکردن بۆ دەستەکەی دیکە درێژ دەکات بەڵام ناتوانێت تەوقە بکات.

**پ/ ئایا قسەکانت بەرەو ئەوەن کە دواجار نووسەرو خوێنەر لێکجیا دەبنەوەو دوو ڕێگەی جیا لەیەکتر دەگرنە بەر، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەشاعیرەکانەوە هەیە، دەشێ چی بکرێت تاکو بەشێوەیەکی جیاواز ئەو پەیوەندییەی نێوانیان بگەڕێنێتەوە، ئەگەر ئەوەمان بەهەند وەرگرت کە باسمان کرد لەبارەی پێویستی بوونی شیعر کە تێکرا ڕۆڵی لەدەوڵەمەندکردنی زمانو فرەیی دەلالەتەوە هەیە، ئایا لەم حاڵەتەدا چی پێویستە بکرێت؟.**

–ریکۆر: ڕەنگە شیعریش لەئاستی خۆیدا بەشێوەیەك لەشێوەکان بەهەوڵێکەوە بەندبێت کە خۆی لەململانێی گەیاندنی گوزارشتێکی گونجاودا دەبینێتەوە، ئەوەش وەك پێویست دەکەوێتە سەر ئەزموونە شاراوەکانی مرۆڤایەتییەوە، ئەو ئەزموونانەی کە دەکەونە ژێر کۆی ژیانی ئاساییەوە.

لەلایەکی دیکەوە بۆ کەشفکردنی ئەو ئەزموونو ئەزموونە مرۆڤایەتیانەی کە زمانی سوودگەراییو زمانی زانستی لەناوی دەبات هەوڵی دیکە لەلایەن شاعیرەوە بەدی دەکەین. بەمجۆرە دەبینین شیعری ئەمڕۆ لەنێوان دوو پێداویستی بنەڕەتی شەتەك دراوە، لەلایەك هەوڵی دووبارە بونیادنانەوەی سیفەتێکی تەعبیری دەدات بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ئەزموونانەی کە جەوهەری مرۆڤایەتیان لەخۆدا هەڵگرتووە، وەکو ژیانو مەرگ، هەستکردن بەتاوانو خۆشەویستی.....هتد. لەلایەکی دیکە شیعر دەکەوێتە دابڕانی نێوان زمانو شتەکان، زمانو خۆی، تا وای لێدێت تەنها زمان دەبێتە بابەتی شیعر. بەمجۆرە شیعر خۆی لەنێوان ئەو دوو پێداویستییە بنەڕەتییە شەتەك دراوەوە

دەبینێتەوە: گێڕانەوای ئەزموونە مرۆییەکان، ئـەو ئەزموونانـەی کـە دەکەوێتـە ژێـر کـۆی ژیـانی ئاسـاییەوە، یـان هـەوڵی کەشـفکردنی تواناکـانی تـەجاوزکردنی ئـەو زمانـەی کـە پەیوەندی بەئەزموونە مرۆییەکانەوە نییە، لێرەدا ئەرکی خوێنەر قورس دەبێت. ئـەویش لەبەر ئەوەی خۆی لەشوێنێکدا دەبینێتەوە کە ناچار نەك هـەر بەرهەڵسـتی سـنووردارێتی زمانو وێکهاتنەوەی زمان بکات، بەڵکو ناچارە بەرهەڵستی قەناعەتە تایبەتیەکانی خۆشی بکات بەوەی کە وەزیفەی زمان بریتییە لەئامادەکردنەوەی هەموو ئەو شـتە هاوبەشـانەی کە لەنێوان شاعیرو خوێنەردایە.

**پ/وایدانێ هەر چی نووسیووتەو تەعبیرت لێکردووە، بەنیـسبەت ئـەو مەسەلەیەی کە ئێمە خستمانە روو گرنگییەکی گەورە لەخۆ دەگرێت، مـن لەو بڕوایەدا نیم هەر یەک لەو دوو لایەنـەی کـە –بـە پێـی وەسـفی تۆ- بڕیاری راستی و هەڵەی لەسەر بدرێت، بـەڵام مـن وایـدەبینم هـەر یـەک لـەو دوو ڕێـرەوە دەشـێ بەشـێوەیەکی گـەورەتر لـەکاتێکی دیـاریکراودا بەئاراستەی دیکە جەختی لێبکەینەوە.**

–ریکۆر: دوور لەگوتنی راستی، ئەو دوو ڕێڕەوەو هەڵەی ئەویدیکەیان، دەمەوێت بڵێم لەنێوان ئەو بەتەوەرە بوونەدا شیعر دروست دەبێت.. لەلایەك لەسەر شیعر پێویستە کـە ئاستەکانی ئەزموونی مرۆیی بـدوێنێت، ئـەو ئەزموونـەی کـە بـەر ڕەخنـەگرتن دەکـەوێت، لەلایـەکی دیکـەش پێویـستە لەڕێگـەی پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ شـتەکانو واقیـع بـەنێو ئازادییەکانی زماندا گوزەر بکات، ئەوە بۆ خۆی بەرەو زیادبوونی بۆشایی نێـوان زانـستو شتەکانمان دەکاتەوە، بەمجۆرە شیعر لەنێوان ئەو دوو ڕێڕەوەدا گرێدراوە.

**پ/رەنگە ئەوە گفتوگۆیەکی پێویست بخاتەوە.**

–ریکـۆر: بـەڵێ، ئەگـەر بـۆ نموونـە گوتمـان شـیعری ڕۆمانـسی لەسـەدەی نـۆزدەدا ئەولەویـەتی تـەعبیرکردنی هەسـتە مرۆییـەکانی پێبەخـشیبێ، مەبەسـتم تـەنها هەسـتە ئاسـاییەکان نییـە، بـەڵکو ئـەو هەسـتە ناسـكو تایبەتەیـە کـە لەڕێگـەی دووبـارە خەڵقکردنەوەی زمانەوە (بەو مانایەی کە شیعرە) بەرجەستە دەبێت. بـەڵام دوای ئـەوە، واتـە لـەکۆتایی سـەدەی نـۆزدەداو دوای "مـالارمێ" لەگـەڵ پشتگوێخـستنی تـەواوی ئـەزموونی مرۆییدا جۆرێکی دیکـە لەئەزموونگـەری زمـان دەبینرێت، واتـە لێـرەدا زمـان

لەخۆیدا ئامانجێکی دەپێکا، هەڵبەتە لێرەدا لێپرسراوێتیەکە دەکەوتە سەر شاعیرو شاعیر هەوڵیدەدا زمان لەناپاکی شتەکانو واقیع ئازادو سەربەست بکات، ئەگینا ئەوەی کە رێگە دەگرێت لەوەی شیعر هەبوونی خۆی هەبێت –بەپێی بیرکردنەوەی خۆم– پارێزگاریکردنی ئەو گفتوگۆکردنەی نێوان وەزیفەی تەعبیری زمانو وەزیفەی ئەزموونگەرییانەی زمانە.

**پ/ئایا لەم چوار چێوەیەدا دەشێ فەلسەفە ستەم لەشیعر بکات– بەشێوەیەک کە ئازار بەخودی شیعر بگەیەنێت؟.**

**لێرەدا ئاماژە بەبونیادگەری دەدەم ئەگەر چی لەم ساتەوەختەدا کەمخوێنە، بەڵام ئامادەگییەکەی هەر لەبەر چاوە، من پێموایە کە بونیادگەری جێکەوتەی لەسەر وێناکردنی نووسەران بەسەر خودی خۆیانەوە داناوە. ئەوەش پاڵیان پێوەدەنێت جەخت لەسەر یەکێک لەلایەنەکانی پەیوەندی دیالێکتیکی بکەن کە لەبارەی بونیادگەرییەوە دەدوێت، واتە جەخت کردنەوە لەسەر خەسڵەتی نەگوێزانەوەدا (non-referential) یان خەسڵەتێک کە لەسەر گوێزانەوەی خودی بوەستێت (self-referential) لەسەر حیسابی خەسڵەتەکانی گواستنەوەدا.**

–ریکۆر: بەڵێ بەڵێ، ئەو گرفتە دەبێت چاوی پێدا بخشێنینەوە، لەکاتێکدا هەندێك لەرەخنەگران دەڵێن زمان لەشیعردا گواستنەوەئامێز نییە، ئەگەرچی تێڕوانینیشیان گواستنەوەئامێز بێت، یان گوێزانەوەئامێزیش نەبێت، بەڵام ئەو تێڕوانینە تا رادەیەکی زۆر بەرتەسکە، گواستنەوەئامێزی–وەك وێنای دەکەن– بەو شتانەوە بەندن کە لەژیاندا هەن، یان بەو هەموو شتانەی بەبیرکردنەوەی زانستییەوە بەندن.

ئەو شێوە دەرخستنە چەمکی هەڵە بەرهەم دێنێتو بەهێزی دەکات، مەبەست ئەوەیە کە ئەوە تەنها واقیعە دەشێ دەستی لێبدرێت، بەڵام ئەگەر پێشبینی ئەوەمان کرد کە ئاستێکی دیکەی واقیع لێرەدا هەیە تەنها هەر شیعر دەتوانێت بیگاتێو تەعبیری لێبکات، کاتێك کە مەسەلەی پەکخستنی گواستنەوەکاری دەبێتە هەنگاوی یەکەم، لەرێگەیەوە دەتوانین پەیوەندی نێوانمانو نێوان شتە ئاساییەکان بپچڕین، لێرەدا باشترە بەرەو رووی ئازادی زمان بگەڕێینەوە، دووبارە گواستنەوە (سەرچاوە) (referentiality)

ئاراسـتە بکـەینو بـەرەو رووی شـێوەکانی دیکـەی ئـەزموون، بـەو مەرجـەی کـە قـوڵترو ریشەدار ترە پاڵی پێوە بنێین.

**پ/ ئـەوەیان بەسـەر گێـڕەرەوەدا جێبـەجێ دەبێت،کاتێـک گێـڕەڕەوە چـیرۆکەکەی دەگێڕێتـەوە ئـەو هاوکێـشە بـچوکەی کـە لەهـەمان کاتـدا وا لە چیرۆکەکەی دەکات ببێتە چیرۆکێکی حەقیقی یان نا حەقیقی گێڕەرەوە جێبەجێ دەکات. بەڵام چـۆنێتی تایبـەت لەرێگـەی شیعرو ئەدەبـەوە کـار لەپەکخستنی مەسەلەی گواستنەوە دەکات، نەک هەڵبژاردنی گواستنەوە.**

–ریکۆر: بەڵێ تۆ لەخستنە رووی ئەو مەسەلەیە راستی، بەلاّم نازانم تـا چـەند لەگـەڵ مـن تـەبای لـەوەی کـە دەڵـێم مـن شـیعر هـەر تـەنها وەك شـێوەیەکی زمانـەوانی کـێشو سەروادار نابینم، بەڵکو لەچوارچێوەیەکی بەرفرەوانتری دەبینم وەك چـیرۆکێکی لیریکـی، لەلایەکی دیکە بەخەیاڵکردنی گێڕانەوەئامێز بۆ خۆی شیعرە، واتە چـنینی تایبـەت لەهـەر چـیرۆکێکدا خـۆی تـەنها داهێنـانی خەیاڵـدا هەڵدەگرێتـەوەو لـەوێوە دنیایـەکی تایبـەت بەخەیاڵ دەخاتە روو، بـەو مانایـە چـیرۆك شـیعرییەتی لـەوەدا کـورت ناکرێتـەوە چـونکە نووسینێکی رێکخراوە.

**پ/ باشە ژمارەیەک لەشاعیرانی هاو چەرخ لەم ساڵانەی کۆتایی (واتـە بەر لەدەیەیەک یان دوو دەیە) هەستیان بەوە کرد کە رەگەزی گێڕانەوە لەخولگەی شیعردا ون بووەو نەماوە، من دەزانم کە زۆرێک لەو شـاعیرانە هەوڵیان دەدا ئەو رەگەزە دووبـارە بـۆ نێـو شـیعری هاو چـەرخ بگێڕنـەوە، لەوێدا جۆرێک لەبێزاری بەرامبەر تۆنی لیریکـی پـەتی دەرکـەوت. بـەڵام لێرەدا من گرنگی بەو زاراوەیە دەدەم کە تۆ ئێستا لەقسەکانتدا لەبارەی چیرۆکەوە بەکارت هێنا، ئەویش زاراوەی جیهانـە (world) ئـەو زاراوەیـە لەنووسینەکانتدا بایەخێکی گەورەی هەیـە، کاتێـک کـە تـۆ دەڵێیـت کـاری هونەری جیهان دەخاتـە روو، ئـەوە لـەوێناکردنی رۆمانـسیانەی پەیوەسـت بەگەیاندن (یـان خـودی و نـا بابـەتی) دوور دەکەوێتـەوە، کاتێـک دەڵێیـت کـاری هونـەری یـان قەسـیدەیەک جیهـان دەخاتـە روو، ئـەوە تـۆ بـەمانا**

**کۆسمۆلۆژییەکەی بایەخ بەجیهان نادەیت، بەڵکو بەمانا ئەنتۆلۆژییەکەی بایەخی پێدەدەیت.**

–ریکۆر: بەڵێ من وشەی جیهان بەدوو مانا بەکار دەهێنم، تواناو فەلسەفی، بۆ نموونە کاتێك بەزمانی فەرەنسی دەڵێین (منداڵێك لەدایك بوو) بەو شێوەیە دەریدەبڕین ( vient au monde) واتە هاتە جیهانەوە.

بەمجۆرە لەبارەی جیهانی یۆنانو ڕۆمانەوە دەدوێین، لێرەدا لەبارەی گریمانەو توانستێکەوە قسە دەکەین کەماڵێك پێکدەهێنیت، ماڵێك کە خەڵکێکی دیاریکراوی تێدا دەژی، ئەو ماڵەش دەشێت شوێنی نیشتەجێبوونی تێدا بێت، من زۆر سەرسامم بەو چەمکەی کە هایدگەر خستویەتە ڕوو، پەیوەستە بەسێ زاراوە (بنیاتنان، نیشتەجێبوون، بیرکردنەوە) بەو مانایە جیهان ئەوەیە کە تێیدا نیشتەجێین، چەمکی جیهانیش لەچەمکی ئاسۆ (horizon) پێکهاتووە، واتە ئەو شتەیە کە تاکو ئێمە لێی نزیك بینەوە ئەو لێمان دوور دەکەوێتەوە، دوا بەدوای ئەوەش وزەکەی هەرگیز لەبن نایەت، هەموو ئەزموونێکیش کە ئەو دنیایە بۆمان دەیخاتە ڕوو شتێك لەخۆ دەگرێت، بەڵام ئەو شتە تەنها وەکو توانا (کردەنی) دەمێنێتەوە هەموو ئەو توانایەش کە ئەزموونی ئێمە دەیگرێتە خۆی ئەو شتە پێکدەهێنێت کە بە(جیهان) ناو نراوە.

**پ/کەواتە کاری هونەری لەشێوەی (خەیاڵکراو) دادەنرێت، بەو مانایەش جیهان دەخاتە ڕوو کە سنوور بۆ ئاسۆکانی دانانرێت، ئەوە ئەوەیە کە تۆ مەبەستتە؟.**

–ریکۆر: پێموایە فەیلەسوفی ئەڵمانی بەجوانترین شێوە گوزارشتی لەوە کردووە، کاتێك کە دەڵێت ئێمە تەنها هەوڵی تێگەیشتنی ناوەڕۆکی قەسیدە نادەین، بەڵکو هەوڵ دەدەین ئەو جیهانەش بەدەست بهێنین کە قەسیدەکە ئینتمای دەکات، یان دەیخاتە ڕوو، هەروەها ئەو باس لەو خاڵەش دەکات کە ئاسۆکانی تێدا بەناویەکدا دەچنو تێکدەچرژێن.

**پ/تۆ قسەت لەگادامێر کرد؟.**

–ریکۆر: بەڵێ ئاماژەم بۆ گادامێر کرد، وەك ئەوەی کە دوو ئاسۆی بەیەکداچووی سنووری ئەزموونەکەمانە.

**پ/ لێرەدا تۆ ئاماژە بەئاسۆی خوێنەرو نووسەر دەکەیت؟.**

–ریکۆر: ئێمە لەناوەوەی خۆمانەوە دنیایەکمان هەڵگرتووە، وەك چۆن لەدنیایەکدا نیشتەجێین‌و دەشێ لێرەدا جۆرێك لەئاوێتەیی لەنێوان ئەو دوو جیهانە بخەینەوە.

**پ/ ئایا لێرەدا ئیشکالێک نابینیت کە بەمەسەلەی بەیەکدا چوونی ئاسۆکانەوە بەندە؟. با بۆ نموونە خوێنەرێکی هێمن وەرگرین کە حەزی لەشیعری ریلکەیە، ئەو خوێنەرە دەچێتە نێو دنیای ریلکەو لەو دنیایەدا نیشتەجێ دەبێت و وەک یارییەک ئەو دنیایە تاقی دەکاتەوە، بەڵام ئەو یارییە دواجار بەگڵەیی کردن لەکاری هونەری کۆتایی دێت، من لەو بڕوایەدام لێرەدا کێشەیەک هەیە، ئەویش پەیوەندی بەنیاز پاکییەوەیە، بەڵام بەشێوەیەکی دیاریکراو ئاماژەی پێناکرێت.**

–ریکۆر: نیاز پاکی لای کێ؟.

**پ/ لای خوێنەر بەدەستەواژەیەکی دیکە ئەو یارییە لەکوێ کۆتایی پێدێت؟ رەنگە ئەو کاتە کۆتایی پێبێت کە لەنێو کاری هونەری دەچێتە دەرەوە، لێرەدا ئەو هونەرە کار لەتۆ ناکات. رۆڵی دنیای کاری هونەری لەوەدایە کە کار بکاتە سەر دنیاکەی تۆ.**

–ریکۆر: ئەو دنیایە کار لەهێزی وەرگرتنمان دەکات، بۆ نموونە هەندێك شت لەنێو کاری هونەری دەبینین کە لەژیانی ئاساییماندا بینینیان لەدەست چووە، "پرۆست" لەزەمەنی گەڕانەوەدا دەڵێت خوێنەر لەهەر کتێبێکدا خۆی دەخوێنێتەوە، بۆیە من لەراستیدا لەبەر رۆشنایی کاری هونەریدا خۆم دەخوێنمەوە. ئەوەش بەقەناعەتی کەسی خۆمەوە بەندە، من هەڵگری ئیگۆیەکی تایبەت بەخۆمم (چەمکی –ئیگۆ– بۆ بەکارهێنانەکەی فرۆید دەگەڕێتەوە:و–ك.) منێکی کامل نیم، پاشان ئەوەی کە خودی من (self) داوای دەکات لەراستیدا جگە لەوەی کە قوتابیەکی ئەو قوتابخانە هونەری‌و ئەدەبیانەیە کە خوێندوویەتیەوەو حەزی لێیانەو نوێنەرایەتیان دەکات شتێکی دیکە نییە، بۆیە خود نوێنەرایەتی جۆرێك لەسەنگەر دەکات، یان ئەو گەوهەرەی کە هەموو ئەو ئەزموونانەی لەخۆ گرتووە. کەواتە بەر لەکردەی خوێندنەوە منێك نییە لەبەراییدا ئامادەیی هەبێت، چونکە کردەی خوێندنەوە (من)ی نوێ دروست دەکات. لەیەکێك

لەنووسینەکانمدا گوتوومە کاتێك دەخوێنمەوە (من)ی خۆم رووت دەکەمەوە بۆ ئەوەی لەرێگەی خوێندنەوەوە بگەمە خودێکی دیکەی نویٚ. (ئەگەر لەسەر ئەو بنەمایە قسە لەخوێندنەوە بکەین، دەکەوینە نێو تیۆری(وەرگر)ەوە، دەتوانین بڵێین وەرگر لەرێگەی هوشیاری بوونی بەبوونی زاتیانەی خۆی پرۆسەی تێگەیشتن فەراهەم دەکات، چونکە بوونی زاتیانەی (وەرگر) چرکەیەکە لەچرکەکانی بوونی راستەقینە، کاری ئەدەبیش چرکەیەکی وجودییە، هەر کاتێکیش هەردوو چرکەکە بەیەکگەیشتن ئیدی دیالۆگ دێتە دی، پرسی ترو وەڵامی وەها دێنە دی بەهۆیانەوە حەقیقەتی بوون ئاشکرا دەبێتو (ئینجا) ئەزموونی وجودییانەمان لەنێو جیهاندا گەشە دەکات-و/ك).

**پ/ من پێموایە کە وێناکردنەکانت لەبارەی خوێندنەوەو شیعر زۆر بەپتەوی بەوێناکردنە ئایینییەکانتەوە بەندە، بۆیە کاتێک لەبارەی هێزی تێڕامانەوە قسە دەکەین ئەو تێڕامانەی کە دەقێک لەدەقەکان جێگەی دەگرێتەوە لەساتەوەختێکدا کە توانای تێدا هاتۆتە کەشف بوون. بەشێوەیەکی پتەو بەچەمکی ئەویدیکەوە پەیوەست نییە، ئەو ئەویدیکەی کە داهاتووی لەخۆیدا هەڵیگرتووە؟.**

-ریکۆر: دەمەوێت لێرەدا قسەی خۆم لەبارەی سەرنجی یەکەمتەوە بخەمە روو، ئەوەی کە زمانی من بەزمانی ئایینییەوە دەبەستێتەوە، من زمانی ئایینی وەك زمانی شیعری دەبینم بۆیە من داوای سروش لەزمانی ئایینی ناکەم، بەڵکو داوای سروشی شیعرییانەی لێدەکەم، واتە ئەو وزەیەی کە توانای خەڵقکردنی ژیانێکی نوێی پێیە، هەروەها لایەنەکانی دیکەی واقیعو تواناکانی دیکەش یان کردەییەکانی دەپارێزم. دەشێ تۆ ئەوە بەئەوانیدیکە ناو بەریت ئەگەر نیازت لە"ئاسۆی دنیای ئەویدیکە" بێت، یان پەیمانت بەژیانێکی نویٚ دابێت، رەنگە ئەوەش بەشێوەیەك لەشێوەکان پەیوەندی نێوان شیعرییەتو زمانی ئاسایی لەخۆدا هەڵگرتبێت، شیعر بۆ کەشفکردنی تواناو وزەکانی زمان دەگەڕێتەوە، ئەو زمانەی کە وەزیفەکەی لەپەیوەندی بەواقیعی هەنووکەیدا کورت دەکاتەوە، لەبنەمادا سوودگەرایی دەکەوێتەوە.

**پ/ ئایا پێتوایە شتێکی پێویست و باشە کە جیاوازی لەنێوان شارەزایی ئایینی و شیعریدا بکەین؟ من دەزانم کە تۆ بە"ریلکە"**

**سەرسامیت، ئایا لێرەدا بەو مانایە پێویست دەکات جیاوازی لەنێوان شاعیرێکی گەورەی وەک ریلکەو شارەزایی ئایینیدا بکەین ؟ چونکە تۆ زۆر جاران زمانی "هایدیگەر" بەکار دەهێنی و قسە لەوشە دەکەین بەو مانایەی کە لەئاسمانەوە هاتۆتە خوارێ، ئەوەش ئاماژەیە بەرەهەندێکی بەهێزی ئایینییەوە.**

–ریکۆر: بەڵێ، بەڵام من لێرەدا بەمانا نا ئایینزاکەیەوە قسە لەسەر ئایین دەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەبێت بڵێین ئەوەی کە وەك جیاوازی دەکەوێتە نێوان شیعرو شارەزایی ئایینی ئاسۆیەکم بۆ دەکاتەوە ئاسۆیەك کە لەرێگەیەوە دنیای پێدەبینم، ئەوەش لەفیکرەی یارییەوە سەرهەڵدەدات. بەو مانایەش من ناپەیوەستم، ئەوەی کە دەکەوێتە سەرم تەنها ئەوەیە کە سۆزم بۆ خەیاڵی خۆم هەبێت.

بەڵام شارەزایی ئایینی–بە هەموو شێوە ئایینزاکانییەوە– بەلای کەمی سێ رەگەزی سەرەکی لەخۆ دەگرێتو لەوێوە لەگەڵ شیعر لێکدوور دەکەونەوە، یەکەم رەگەز لەو رەگەزانە دەربەستبوونە (commitment) دووەمیان ئینتیمایە بۆ کۆیەکی دیاریکراو، بەڵام سێیەمیان هەوڵی بەستنەوەی ئەو دەربەستبوونو ئینتیمایەیە بۆ هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتیو ئەخلاقیو سیاسی دیاریکراو.

بەڵام شیعر جگە لەیاری شتێکی دیکە نییە، من وەك خوێنەرێکی شیعر ناتوانم ئەو ئەرکە بخەمە سەر شانی خۆم کە لەتەقلیدی مەسیحیەتدا پێی دەگوترێت گۆڕینەوە یان دیاری (conversion). شیعر داوای هیچ شتێك ناکات، دەشێ گۆڕانکاری لەبواری هەژاریو وبێ پیتی زمان، بەرەو بوارێکی دیکەی دەوڵەمەندو بەپیتی روویدات، بەڵام بێئەوەی ئەو گۆڕانکاریانە بەهیچ بڕیارو هەڵوێستێکەوە بەندبێت. پاشان رەگەزی دەربەستبوون کە لەشارەزایی ئایینی دەیبینین جیاوازە لەیاری بێگەردی خەیاڵی کە لەشیعردا دەبینرێت. لێرەدا من خۆم لەنێوان ئەو پەیوەندییە بەهێزەدا دەبینمەوە کە دەکەوێتە میانی شیعرو شارەزایی ئاینییەوە، ئەوە لەلایەك لەلایەکی دیکە من خۆم لەبەرجەستەکردنی جیاوازییەکانی نێوانیاندا هەڵدەگرمەوە، بەمجۆرە من حەز ناکەم لەئاییندا هەموو شتێك وەك شیعری لێبێت، وەك چۆن حەز ناکەم لەشیعردا هەموو شتێك وەك ئایین تەماشا بکرێت، بەڵکو حەز بەمانەوەی ئەو دەمەتەقێیەی نێوانیان دەکەم.

ئەوەش نموونەیەکی دیکەی ئەو سینگ فرەوانییەیە کە زمان لەڕێگەی بەکار هێنانە جیاوازییەکانیەوە پێی دەناسرێتەوە، زمانی ئایینی لەلایەك فرەیی بەزمانی شیعری دەبەخشێت، لەلایەکی دیکە ئەو فرەییەی پێ نابەخشێت، ئەوەش بۆ ئەو گێڕانەوەیە دەگەڕێتەوە کە لەشیعری لیریکیدا بەرچاو دەکەوێت. وەك چۆن لەهەمان کاتیشدا بۆی ناگەڕێتەوە، ئەوە خودی ئەو مانایەیە کەوا لەزمانی ئاسایی دەکات بێتە زمانی شیعری، وەك چۆن لەهەمان کاتدا واشی لێناکات. بەمجۆرە دەبینین زمانی شیعری بەیەکدادەچێتو دەچێتەوە نێو یەکو دادەخرێت، لەهەمان کاتیشدا بەشێوەیەکی توونە لێکدووردەکەوێتەوە. لێرەدا وەزیفەیەك لەوەزیفەکانی بەرجەستە دەبێت، کە بەفەلسەفەی تەئویل (هیرمینۆتیکا) ناو دەبرێتو هەر دەبێت ئەو تەئویلە هوشیارانە بکەوێتە میانی بەکارهێنانە زمانەوانییەکانەوە.

**پ/دەمەوێت بپرسم یەکێک لەکتێبەکانت کە ناونیشانی (شیعرییەتی ویستە) هەڵگرتووە، ئەو کتێبە چ پەیوەندییەکی بەشیعرەوە هەیە، یان تۆ وشەکەت بەشێوەیەکی مەجازی بەکار هێناوە؟.**

-ریکۆر: نە ئەویانەو نە ئەمیان، ئەوەی کە من بیری لێدەکەمەوە بەکارهێنانی ئەرستۆییە بۆ وشەی شیعرییەت(پۆتیکا-poetics) لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا، ئەو بەکار هێنانەش بەرەو مانا یۆنانییەکە (poesis) مان دەباتەوە، کە بەمانای دووبارە خەڵقکردنەوە دێت، ئەوەش بەرەو ئەوەمان دەبات کە من لەبارەی چەمکی دووبارە خەڵقکردنەوە بەبیرم هێنانەوە، ئەو چەمکە دڵی لەچەمکی شیعر -بە واتای هۆنراوە- بەرفرەوانترە، رەنگە هەر ئەوەش وای لەمن کردبێت کە چیرۆك بخەمە دووتوێی شێوەکانی شیعرییەتەوە، چیرۆك وزەی خەیاڵی بەرهەمهێنراومان تیژ دەکاتەوە، ئەو خەیاڵەی کە بەپێی رێسایەکی دیاریکراو بەرێوەدەچێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا خەیاڵی داهێنەرانە، رێسا خەڵق دەکاتو لەهەمان کاتیشدا لەناوی دەبات. دواجار دەشێ بڵێین شتێکی هاوبەش لەنێوان هەموو شێوەکانی شیعرییەتدا هەیە هەر لەهونەری گێڕانەوە تا دەگاتە شیعری لیریکی.

**پ/ لەکتێبەکەت کە ناونیشانی هیرمینۆتیکاو زانستە مرۆییەکانی هەڵگرتووە، قسە لەمێژوو دەکەیت بەو مانایەی کە دەقێکی ئیبداعییە-دەشێ لەم بارەیەوە قسەمان بۆ بکەیت؟.**

-ریکۆر:بەڵێ، لێرەدا هەندێك لەفەیلەسوفان دەیانەوێت وا تەماشای مێژوو بکەن وەك ئەوەی شێوەیەك بێت لەشێوەکانی شیعرییەت، لەوانەش کە من زۆر سەرسامم بەکارەکانی بۆ نموونە (هایدن وایت)ە. چۆنێتی فۆرمەلەکردنی مێژوو کە مێژوونووس لەچنینی رووداوەکانی رابردووەوە پێی هەڵدەسێت، هیچی لەو ئیبداعە کەمتر نییە کە نووسەرێکی شانۆیی لەفۆرمەلەکردنی چنینی شانۆکەیدا پێی هەڵدەسێت. هەر یەکێك لەوانە دەیەوێت لەرێگەی یەکێك لەرووداوە جۆراوجۆرەکانەوە کۆمەڵێك دەلالەت دابهێنن، هەوڵدان بۆ تێگەیشتنو کۆکردنەوەی رووداوەکان یەکێکە لەئەستوونەکانی کردەی پێکهێنان، بەمجۆرەش کردەی پێکهێنان خەسڵەتی خەیاڵی داهێنەرانەی لەخۆدا هەڵگرتووە جا چ لەچیرۆکدا بێت یان لەنووسینی مێژوو.

**پ/ کەواتە تۆ تەواوی زانستە مرۆییەکان بەخەیاڵی داهێنەرانەوە رەنگ دەکەیت.**

-ریکۆر: لەناوەڕاستی ئەو سەدەیەدا بەڵگە نەویستێك ئەو بۆشاییە گەورەیەی سەلمان کە دەکەوێتە نێوان ئەوەی پێی دەڵێن زانستە سروشتییەکان یان ئەو زانستەی کە دەکەوێتە ژێر راستییەکانو کۆمەڵێك یاسا لەو راستیانە هەڵدەهێنجێتو زانستە مرۆییەکان یان ئەوەی بەپێی ناونانی ئەڵمانیا پێی دەڵێن (Geisteswissenschaften) بەمحۆرە ئەو بۆشاییە لەنێوان راستیەکانو یاساکاندا چەسپاوە، وەك چۆن لەزانستە سروشتییەکانو ئاماژەکانو هیرمینۆتیکادا دەبینرێت لەزانستە مرۆییەکانیشدا دەبینرێت. ئێستا فەیلەسوفکارانی تیۆری مەعریفە وەك شتێکی رووت سەیری ئەو دابەشکردنە دەکەن، ئەدیبەکان لەگەڵ ئەوان جیا دەبنەوەو کۆمەك بەزانستە مرۆییەکان ناکەن، یان باشتر وایە بڵێین بەرەو هەڵە پەلکێشیان دەکەن، ئەدیبەکان پێیانوایە کە زانست بۆ خۆی لەکردەی هیرمینۆتیکا پێکهاتووە. بەپێی گوتەی (ستیڤن تولمین)یش ئەرکی زانستکاران زۆر لەگەڵ ئەرکی شاعیران جیاواز ناکەوێتەوە،

زانستكاران بواره جياوازەكانى مەعريفە رێك دەخەن، كۆمەڵێك پێكهاتە لەو بوارانەدا دەخەنە روو.

**پ/ لەم بارەوە بەشی حەوتەم لەكتێبەكەتم بیردەكەوێتەوە كە بەناونیشانی یاسای میتافۆرە (Metaphor) لەو بەشە گشتییەی كتێبەكەت نموونەی (ماكس بلاك)و میتافۆرەكانی ماكس بلاك شان بەشانی (ئەرستۆ) دەهێنیتەوە. وا پێدەچێت سوودی ئەو مەسەلەیە لەگفتوگۆكەماندا بێتە جێگای بەراوردكارییەكی نێوان شیعرو زانست.**

**ئێمە واسەیری زانست دەكەین وەک ئەوەی پرۆژەیەک بێت، جیاواز لەپرۆژەی شیعری، لەكاتێكدا ئەو نموونانەی كە زانستكاران تەبەنی دەكەن وەک دارشتنی زمانەوانی زۆر لەگەڵ شیعر جیاواز ناكەونەوە، وەک تۆ دەڵێیت شاعیر بۆ خۆی بەجۆرێک لەجۆرەكان توێژەرەوەیە.**

–ریكۆر: بەپێی تەعبیری (كارل پۆپەر) خاڵی بەیەكگەیشتنی نێوان لۆژیكی كەشفكردنو شیعر ئەوەیە كە ئەو كەشفكردنە لۆژیكیە كردەیەكە لەكردەكانی خەیاڵو هەوڵی بینینی پێكهاتە نوێیەكان دەدات، پاشان هەوڵی لەناوبردنی بونیادە كۆنەكەش دەداتو رێگە بۆ دەركەوتنی بونیادی نوێ خۆشدەكات، بەڵام لێرەدا بەلای كەمی سێ پێوانە بۆ حوكم بەسەردادانی كردەی زانستی لەئارادایە لەسروشتدا جیاوازە لەگەڵ ئەوەی كە حوكم بەسەر شیعردا دەدات. پێوانەی یەكەم– كە (پۆپەر) دەیخاتە روو، شیعر ئەو توانایەیە كە گریمانەی زانستی بەدرۆ دەخاتەوە falsification– دەلالەتەكانی خۆی وەك گریمانەیەكی زانستی بەدەست دەهێنێت، بەڵام دواجار لەپراكتیزەكردندا بەدرۆی دەخاتەوە. بەڵام دووەمیان كە حوكم بەسەر كاری زانستیدا دەكات ئەوەیە كە خەڵكی هەوڵدەدات، چونكە حەزدەكات هاوەڵەكانی دان بەگریمانەكەیدا بنێن، ئەوەش بەمەسەلەی زۆربە ناسراوە، زۆربەیەك كە هیچ شوێنێكی لەنێو شیعردا نییە، هیچ پێویستیش ناكات شاعیرێك بێتو لەتێرمانی خەڵكی بەشدار بێت. بۆیە ئێمە ئەوەی كە بەكۆمەڵەی زانستی (scientific community) ناو دەبرێت، وا دێتە بەرچاومان كە لەدنیای شیعر هیچ بەرامبەرێكی نەبێت.

**پ/ئایا ئەوە بەو مانایەیە کە ئەوەی بەکۆمەڵەی شاعیران ناو دەبرێت وجودی نییە؟.**

-ریکۆر:بەڵێ، ئەوە بەشێکە لەهەڵوێستی درامی کە شاعیر خۆی تێدا دەبینێتەوە، شاعیر هەمیشە لەساتەوەختی خەڵقکردنو دووبارە خەڵقکردنی دنیادا تەنیایە. بەڵام پێوانەی سێیەم کە حوکمی کەشفکردنی زانستی دەکات ئەوەیە کە هەموو کەشفکردنێك دەبێت لەگەڵ تەواوی بەخششەکانی پێشوو بەیەك بگاتەوە، تا دەگاتە ئەو ساتەوەختەی یەکێك لەکەشفکردنەکان لەگەڵ بەخششەکانی پێشوو لێکدابڕان دروست دەکات- وەك ئەوەی کە (کۆن) ئاماژەی بۆ دەکات- لێرەوە پارادیمی مەعریفی دەبێ بگۆڕدرێت، کەچی بەپێچەوانەی ئەوەوە هیچ سیستەمێکی شیعری وجودی نییە کە بشێ بگوترێت هەموو شاعیرێك بەشداری لەبونیادنانیدا دەکەنو شتی دیکەی دەخەنە سەر، چونکە فیکرەی سیستەمێکی لەمجۆرە لەگەڵ شیعر تەواو ناتەبا دێتەوە.

هەمان مەسەلەش بەسەر کاری چیرۆکیشدا جێبەجێ دەبێت، ناشێ بگوترێت کە رۆمانێکی تازە شت دەخاتە سەر تەواوی رۆمانەکانی پێشووتری وەك ئەوەی لەگێڕانەوەدا سیستەمێك پێکبهێنن.

**پ/ من لەم بارەوە لەگەڵتدا تەبا نیم، ئەوەش ئەو خاڵەم بیر دەخاتەوە کە دەمەوێت لەو بارەیەوە پرسیارت لێبکەم، ئەویش ئەوەیە کە چۆن دەست بۆ مەسەلەی خەڵکانی دنیای هونەر دەبەیت. لەبابەتێک لەبابەتەکانی کتێبەکەت (هیرمینۆتیکاو زانستی مرۆڤایەتی) تۆ قسە لەو دنیایانە دەکەیت کە کار لەیەکتر دەکەن، ئەوەش فیکرەی کەلەپور(tradition) بەبیر من دەخەنەوە، ئەوەی لەو بابەتەدا ناکۆک دەکەوێتەوە ئەوەیە کە تۆ لەتەواوی کتێبەکەتدا لەبارەی کاری هونەرییەوە قسە لەدنیایەکی هەڵبژێردراو دەکەیت، دنیایەک کە لەگەڵ ئەوەی کەمێک بەر لەهەنوکە ریزبەندیت کرد یەک دەگرێتەوە.**

**لێرەدا دەمەوێت پرسیار لەتێگەیشتنی (ت س ئیلیوت) بکەم کە لەبارەی کەلەپورەوە هەیەتی، ئەو پێیوایە کەلەپور جۆرێکە لەبوار-کایە، رەنگە ئەو فیکرەشی لەزانستەوە وەرگرتبێت، (ئیلیۆت) پێیوایە هەموو**

**کــارێکی ئاکگــەرایی بەشــێوەیەکی وردو پتــەو دەکاتــە تــەواوی ئــەو پەیوەندیانەی کە ئەو بوارە پێکدەهێنن.**

–ریکۆر: بەڵێ، بەڵام جارێکی دیکە نابێت بەو دابەشکردنە ساکارانەی نێوان زانست لەلایەکو هونەرو شیعر لەلایەکی دیکە هەڵبخەڵەتێین.. ئەو دابەشکردنەی پێیوایە دنیا لەسیستەمێك پێکهاتووە، سیستەمێك کە راستییەکانی لەخۆ گرتووەو ئیتر لەسەر هەموو دنیا پێویستە کە شتێکی دیکەی لەراستی بخاتە سەر، بەڵام لەبواری شیعردا هەموو شاعیرێك بۆ خۆی رێبازی خۆی دەگرێتە بەر. ساختەیی ئەو دابەشبوونە ئەوەیە کە زانست وەك ئەوەی کە وێنای دەکەین، رەنگە کەمترین بەدوایەك ریزکردنی تێدا بێت. ئێستا هەندێك هەن قسە لەهەڵوەشانەوەی زانست دەکەن، لەلایەکی دیکە ئەوەی کە جێگەی دڵنیاییە ئەوەیە شاعیر –هەر شاعیرێك– لەخاڵی سفرەوە دەست پێناکات، هەتا ئەگەر بنەماو رێساکانیش هەڵوەشێنێتەوە. ئەوەش ئەوە دەخاتە روو کە پەیوەندی شاعیر بەکەلەپور پەیوەندییەکە لەسەر پارادۆکس هەڵچنراوە.

دەشێ گران تێگەیشتن لەچەمکی کەلەپور بۆ ئەو حەساسیەتە توونده بگەڕێتەوە کە لەبەرامبەر وشەدا هەمانە، چونکە وشە بەرەو ئەوە دەشکێتەوە کە تەعبیر لەخەزینەیەك بیرکردنەوەی دامرکاوە دەکات، ئەگەر سەیر بکەیت دەبینی کەلەپور ماق ئەوەی نییە، ئەو ناونانانە لەخۆدا هەڵبگرێت تەنها ئەو کاتە نەبێت کە لەناوەوەی خۆیدا جۆرێك لەشێوەکانی دەمەتەقێی هەڵگرتبێت. واتە پێویستە لەناوەوەی خۆی بەردەوام کردەی هەڵبژاردنو نوێکاری بگەیەنێت.

بەر لەهەنوکە قسەم لەسەر (ئیلیۆت) کرد، بەڵام کاتێك باسی مەسەلەی کەلەپور دەکەم یەکێك لەو ناوانەی خۆی دەسەپێنێت (نۆرسرۆب فرای)ە لەکتێبەکەیدا (توێکاری رەخنە) لەرێگەی تۆرێك لەچنینو فریودانەوە جەختی لەفیکرەی هەبوونی تۆرێك لەکاری هونەری کردۆتەوە وەك ئەوەی کاری هونەری یەکەیەکی گشتی بێتو لەتەنها دەلالەتێك پێکهاتبێت کە چنینو فریودانە. بەڵام دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە ئەو مەسەلەیە تەنها ناکەوێتە دووتوێی پرۆژەی تایبەتی شاعیرێکەوە، شاعیرێك کە دەبێت بۆ ئەو کارە هونەرییانە شتێك زیاد دەکات.

**پ/بەڵام شاعیر دەشێ خوێنەریش بێت، کاتێک لەبارەی خۆتەوە وەک خوێنەرێک قسەت کرد، وشەی (گەوهەر)ت هێناوە یاد، وەک خوێنەرێک ئەو گەوهەرە لەناوەوەتدا شێوەیەک لەشێوەکانی کەلەپور پێکدێنێت، هەروەها بەنیسبەت من ئەوە روویەک لەرووەکانی کەلەپوری شیعری فەرەنسام بیر دەخاتەوە، لێرە لەبارەی ئەوەوە دەمەوێت بپرسم بەتایبەتی لەبارەی ئەو بەدوادا چوونەی کە لەکتێبەکەت (فرۆیدو فەلسەفە) خستە روو، لەوێدا دەڵێیت وەزیفەی یان کارفرمای خەون شاردنەوەیە، بەڵام کارفرمای قەسیدە کەشفکردنە، لەسەرنجێکی راگوزەردا ئاماژەت بەوە کرد کە شیعری سوریالی ئەوەندە نایاب نییە چونکە زۆر بەتوندی بەخەونەوە لکاوە.**

–ریکۆر: نەخێر، ئەوەی ئەو کات لەهۆشمدا دەخولایەوە لەسەر ئەوە بوو کە (ئەندریە پریتۆن) لەبارەی خۆشەویستی شێتگیریەوە پێشکەشی کردبوو، گواستنەوەی سەرەکی لەو ناوکۆییەدا بەرەو ئەو کارە بوو، رەنگە (پریتۆن) پەیوەندییەکی باشی لەنێوان شیعرو خەون دروستکردبێت، ئەگەر ئەوە بیر بخەینەوە کە خەونی هەڵگەڕانەوە (ئەو زاراوەیە لای فرۆید بەسەرهەڵدانەوەی لبیدۆ دێت، ئەو بارەش ئەو کاتە دەچێتە خەون کە بۆی نەگونجێ بەشێوەی ئاسایی ئارەزووەکانی پراکتیزەی بکات..–و. ك) بەرەو ئاراستەی رابردوو دەبزوێت، بەڵام شیعری پەیامبەر (Prophetic) بەرەو داهاتوو، ئێستا لەبەرامبەر ئەو گوتەزایانە هەندێك سڵکردنەوە هەیە، لەو بڕوایەدام من لەخودی ئەو کتێبەدا، ئاماژەم بۆ ئەوە کردبێت کە شیعر رەنگە بەرەو رابردوو جولە بکات، (کریس) یەکێك بووە لەوانەی ئامازەی بەو بیرکردنەوەیە داوەو بەوەی کە دەڵێت (خەونی هەڵگەڕانەوە) دەشێ ئامانجی کەوتنی داهاتووی پێ بێت.

**پ/ هەروەها ئەوەت خستۆتە روو کە خودی رەمز ئارکیۆلۆژیاو ئەوەی کە نیازدارییە دەخاتە روو، بەڵام تۆ لەیەکگرتنی ئەوەی کە بەرەو پێشەوە دەڕوات و ئەوەی کە بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە کەوتوویەتە تەگەرەوە، ئایا هەتا ئێستا هەست بەو تەگەرەیە دەکەیت؟.**

–ریكۆر: من ئەوەم لەشانۆگەریی ئۆدیب پاشای سۆفۆكل روون كردۆتەوەو هەوڵمداوە لەرێگەیەوە دوو تراژیدیا بەرجەستە بكەم: یەكەمیان مەرگەساتی هەڵگەڕانەوە (سەرهەڵدانەوە) كە لەرێگەی دووبارە بوونەوەی خەونێكی كۆنەوە هەوڵدەدات بۆ دواوە بگەڕێتەوە، ئەوەیان نوێنەرایەتی گرێی ئۆدیب دەكات، بەسەر ئەو مەرگەساتەوە مەرگەساتی دیكەش كەڵەكە بووە كە بەراستییەوە پەیوەستە، بەمجۆرە ئەو تەگەرەیەی كە لێرەدا سۆفۆكلس دەیخاتە روو ئەوە نییە كە ئۆدیب باوكی دەكوژێتو دایكی لەخۆی مارە دەكات، بەڵكو گرفتەكە ئەوەیە كە نكۆڵی لەخودی حەقیقەت دەكات، بەرگرییەكەش لێرەدا بەمانا فرۆیدییەكەی بەرگریكردنی (تیریزاس)ی فالگرەوە نییە، بەڵكو لێرەدا گرفتەكە پەیوەستە بەو مامەی كە ئۆدیب دەپێكێت، لەبەرامبەر ئەو كارامەییەی كە فالگرەوە كوێرەكە خاوەنیەتی.

بۆیە ئێمە لەو چیرۆكە فەلسەفییەی سۆفۆكلس پەیوەندییەكی تا رادەیەك بەتینمان لەنێوان خەونو خەیاڵی پەتیدا دۆزیوەتەوە.

**پ/ ئەی لەبارەی ئەو گوتەزایەت كە تێدا ئەو دەخەیتەوە یاد كە شیعر كەشف دەكات، بەڵام خەون دەشارێتەوە، ئایا قوتابخانەیەكی شیعری –بۆ نموونە وەك قوتابخانەی رەمزی– نایەتە بەر چاوت كە بەمەبەستەوە هەوڵی شاردنەوە دەدات.**

–ریكۆر: حەز دەكەم بۆ ئەو سەرنجە بگەڕێمەوە، چونكە ئەو كتێبەم بەر لەدە ساڵ نووسیووە، لەو كاتەوە تاكو ئێستا وەك ئەوەی كە دەمەوێت زۆر شت فێربووم، (فران كیرمۆد) كە من زۆر سەرسامی كارەكانیم لەكتێبەكەی (سەرەتای نهێنییەكان) ئەوەمان دەخاتەوە بیر كە یەكێك لەكارفرماكانی پەندو گێڕانەوەی رەمزی هەر ئاشكرا كردن نییە، بەڵكو تەمومژییە، لێرەدا پاردۆكسەكە خۆی لەیەكێك لەهۆیەكانی ئاشكراكردندا مت داوە، كە ئەویش یەكێكە لەهۆیەكانی تەمومژی. لەسەر ئەو بیركردنەوەیە بۆ ئەو پەندو گێڕانەوە رەمزییەی كە (مەسیح) لەئینجیلدا دەیگێڕێتەوە (فران كیرمۆد) تەئویلێكی سەیری كردووەو پێیوایە كە كارفرمای ئەو پەندانە ئاشكرا كردنو پرشنگ خستنە سەر نییە، بەڵكو سەرلێشێواندنی ئەوانەیە مەعریفە رادەگەیەننو تەمومژی پەرە پێدەدەن.

**پ/ تۆ ئەو کەرەتە ئاماژەت بەوەدا کە شیعری (والاس ستیڤنز)ت خۆش دەوێت، ئەو خەسڵەتانە چین لەشیعری "والاس" بەنیسبەت تۆ تایبەتمەندن؟.**

–ریکۆر: شیعری (والاس ستیڤنز) جۆرێك لەفەلسەفە لەخۆ دەگرێت، ئەو جۆرەش لەفەلسەفە لەشیعری ئەڵمانی لای (هۆڵدرینو ستیڤان جۆرجو پۆل جیلان نەبێت نابینرێت، هەروەها شیعری (ستیڤن) بەو دوو خەسڵەتەوە جیا دەکرێنەوە کە پێشتر قسەم لەبارەیانەوە کرد، ئەوانیش تەعبیر کردن لەبارەی ئەزموونی مرۆڤایەتی وردو ئاڵۆز، کە پێشتر زمان ئەوەی بەخۆیەوە نەیدیووە، هەروەها ئەزمونگەری لەزماندا، چونکە لەنووسینی (ستیڤن) شیعر لەبارەی شیعرەوەیە. هەر دوو لایەن: تەعبیرکردنو ئەزموونکردن لەشیعری ئەودا بەر چاو دەکەوێت.

**پ/ لەوانەیە ئەوە وای لێبکات وەک شاعیرێکی گەورە بکەوێتەوە!.**

–ریکۆر: توانای مامەڵە کردنی لەگەڵ زمان لەخودی خۆیدا وای لێدەکات بەرەو شاردنەوەی واقیع هەنگاو بنێت، لێرەدا دەشێ بڵێین ئەو واقیعەی کە لەشیعرەکانیدا بەچاو دەبینرێت وەك رێگە خۆشکردنێك وایە کە مەزەندەی بەدەست هێنانی ناکرێت، لەوێوە زمانێك بەدەست دێنێت کە هەڵگری سروشتێکی تایبەتە، زمانێك کە رێگە بەرەو دنیابینی خۆش دەکات. هەروەها ئەو واقیعەی ئەو دەیبینێت ملکەچی کردەی دووبارە خەڵقکردن دەبێت، کەواتە ئەو پێشتر پێناسەیەکی ئامادەکراوی بۆ ماهیەتی واقیعو ماهیەتی ئەزموون نییە.

**پ/ ئەوە دوو دێڕ شیعری (ستیڤنەر)م بیر دەخاتەوە کە ناونیشانەکەی (جوانییەکانی شەڕە) تێیدا دەڵێت:**

**بنی الفاقة، أبناء الشقاء**

**بهجة اللغة هي مليكتنا العصماء**

–ریکۆر: من بەتەواوی حەز لەو دڵسۆزییەی بۆ زمان دەکەم، ئەو دڵسۆزییەی کە لەدەرکەوتنی دنیای نوێو ئاسۆی نوێوە لەدایك دەبێت، دنیای نوێش ئەو کاتە دەردەکەوێت کە بۆ تەعبیر کردن لەدنیای کۆن هیچ هەوڵێکی نیازئامێزانە لەئارادا نییە، شاعیر دەستی لەدنیای کۆن هەڵگرتووەو نایەوێت تەعبیری لێبکات، پاشان دێت هەستی

نویٚ و ئاسۆی نویٚ خەڵق دەکات، نەك لەبەر ئەوەی کە دەیەوێت، بەڵکو چونکە نکۆڵی لەشتە وەستاوەکان دەکاتو وازییان لێدەهێنێت.

**پ/ ئایا لەو بڕوایەدایت کە بەراستی ئەوە جوڵەیەکی دینامیکییەو لەرێگەیەوە شیعر کار دەکات؟ ئایا پێتوایە لەبنەڕەتدا شیعر بەرەو ئاراستەی زمان دەجوڵێت و وێڕای ئەوەش گواستنەوەو گوازراوە بەرەو ئەو بەشێوەیەکی دیکەو وەک خستنە پاڵ دەردەکەوێت؟.**

–ریکۆر: ئەوە قەناعەتە چەسپاوەکەی منە، هەر ئەوەشە وام لێناکات لەگەڵ بونیادگەرەکانو ئەوانەی کە پێیانوایە شیعرییەت گواستنەوە نییە، یان بەتەواوی گواستنەوە نییە بکەومە دوژمنایەتییەوە. راستی ئەوەو سوودەکەی خۆی لەوەدا ماتداوە کە نکۆڵیکردنی بەیەکەوە بەند بوونی تەقلیدییەتو بابەتخوازی نێوان شیعرو واقیع بەرەو بەیەکەوە بەند بوونێکی نوێمان دەبات، نەك هەر تەنها لەنێوان شیعرو واقیع، بەڵکو لەنێوان شیعرو خودی پرۆسەی خەڵقکردن.

لە سەرەتای ئەو گفتوگۆیە پرسیاری بەکار هێنانی زاراوەی شیعرییەتت (یان بۆتیکا)ت لێکردم، نیوەی وەڵامەکەم لەبارەی ئەو پرسیارە ئەوە بوو کە ئەرستۆ ئەو زاراوەیەی بەکار هێناوە بۆ ئەوەی تەعبیر لەهەموو شێوەکانی خەڵقکردن بکات، خەڵقکردنێك لەرێگەی زمانەوە بەئەنجام دەگەیەنرێت، جا چ ئەو خەڵقکردنە وەك شیعر بکەوێتەوە یان وەك چیرۆك. بەڵام نیوەی دووەمی وەڵامەکەم ئەوە بوو ئەو زاراوەیە لەرێگەی خەڵقکردنو دووبارە خەڵقکردنەوە، تەعبیر لەدووبارە گەڕانەوەی وزەی زمان دەکات. ئەوەش رێگەمان پێدەدات کە بتوانین واقیع وەك خۆی لەرێگەی پرۆسەی خەڵقکردنەوە کەشف بکەینەوە. کەواتە لێرەوە ئێمە بەو واقیعە ناتەواوەوە بەندین. ئەوەش زاراوەی کەوتنە نێو گومانم (entelecheia) بیر دەخاتەوە کەوا "ئەرستۆ" بەکاری هێناوەو مانای سەیر کردنی شتەکانە وەك ئەوەی کە هەوڵێکە نەك وەك ئەوەی کە واقیعێکی بەدەست هاتووە، لێرەوە لەکتێبەکەمدا ئەو بابەتەی لەبارەی میتافۆر (خوازە)وەیە تێیدا دەڵێم زمان لەکاتی بەردەوامیدا وا دەکات هەمیشە لەحاڵەتی شیاو (possibility)دابێت، بەمجۆرە لەگەڵ واقیعێکی ناتەواودا یەکدەگرێتەوە، خودی ئەو

واقیعەش لەحاڵەتی بەردەوامیدایە. ئەو زمانەی کە لەحاڵەتی بەردەوامیدایە بەتەنگ واقیعێکەو دێت کە لەهەمان حاڵەتدایە.

**پ/ ئایا ئەو واقیعەی کە دەیناسیت ئەو واقیعەیە کە بەمجۆرە پێیدەگەیت؟**

-ریکۆر:بەڵێ، بەڵام ئەو زمانەی کە لەقسە کردنی ئاسایی بەکاری دەهێنم بەواقیعێکەوە بەندە کە پێشتر ئامادەکراو کاملە، واقیعێك کە ماناکانی لەرێگەی تەواوی تاکەکانەوە دیاریکراوە.

**<u>تێبینی:</u>**

١-ناونیشانی سەرەکی من هەڵمبژاردووە، وەك چۆن پێشەکیەکەش هەر لەلایەن منەوە ئامادە کراوە، بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە (اشكالية القراءة التاويل- نصر حامد ابو زيد- المركز الثقافي العربي- ط٤-١٩٩٦/ الفصل الاول. ئازاد سوبحی ئەو بەشەی لەژێر نانیشانی (هیرمینۆتیکاو کێشەی راڤەکانی دەق) وەرگێڕاوەتە سەر کوردی. هەروەها بڕوانە -رۆژنامەی (الغد الاردني) الأحد ٢٤ كانون أول ٢٠٠٦.

**<u>(وەرگێڕی کوردی)</u>**

٢- سەرچاوەی گفتوگۆکە بڕوانە ئینتەرنێت/ گۆڤاری (نزوی) ژمارە (١٥) حوار مع بول www.nizwa.com/volume١٥/p١٥٥_١٦٠.html ١٥٥ )ريكور/الشعر والإمكان -ترجمة: سامح فكرى (باحث و مترجم من مصر

## ئەدۆنیس:

# ئەو نووسینەم خۆشدەوێت کەبەرەو مەرگی خۆی ملدەنێت!

سازدانی/ ئەلیاس خوری

وەرگێڕانی/ هۆشیار شێخ ئەنوەر

شیعر تێپەڕینە لەبینراوەوە بەرەو نەبینراو، هەموو شاعیرێکی مەزن پەیامبەرێکەو لەلوتکەی هێزی گوزارشتکردنیشیدا هیچ نییە جگە لەشکستێك، بەڵام شکستێکی جوان مەزن کەلەخودی سەرکەوتنیش جوانترە !

گفتوگۆیەك لەگەڵ ئەدۆنیسدا، ئەدۆنیس کێیە ؟

چۆن ئەم کەسە کەلەباکوری گوندەکەی خۆیەوە هاتووە، توانی ئەو هەموو بەربەستە باوانە ببڕێت وگشت ماناکان تێکبشکێنێت و کتێب بنووسێت؟

ئەدۆنیس کێیە، ئایا یەکێکە لەگروپی بازنەی شیعر، یان دامەزرێنەری هاواری هەڵوێستەکانە دوای ئەوەی کەسەرەتاکان دەرگاکانیان داخست؟

(علی احمد سعید ئەسبر) کێیە؟ لەسەرەتادا بەشیعرێکی تێکەڵ لەڕۆمانسییەت و سیمبولیزم دەستی بەنوسین کرد، ئیدی بەرەو دارستانی وشەکان بەڕێکەوت و لەوێ دەستیکرد بەدۆزینەوەو لێکۆڵینەوە، ئێمەش لەگەڵ ئەودا دەستمانکرد بەسەفەری ونبوون لەناو( غەزالی و نەفەری وسانجۆن بێرس)دا، دوای تاقیکردنەوەکانی ودوای ئەوەی کە نازناوی خۆی بەبرینێك دادەنێت وگۆڕی نیۆرکی لەپاڵ گۆڕی مەلیکی تایەفەکانمانەوە دانا، بەرەو کۆمەڵە شیعری (تاك بەدارشتەی کۆوە)ڕۆیشت و ئەمڕۆش بەناوی موتەنەبییەوە گەڕاوەتەوە لامان.

دەپرسین بۆ (موتەنەبی) ئایا لەبەرئەوەی شاعیرە پەیامبەرەکەو پاشاکەیە؟

ئایا موتەنەبی وێنەیەکی نوێی (ئیمروئولقەیس)ە، ئایا ئەدۆنیس لەکتێبە نوێکەیدا کەناوی ناوە (کتێبەکە) دەیەوێت خۆی بەو وێنەیە بچوێنێت کەلەئەنجامی تێکەڵکردنی موتەنەبی وئیمروئولقەیس و نەبی جەبرانەوە دروستیکردووە؟

پرسیار لەدوای پرسیار سەرت لێدەشێوێت لەکوێوە پرسیار بکەیت، بەڵام ئەدۆنیس لەوەڵام ناترسێت، هەروەکو ئەوەی کەلەگەڵ دورپیانێکدا پەیمانیدابێت، یان هەروەکو ئەوەی کەلەهەمووجارێکدا دەستپێدەکات بانگەشەی کۆتایی دەکات. ئێمەیش چوینە لای نوسەرو شاعیر

ئیدی لەگەڵیدا سەفەری بەرەو نەزانراو دەستپێدەکەین، ئەویش لەوێ چاوەڕێمانە تادەستمان بگرێت بەرەو رۆچوون بەنێو قوڵایی خودە نەزانراوەکانمانەوە.

ئەلیاس خوری...

**دوا کتێبت ناوێکی زۆر گەورەی هەڵگرتووە (کتێب —وەک کتێبی سیبەوەیەو کتێبی ئاینی) سەرەڕای ئەمەش کتێبەکە چەند ئاستێکی خوێندنەوەی لەخۆگرتووە وەک: خوێندنەوەی مێژوو، خوێندنەوەی مێژووی عەرەب، خوێندنەوەی موتەنەبی، بیبلۆگرافیا، بۆچی بەم ئاستە کۆچ بەناو مێژوودا دەکەیت و ئەو پێوەرو ئاستی لێکنزیک کردنەوانە چین کە لەنوسینی ئەم کتێبەدا پشتت پێبەستوون؟**

ئەدۆنیس: ئەم پرسیارە ناچارم دەکات کەباس لەخۆم و شیعری خۆم بکەم، ئەمەش کەمن رقم لێیدەبێتەوە، بەڵام بەهەرحاڵ هەوڵدەدەم کەمەودایەك لەنێوان خۆم و شیعرم و کارەکەمدا دابنێم.

کتێبەکە وەك بیرۆکە لەبنەڕەتدا بیرۆکەیەکی عەرەبییە، بەڵام وەك تیۆر یەکەم کەس کە تیۆریزەی ئەمجۆرە کتێبانەی کردبێت مالارمێ بووە لەخۆر ئاوادا، بەڵام پێش تیۆرەکە بیرۆکەکە لە کەلتووری عەرەبیدا بوونی هەبووە، واتە بیرۆکەی ئەوەی کەکتێبێك هەبێت باسی هەموو جیهان بەتەواوەتی بکات، ئەمەش کە مەبەستی من نەبووە لێرەدا، بەڵکو هەولم داوە جۆرێك لە لێوەرگرتن بکەم بۆئەوەی دیدگای خۆم لەبارەی ئەم ژیارە بخەمەڕوو بەڵام نەك لەبەر ئەوەی کەدواشتەکان بڵێم، لەخۆشبەختیشدا قسەکردن

بەشێکی شتەکان دەڵێت، چونکە مرۆڤ تەواو بوونی نییە، منیش بۆئەوەی ئەم سیفەتە لەسەر قسەکردن وکتێبەکە رەتبکەمەوە ئەم ناونیشانەم بۆدانا (دوێنێی شوێن ئێستایە) (امس المكان الان) لەمرۆەشەوە لەڕووی لێکنزیك کردنەوەوە زیاتر نزیکبووم لەدانتی بەتایبەتی لە (کۆمیدیای خواوەند)ەکەیەوە وەك لەو کتێبەی کەپیشانمداوە.

ئەوەی کەبەلامەوە دژوار بوو بەخشینی شێوازێك بوو بەکتێبەکە، ئەم دژوارییەشم لەئەگەری تواناموەبوو کەبتوانم خوێندنەوەی خۆم بۆ ژیاری عەرەبی لەڕێی ئەو ئەزموونە تایبەتەوەیە کەتیایدا دەژیم بکەم، چونکە ماوەیەکی زۆرم بەسەر برد لەدانانی شێوازێك بۆ کتێبەکە و تەنانەت چەند جارێکیش ئەم شێوازەم گۆڕی ئیدی دواجار بڕیارمدا کە هەر سێ زەمەنی رابردوو ئێستاو ئاییندە لەسەر یەك پەڕە دابنێم و هەڵگری ئەم زەمەنانەش دووکەسبن کەهەندێك جار یەکانگیربن وهەندێك جاریش دژبەیەکبن ئەوانیش کەبریتین لە موتەنەبی و ژیان وئەزموونی فیکری خۆم، چونکە وەك دەزانن لەپەراوێزی هەموو پەڕەیەکدا بیرەوەری موتەنەبی و باگراوندی مێژوویی تێدایە لەسەرەوەی پەڕەکەش لەڕێی ژیان وشێوازی موتەنەبییەوە باسکردنی جیهانی تێدایە، لەدیوەکەیتری پەڕەکەشدا و لەدەرەوەی شوێن و کات ودەقی باڵادا باسکردنی لەڕێی بیرۆکەیەکی ئازادەوە لەمەڕ موتەنەبی تێدایە.

## بۆچی هەستایت بەم خوێندنەوەیە؟

ئەدۆنیس: وەك تێبینیتانکرد خۆم لەخوێندنەوەی کێشە ئاینییەکە لاداوە و جەختم لەسەر کێشە هونەرییەکە کردووە، ئەمە لەلایەك ولەلایەکی ترەوە خۆم لەشتە ئاینییەکان لاداوە، تەنها لەو کاتانەدا نەبێت کە رامیاری پشتی پێبەستووە وەیان چەقی لەسەر بەستووە، ئەمەشم زۆر ناڕاستەوخۆ کردووە. لەخوێندنەوەکەمدا هەستم بەوەکرد کەمیکانیزمی رامیاری لەسەر توندوتیژیی دروست بووە.

منیش ویستومە روبەڕووی ئەم شیعرە ببمەوە. ئەمەش کەبەلای منەوە تەواو کردنی ئەو کەمو کورپییە کەلەجیهان ولەمرۆڤدا هەیە وبمەوێت ئەو شتانە پڕبکەمەوە کەبۆشن. شیعرگوزارشت لەمن ناکات، بەڵکو بۆشاییەکانم پڕدەکاتەوە، ئەوەشی کەلەپەراوێزی کتێبەکەدا ئاماژەم پێداوە ویستومە دوبارە بەرهەم هێنانەوە بێت.

**هەموو شاعیرێک پەیامبەرێکە، گەربێت وشیعر بەرجەستە یان گوزارشتبێت لەشتەکان، ئەوا دەبێتە ئاین یان هاوشێوەی ئاین، گەربێت**

**وبەم گریمانەیە قایل ببیت ئەوا تۆ شیعر روبەڕووی ئاین دەکەیتەوە، ئەمەش کەململانێیەکی ناسراوە لای عەرەبەکان؟**

ئەدونیس: لەسەر دارشتنی پرسیارەکە کۆکم گەربێت ودوبارە ئاین دەستنیشان بکەینەوە. لەبەرئەوەی ئاین دامەزراوەیەك بووە گرنگییەکی راستەوخۆی بەژیانی کۆمەلایەتیی داوە، ئەوا پێم وایە ئەم لێکنزیککردنەوەیە هەڵەیە. ئەم دەستنیشانکردنەش بەسەر ئاینی ئیسلامدا ناسەپێت، چونکە ئاینی ئیسلام خۆیمان وەك دیدێکی دونیایی وجیهانی پێشکەشدەکات کە بەدەر نییە لە دیدگا ئاینییەکەی. ئێمەش بەشێوەیەکی مێژوویی نەمانتوانیوە ئەم دوو دیدگایە لەیەك جیابکەینەوە ئێمە بەم دوو دیدگا لێك دانەبڕاوە مێژووی خۆمان ژیاوین، لەبەر ئەوەش ناتوانین لەئاینی ئیسلامی تێبگەین بەگوێرەی ئەوەنەبێت کەهەیەو بڵاوەو باوە، ئەگەر نا ئەوا ئێمە ناتوانین هیچ زانیارییەك لەنێو ئەم چوارچێوەیەدا دابمەزرێنین کە دەستنیشانکردنی ئەستەمە.

بەڵام گەر بێت وئاین سیستمێك بێت لەپەیوەندی نێوان بینراوو نەبینراوەوە، لەنێوان مرۆڤ و غەیبەوە، ئەوا پێموایە کەشیعر نزیکە لەم دەستنیشانکردنەوە"ئیدی ئاین خۆی دەبێتە شیعر"بەم واتایەش هەموو شاعیرێك دەبێتە پەیامبەرێك بەم پێیەش هیچ شاعیرێکی مەزن نەبووە کە بەلایەوە بینراو دەرگای نەبینراو نەبوبێت، بەم واتایەش ئەوا هەموو شاعیرێکی مەزن پەیامبەرێکە، بەڵام من ناڵێم کە موتەنەبی پەیامبەرنەبووە، بەڵکو پێم وایە پەیامبەر بووە.

**ئەمە واتای ئەوەیە کە ململانێیەک هەیە لەنێوان شاعیر وپەیامبەر؟**

ئەدۆنیس: بەتایبەتی کاتێك کەپەیامبەر دەیەوێت پەیامبەرێتییەکەی خۆی دابمەزرێنێت ئیدی کارەکەی خۆی بەئەنجام بگەیەنێت، بەڵام شاعیر نایەوێت پەیامبەرێتییەکەی خۆی دابمەزرێنێت وداوای ئەوەش ناکات.

**پێتوانییە کە موتەنەبی دامەزرێنکراو بوبێت لەمێژووی عەرەبیدا؟**

ئەدۆنیس: موتەنەبی ئەو شاعیرەیە کەبەهەڵە تێیگەیشتین.

**بەڵام ئەو دامەزرێنرا؟**

ئەدۆنیس: رەنگە وابێت، بەڵام هەڵەی ئەو نییە.

**بەم پێیە کەواتە بەدامەزراندنی ئاین هەڵەیە؟**

ئەدۆنیس: بەشێوەیەکی تەواو نەخێر، چونکە هەندێك دارشتنی شەرعی و ئەحکام هەیە کەشاعیر ناتوانێت ڕێزیان لێبگرێت.

**کەواتە لێرەدا نوێگەری کوا؟**

**پێتوانییە کە هەموو ئەوشتانەی تۆ دەیڵێیت هیچ پەیوەندییەکی بە گوتاری نوێگەرییەوە نییە؟ چونکە گوتاری نوێگەری پیشتی بە ڕۆمانسییەت بەستووە، هەروەها پشت بە گۆڕان و ناجێگیری زەمەن وگەڕان بەدووی گوزارشتەوە دەبەستێت، کەچی تۆ ئێستا باسی شیعری نازەمەنی ونا گوزارشتی دەکەیت؟**

ئەدۆنیس: ئەی بۆچی بەوشێوەیە لەنوێگەری نەگەین بەوسیفەتەی کە شۆڕشێکە بەسەر چەقی گەردوندا کراوە واتە بەسەر خودادا کراوەو لەبری ئەو مرۆڤ خراوەتە جێگەی؟هەڵەی نوێگەری عەرەبی ئەوەیە کەسودی لەمە وەرنەگرتووە، ئیدی هەر لەچوارچێوەی لاساییکردنەوەدا مایەوە، هێندەی لەو شۆڕشە وەرگرتووە کە بەسبێت بۆ دارشتنی چەند شێوەیەکی گوزارشتی نوێ، بەڵام دیدگاکە هەر بەشێوەیەکی سوننەتی مایەوە، گەر بێتو وردبینی لەدەقەکاندا بکەین دەبینین کە ئەم دیدگا سوننەتییە بێ دابڕان بەردەوامەو ڕەگەکانی کەلتور و ڕۆشنبیری بەهیچ شێوەیەك نوێگەری کاریتێنەکردووە، بەڕاستی ئائەمەیە تراژیدیای ژیانی فیکری عەرەبی.

**ئەو شاعیرەی کەئێستا بۆمان دەدوێت، ئایا نوسەری شیعرە سەرەتاییەکان وکاغەزەکانی ناو بایە؟**

ئەدۆنیس: هەمووئەو قەسیدانەی کەدەیاننوسم و تەنانەت ئەو کتێبەش کەدووبارە دەیخوێنمەوە هەست دەکەم کە ئەوانە من نەمنوسیوون، لەبەر ئەوەی منیان تەواو نەکردووەو بۆشاییەکەیان پڕ نەکردۆتەوە، دەژیم ودەنوسم ومن بەهەموو خودە خۆمەوە بەبەردەوامی واهەستدەکەم کەمن نیم یان کەمن خۆم نیم، لەبەر ئەوەپێم وایە کەشیعر لە لوتکەی هێزی گوزارشتیدا، بێجگە لە شکست هیچیتر نییە. هەنوکە هەرگیز نابێتە وەڵام، هیچ وەڵامێك بۆئەوشتانە نییە کەمرۆڤ لە جیهاندا ڕوو بەڕوویان دەبێتەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەمەشکستێکی زۆر جوانە بەڕادەیەك کەلەخودی سەرکەوتن مەزنترو جوانترە!.

کاتێك ئەوشتانەی نوسیومن دەیانخوێنمەوە هەستدەکەم کەمن شیعرم نوسیوە، بەڵام لەهەمانکاتـدا دوریـشم لێـی، لەقەسـیدەیەکما ئـەوەدەڵێم کەئێـستا حەزدەکـەم بۆتـۆی روونبکەمەوە: "ئەومناڵەی کەمن بووم ئێستا منم:"

مـن گۆرانییـەکانی مـەهیاری دیمەشـقی وەك شـیعری خـۆم دادەنـێم، بـەڵام قەسـیدە سـەرەتاییەکان وکاغـەزەکانی ناوبـا وشـانۆو ئاوێنـەکان وەك ئـەزموونی خـۆم دادەنـێم هەروەها کتێبی گۆڕانەکان هەندێکی شیعرەو هەندێکیشی ئەزموونـە و دەمـەوێت ئـەوەش بڵێم(( کە وەك سەرکێشییەکی ئەزموونی مامەڵەم لەگەڵ زۆربەی بەرهەمی خـۆم کـردووە، چ لەڕووی زمان وفۆرمەوە چ لەڕوی پەیوەندی من بەزمانـەوە، مـن زۆربـەی شـیعری خـۆم بەشێوەیەکی ئەزموونی نوسیوە)) هەروەها کۆمەڵە شیعری (ساتێك لەنێوان گوڵ وخۆڵدا) وەك ئـەزموون وشـیعر خۆشـدەوێت لەبـەر ئـەوەی ئـەو سـێ قەسـیدەیەی کەتێیدایـە بـە ترۆپکـی هــەموو ئەزموونـەکانی پێـشووم دادەنـێم، ئیـدی شـێوازێکی کـامڵی وەرگـرت کەپێموایە دەکرێت وەك ئیـشێکی دامەزرێنـەر بـۆ شـیعری عـەرەبی نـوێ دابنرێـت، بـەڵام لەبارەی کۆمەڵە شیعری (تاك بە داڕشتەی کۆوە)(فرد بصیغه الجمـع) ئـەوا بـەلای منـەوە شیعرەو تەنها کتێبە کە پەیوەندییەکی گەرمی بەژیانی کەسێتیمەوە هەیە.

**چـــەمکی شــیعر –شــیعری نــوێ وەک سەرکێــشییەکی ئـــەزموونی، توانیویێتی چی بگۆڕێت؟**

ئەدۆنیس: لەسەرەتادا حەزدەکەم ئەوەبڵێم کە بـەد حـاڵیبونێکی تـەواو لـە ئـەزموونی گۆڤاری شیعر کراوە، ئێمە لەو گۆڤارەدا دیالێکتیکێکمان هێنایە کایەوە لەبارەی نوسـینی نــەریت پــارێز وســوننەتی کۆنــەوە، بەمــەش مەبەســتمان لەوەنــەبوو کــە کەلــەپوور رەتبکەینەوە، چونکە کاتێك کـەتۆ دەنوسـیت بێگومـان بـەزمانێك لەزمانـەکان دەنوسـیت هەر ئەو زمانەشە وادەکات کە ئەونوسینە ببێتە بەشێك لەکەلـەپوور، لەبـەر ئـەوەی زمـان بەردنییە، شاعیریش ناتوانێت زمانێکی پۆشراو بەمێژوویەکی تەواوەوە رووتبکاتەوە ئیدی لەو گۆڤارەدا مەسـەلە ئەوەنـەبوو کەئێمـە دژی کـۆن بنوسـین ئێمـە هەسـتاین بـەگۆڕینی قەسیدەی پەخشانی(چامە) تا ببێتە دژێك بۆ کۆن، ئەمەش کە هەڵەیەکی گەورەبوو.

**کەواتــــە ئـــەزموونی پێـــشەواکان لەکوێدایـــە بەتایبـــەتی لـــەناو ئەونوسینانەی ئەمڕۆدا؟**

ئەدۆنیس: بەڕای من ئەوەی ئەمڕۆ دەنوسرێت هیچ پەیوەندییەکی بەو چەمکەوەنییە کە گۆڤاری شیعر داینابوو بۆ شیعر، بەڵکو ئەم نوسینانە جۆرێکن لە پەرەپێدانی شیعری پەخشانکراو، چونکە تائەمڕۆش نوسین هەر هێڵکارییە، کتومت هەروەك شیعری عەموودی کە نە بوونیادێك و نە خاڵێکی سەنتەری نییە، ئەمجۆرە نوسینەش پەیوەندی لەنێوان زمان و شتەکان و زمان وجیهاندا دروستناکات، ئەم زمانەش وامانلێدەکات هەست بەوە بکەین کە مەودایەك هەیە لەنێوان نوسەرو وشە، لێرەشدا پێویست ئەوەیە کە زمان لەناو نوسەرەوە بێتە دەرێ.

**ئایادەکرێت ئەم خەوشە لەبەدحاڵیبونەوە بۆ ئەزموونی سەرەتاکان دروستبوبێت؟**

ئەدۆنیس: پێموایە کەئەمە لەکەوتنە ژێرکاریگەری شیعری وەرگێڕدراو وشیعری نوسراو بەزمانەبیانییەکانەوە دروست بووبێت، چۆن شاعیر دەتوانێت ئەفراندنی جوانییەکی نوێ لەزمانێکدا بکات کەزانیارییەکی باشی لەمێژووی ستاتیکیی ئەو زمانەوە نەبێت ؟!بۆچوونێکی وام لادروست بووە کە شاعیرانی ئەمڕۆمان ئەو زمانە نازانن کەپێی دەنوسن، ئەوشاعیرەی کە دەسەڵاتی بەسەر ئامرازوو ئامێرەکانی زمانەوە نییە کەپێی دەنوسێت ئەوا بێگومان شتێکی زۆرت پێنابەخشێت. هەرچەندە مەعریفەیەکی ئەوتۆ لەبارەی زمان وئیستاتیکاکانی ونهێنییەکانیەوە نییە، بەڵام بێگومان جیاکاری وچەند بەهرەیەکی مەزن هەن کەزۆرت پێببەخشن، بەڵام من لێرەدا باس لەوە دەکەم کەبڵاوە.

**بەگەڕانەوە بۆ شیعری تۆ، هەر لەسەرەتای کۆمەڵە شیعرییەکانتەوە، تێبینی ئەوە دەکەین کە تۆ بەدووی پێکهاتێکی نوێی قەسیدەکانتا دەگەڕێیت، ئەم گەڕانەش چەند ئاراستەیەکی جیاوازی بەخۆوە بینی، بۆنمونە کاریگەر بونت بەسیمبولیزم لە کۆمەڵە شیعری قەسیدە سەرەتاکاندا ودواتریش کاریگەر بوونت بەتەوژمی ئەفسانەیی لەشیعردا، ئەم گەڕانەش جار هەبوو روون دیاربو جاریواش هەبوو ناڕوون واتە بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەی بەخۆوە دەبینی، تائەوڕادەیەی کەشیعری تۆ سیخناخ بوو بەپێکهاتن(التکوین) ئیدی جار هەبوو شاعیر لەتۆدا جیهانی**

**دەدواند وجاریواش هەبوو دەبووە سیمبولی جیهان، هەندێکجاریش فرە جیهانت دەدواند، لەم هەموو ڕێڕەوانەدا شاعیری تاک دەکەوێتەکوێوە؟**

ئەدۆنیس: ئەم پرسیارە واملێدەکات ببمە ڕەخنەگری ئەزموونی خۆم، ئەمەش کارێکی ئەستەمە کە خۆم ڕەخنە لەشیعری خۆم بگرم، چونکە زۆرشت هەیە کە درکیـان پێناکـەم تێناگەم لێیان، وەلێرەدا دەبێت وەڵامی مـن زۆر ورد بێـت بۆئـەم پرسـیارە، لەبـەر ئـەوە داوای لێبوردن دەکەم.

**شێواز زمانێکی ترە، ئەی چی لەبارەی پەرەسەندنی شـێواز گـەڕییـەوە ئەمەش کەبۆخۆی شتێکی تەکنیکییە؟**

ئەدۆنیس: بەلای منەوە شێوە زمـانێکی تـرە، لـەبارەی ئـەوەدەڵێت کەوشـەو رسـتەو وێنەی شیعری و ریتمەکان دەڵێن "شێوەش زمانێکی ترە دەخرێتە سەرئەمانە، وهەرچەند ئێمە شێوەکان دابهێنین ئەوا بەو هێندەیەش زمان هەمـەڕەنگ و دەوڵەمەنـد دەبێـت، مـن یەکێك لەو پێوەرانەی کەلەڕێیەوە شیعری پێدەخوێنمـەوە بریتییـە لـە وزەی شـێوازگەری (الطاقــة التــشكيلية)، چــونکە شــێواز پەیوەســتە بــەقوڵی ئــەزموون ودەوڵەمەنــدی کەلتورییەوە، چونکە پەرەسەندنی پێکهاتن بریتییە لەپەرەسـەندنی مەعریفـە وئـەزموون، منیش لەم ڕووەوە هەست بە پێگەیشتنی ئەزمونەکەم دەکەم.

**ئێمە بە زنجیرەکانەوە سەما دەکەین، ئایا هەسـت بەوەدەکـەیت کـەتۆ زاڵبویت بەسەر شاعیری کۆندا لەبەرئەوەی خاوەنی ئازادیت لەشێوەدا؟**

ئـەدۆنیس: دواجـار هونـەر بۆخـۆی شـێوازە. بەئەنـدازەی هەسـتکردنم بـەوەی کـەمن داهێنانێکی شێوازیم کردووە، ئەوەندەش هەست بەو سەرکەوتنەدەکەم.

**پێتوایـە کـەدەکرا بڕبـڕەی شـیعری عـەرەبی بـشکێنرێت، گـەر بهاتایـە کەلتوری عەرەبی هەر بەئاییني بمایەتەوە؟**

ئەدۆنیس: ئاین پێگەیەکی بۆشیعرداناوەو تاڕادەیەکیش لێبوردوو بـووە لەبەرامبەریـدا ئەمـە نـەك لەبەرئـەوەی کـەئاین شـیعری خۆشـدەوێت، بـەڵکو ئـاین لەقوڵاییـدا شـیعری وەلانـاوە، ئیـدی لەئاینـدا سـروش بـووە بەسەرچـاوەی یەکـەمی مەعریفـە، بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشدا شوێنی شـیعر ماوەتـەوە، لەبەرئـەوەی شـیعر ئەونمونـەی نوسـینەیە کـەقورئان بەکاریهێناوە، ئیدی ئاین زمانی پاراستووە، ئەمـەش بۆئـەوەی کـەزمانی قورئـانی پێـچاك

بكاتەوە، لەلایەكی ترەوە ئاین، بڕبڕەی شیعری نەپاراستووە، چونكە شكاندنی بڕبڕەی شیعری كارێكی ئاینی نییە.

**بەپێی ئەم گوتەیە دەبێت كەلتورەكان (رۆشنبیرییەكان) سەربەخۆبن... ئەمەش شتێكی ڕاست نییە؟**

ئەدۆنیس: دەمەوێت ئەوەبڵێم كە سەرەتاییترین وساناترین مافەكانی رۆشنبیری ئەوەیەكە تۆ بتوانیت بەئازادییەكی تەواوەوە گوزارشت لەهەموو ئەو گرفتانەبكەیت كەتیایدا دەژیت، ئێمەلەم كۆمەڵگایەدا ئەم مافەمان نییە، من دەمەوێت بەوشێوەیە گوزارشت لەخوابكەم وەك ئەوەی كەخۆم دەیبینم، یان گوزارشت لەسێكس بكەم بەو شێوەیەی كەلەگەڵیدا دەژیم.

**ئایا تۆ كە ئەدۆنیسیت ناوێریت ئەمەبكەیت؟**

ئەدۆنیس: من نەستیشم كۆتوبەند كراوە !

**ئایا بەڕاستی ئەوەی كەدەتەوێت بیڵێیت نەتوێراوە بیڵێیت؟**

ئەدۆنیس: چەمكگەلێكی زۆرهەن وەك(سێكس، خودا، سیاسەت، ئاین)كەبەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ گوزارشتیان لێدەكەم وبەڕاستەوخۆ دەریاننابڕم، هەرچەندە من خۆم بە بوێرترین نوسەر دەزانم لەجیهانی عەرەبیدا، بەڵام تەنها بوێری بەس نییە، چونكە نوسەر لەبەرئەوەی لەنێو كۆمەڵگایەكی گەمارۆدراودا دەژی، ئەوا ئەگەری سەركێشی گوزارشتیانەی خۆی لەدەست دەدات دەسەڵاتیش كەس ناپارێزێت، ئیدی دەسەڵات لێرەدا دەبێت بەلایەنێك لەلایەنەكان.

**شیعری تۆ لەزۆربەی نێوەندە رۆشنبیرییەكانی جیهان بونێكی بەهێزی هەیە و ئێستا بەربەستەكان لابراون وئیدی چیتر رێگری لەبەردەم گوزارشتكردندا نەماوە، رات چییەلەمبارەیەوە؟**

ئەدۆنیس: ئەوەی بەلامەوە گرنگە كەلەنێو كۆمەڵگاكەی خۆمدا بمێنمەوە، ئەو كۆمەڵگایەش گوێم بۆ رادێرێت، هەرچەندە ئەوەشی كەدەیڵێم رادیكاڵی بێت. ئێمە بەواتایەك لەواتاكان تاكوئێستا هەر لەسەدەكانی ناوەڕاستداین! هەرچەندە دادگاكانی پشكنین نییە، بەڵام كتێب سوتاندن... چونكە توندو تیژییەكی دولایەن لەسەر خوێنەر

هەیـە، بۆنمونــە هــەرگیز نــاتوانی سەرکێــشیەکی گــەورە لەتێگەیــشتنی خوداوەنــد یــان بۆتێگەیـشتنی سـێکس لەئــەدەبی عەرەبیـدا پیـشانبدەیت، بـەڵکو چـەند زنجیرەیـەکی رۆشنبیری هەیە، کە ئێمەی کۆت وبەندکردووە وپێوەیانەوە دەجولێینەوە، شـاعیرێك یـان وێنەکێشێك یان رۆمان نوسێکم پیشان بدە سەرکێشییەکی زۆر گەورەی کردبێت لە بونیاد نانێکی هونەریدا، دەبێت ئەوەلەخۆمان بپرسین بۆچی سەرکێشییەکان بزرن؟لەبەرئـەوەی بـەهرەمان نییـە، بـەڵکو لـەبری ئـەوە چـەندبیرۆکەیەکی پێـشوەخت وچـەند قـاڵبێکی رۆشنبیری باو هەیە کە کۆمەڵگەی کۆتوبەند کردووە، لێرەشدا ناکرێت لۆمەی تاك بکـەین، بەڵکودەبێت لۆمەی کۆمەڵگا بکەین .

**ئەدیبی ناسراو (یوسف ئـەلخال) پێـشنیاری ئـەوەی کـرد کـە لەمـەودوا نوسینی ئەدەبی بەزمانی گشتی یان زمـانی رۆژانـە بنوسـرێت، پەخـشانی عـەرەبی بـەم کـارە هەسـتاوە واتـە نوسـەرەکان بەدیالیکتەکـەی خۆیـان دەنوسـن لـەم بـوارەدا، کەچـی دەبینـین شـیعر بـەم کـارە هەڵنەسـتاوە وئەمجۆرە زمانەشی بەکار نەهێناوە... ئایا پێتوانییە کە ئەم کارە یـەکێک بێت لەبەربەستەکان؟**

ئەدۆنیس: هەرگیز من دژی زمانی رۆژانـە نـیم(اللغـة الدارجـة)، سـەبارەت بـە (یوسـف ئەلخال)یش، ئەوا زمانە پاراوەکەی (اللغة الفصحی) بێشیکردنەوەیە(بـدون اعـراب)زۆریـش لەداتاشەران هەبوون بانگەشـەیان بـۆ ئـەم تیۆرەیـە کـردوە. بـەڵام لـەڕوی ئـەوەی کـەمن بەزمانی رۆژانەوە بنوسم ئەوا ئەمە شتێکی ترە، من وەك خۆم حەزدەکەم شـیعر بـەزمانی رۆژانە بخوێنمەوە بەڵام ناتوانم بێجگە لەزمانی پـاراو بـەهیچ جـۆرە زمـانێکی دی بنوسـم، ئەمەسەرەڕای ئەوهەستە بـەهێزەم بـۆ زمـان وەك بونـەوەرێکی زینـدوو کەلـەدایك دەبێـت وگەشەدەکات ودەمرێـت، هـیچ یاسـایەکیش نییـە کـە رێ لـەمردنی بگرێـت، جـارێکی دی دەڵێم سەرەڕای ئاگاییم بەمـە کەچـی هـەر حەزدەکـەم بـەزمانی پـاراو بنوسـم، بەڕاسـتی ئەوجۆرە نوسینەشم خۆشدەوێت کەبەرەو مەرگی خۆی ملدەنێت.

### کەواتە ئایا دەکرێت زمان لەناوبچێت؟

ئەدۆنیس: هەرگیز زمان لەناوناچێت یان تەواو نابێت"بەلام دەکرێت زمانی شاعیرێك لەناوبچێت، لەناوچوونی زمانیش لای شاعیر ئەوکاتەیە کە گوزارشتی شاعیرەکە خۆی دەگاتەت پلەی لوتکەو ئیدی ناتوانێت لەوە تێپەڕێت، بۆ نمونە موتەنەبی زمانی شیعری خۆی کۆتایی پێهێنا "هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کەچیتر ناتوانین جگەلە دژی موتەنەبی شتێکی تر بنوسین.

بەلام زمان وەك زمان خۆی لەناوناچێت، ئەمەشە وام لێدەکات بگەڕێمەوە سەر جیاوازی نێوان زمانی شیعری وزمانی ئاینی :چونکە زمانی شیعری یان شیعرییەت جیهان دەکاتەوە بەلام زمانی ئاینی جیهان بەڕوی حەقیقەتەکاندا دادەخات ولەناو وشەکانیدا بەندی دەکات.

سەرچاوە:

لەسایتی ئیمپراتۆر–ەوە وەرگیراوە.

# مێژووی ئەدەبی ماد



ن:دکتۆر ئەحمەد تەفەزولی
وەرگێڕانی: مێهرداد رامیدی نیا–مەهاباد

تائێستا هیچ نووسراوەیەك لەسەردەمی ماد بەیەكێك لەزمانەكانی ئێرانی بەجێنەماوە، بـەلاّم لەنووسـراوەكانی مێژوونووسـانی یۆنانیـدا گـەلێك ئامـاژە بەچـیرۆك و حیكایـەت و هۆنراوەكانی ئەم سەردەمە كراوە.

(ئاتێنیوس) دەلێت: شایەرو گۆرانیچڕو سترانبێژەكان بەنەرمە خوێنی خۆیـان، دلێـری و جوامێری و ئازایەتی كـورەش و جـەنگی ئـەویان لەگـەلّ (ئاسـتیاگ) پێشبینی دەكرد، ئەوسا لەزمان (دینۆن)ەوە دەنووسێت: (كاتێك كە ئاستیاگاس لەگەلّ دۆسـت و هـەڤالانی ئاهــەنگی جـەژن و شـادی دەگێڕێـت، پیاوێـك بـەناوی (ئـەنگارێس) كـە سـترانبێژێكی هەرەناودار بوو بانگ دەكات و ئەم سترانبێژە هەموو چیرۆك و هـۆنراوە بـاوو ئاسـاییەكان بـەئاواز دەخوێنێتـەوە، لەكۆتاییـدا گـوتی: دێـوێكی بەسـامتر لەبـەرازی تـور لەزۆنگێكـدا بەرەڵلا كراوەو ئەگەر بەسەر دراوسـێیەكاندا زالّ بێـت، هێنـدەی پێناچـێ كـە هـیچ كـەس

دەرەقـــەتی نایـــەت، کـــە (ئاســـتیاگ) لەســـترانبێژەکە دەپرســـێت: ئەمـــە چ دێوێکـــە؟ سترانبێژەکە لەوەڵامیدا دەڵێت: کۆرەشی فارسە.

هەروەها زینۆن، دەنووسێت: کۆرەش لەخەویدا دەبینێت کـە خۆرەتـاو لەبەرپێیـەتی، سێ جار هەوڵیدا بەدەستی بیگرێت، بەڵام سەرکەوتوونەبوو. چۆن خۆر لەدەستی دەغـزی و رایدەکرد، مۆغەکان پێشدابێژییان بۆ کرد کەسێ جار راکردنی خۆر بەواتای ئەوەیە کـە (کۆرەش) سی ساڵ پاشایەتی دەکات و هەرواش بوو.

لەمەڕ کورەشەوە گەلێك چیرۆك هاتبوونە ناو ئەدەب، (گزنفـۆن) دەڵێـت: ئێرانییـەکان لەچیرۆك و سرودەکانی خۆیاندا کـە تائێستاش پایـەدارو بـەبرەون، جـوانی و خووخـدەی باشی پاشایە و ئۆگری و داژداری ئەو بۆ فێربوون دەگێڕنەوە، هەروەها لەجێگایەکی تـردا دەڵێت: ناوی کورەش لەسەر زاری خەڵکی ماد بوو، هەرکـەس لەگوتـەو ئاخـاوتنی خۆیـدا مەدح و پەسـنی دەکـردو خـەڵکیش لەسرودو گۆرانییـەکانی خۆیانـدا ستایـشیان دەکـرد. نمونەیەك لەچیرۆکەکانی پاڵەوانی ماد، گێڕانەوەکانی (کێتزیاس)ە، لەمـەڕ هەنـدێك رووداو کە بوون بەهۆی دامەزراندنی دەوڵەتی ماد.

چیرۆکی (ستریانگایوس) کە عاشقی مەلەکەی وڵاتی (سەکا)، بەناوی (زەرینیا) دەبێت و لەبەرئەوەی پێیناگات خۆی دەکوژێت، لەچیرۆکگەلی دڵداری و عاشقانەی ماد بووە.

یـــەکێك لەچـــیرۆکەکانی تـــری خۆشەویـــستی و دڵـــداری (لـــەوڵاتی مـــاد) چـــیرۆکی (زەریادەرێس) و (ئۆداتیس) کە (خارێس میتلێنی) بەم شێوەیە باسیانکردووەو دەڵێن کە (هیـستاسپێس) و بـرا بـچووکەکەی (زەریـادەرێس) بـەرەی زەماوەنـدی (ئافرۆدیـت) و (ئـادۆنیس) بـوون. (هیـستاسپێس) فـەرمانڕەوای مـادو وڵاتـەکانی سـەروی ئـەوێ بـوو و (زەریـادەرێس)یـش بەسـەر ناوچـەکانی خـوارووی دەروازەکـانی (خـزر) تـا (تـەنائیس)دا فـەرمانڕەوایی دەکـرد (مـەراتی)ییـەکان لەوبـەری (تـەنائیس)دا دەژیـان و فـەرمانڕەواو پاشاکەیان (ئۆمارتیس)ی ناوبوو، ئەم (ئۆمارتیس)ە کچێکی هەبوو بەناوی (ئوداتیس) کە جوانترین و شۆخ و شەنگترین ژنی وڵاتی ئاسیابوو.

(ئۆداتیس) خەو بە (زەریادەرێس)ەوە دەبینێت و لەخەویدا عاشقی دەبێت، هـەروەها (زەریادەرێس)یش لەخەویدا شەیدای ئـەو کـچە دەبێـت، (زەریـادەرێس) بـۆ گەیـشتن بـە

(ئۆداتیس) گەلێك تێكۆشا، بەڵام سەرنەكەوت، چونكە باوكی كچەكە حەزی نەدەكرد كچەكەی خۆی بدات بەپیاوێكی بیانی و غەوارە سۆر، هێندەی نەخایاند كە (ئۆمارتیس) بۆ بەشوودانی كچەكەی جەژنێكی گەورەی سازداو لەم جەژنەدا، هەموو خزم و خێش و كەسوكارو گەورە پیاوانی دەربارو بارەگاكەی بەشداربوون.

(ئۆمارتیس) داوای لەكچەكەی خۆی (ئۆداتیس) كرد، كە پێكێك شەراب بدات بەو كەسەی كە حەز دەكات شووی پێبكات.

زەریادەرێسیش كە پێشتر لەلایەن ئۆداتیسەوە لەچۆنییەتی ئەو كارە ئاگادارکرابووەوە، خێرا لەگەڵ فایتون لێخوڕەكەی خۆی بە (تەنائیس) دا گوزەری كردو بەجلێكی نامۆهاتە ناو تەلاری جەژنەكەو (ئۆداتیس) پێكەكەی بۆ پڕكرد.

بەپێی وتەی (خارێس میتلێنی) ئەم چیرۆكە لەناو خەڵكی ئاسیادا زۆر بەناوبانگ بووەو ئەم چیرۆكەیان لەسەر دیواری پەرستگە، كۆشك و تەلارو تەنانەتماڵە تایبەتەكاندا دەنەخشاندو زۆربەی پیاوە گەورەكان ناوی ئۆداتیس لەكەنیشكەكانی خۆیان دەنا.

بەڕای (مێری بۆیس) ئەم چیرۆكە رەگ و ریشەو بنجێكی (ماد)ی هەیەو لەگەڵ ئایینی پەرستنی خوای عەشق (رەنگە ئاناهیتا) پەیوەندیی هەبووەو دواتر بەشێوەی (گوشتاسپ) و (كەتایون) هاتۆتە ناو زنجیرە چیرۆكەكانی (كەیانی)و لە شانامەی (فێردەوسی)دا رەنگی داوەتەوە. (ش،س)

سەرچاوە:

احمد تفضلی (١٣١٦–١٣٧٥)

تاریخ ادبیات ایران پیش از اسلام، دكتر احمد تفضلی، بەكوشش دكتر ژالە اموزگار– تهران: سخن، چاپ سوم ١٣٧٨.

چیرۆک

# زەنگیانە

نوسینی: دکتۆر ئەکرەم هەنییە
وەرگێڕانی: تۆفیق عەبدول

## ١. سەیران

خووە خۆڕسکە بەربەرەڵلاکانیان لەدیواری مالان و لەشی ژناندا تاقی دەکەنەوە، دەکوژن و دەبڕن و کاول دەکەن، کەچی ویژدانە تۆپیوەکانیان داناساکیَ، هەندیَ شتی تر هەیە دەبێت بەجێی بێنن. گۆی مەمکی کچۆڵە واق وڕماوەکان– پێش ئەوەی بیانکوژن– بەپێکی عەرەق و ویسکییەوە دەکرۆژن. وەکو خێڵێکی دڕندە تاوێك سەما دەکەن و ئاواییەکە بەجێدێڵن.

مەمەیەك شیری ساردی نەڕژاو و فانۆسێکی دوکەڵاویی لەپاڵ لاشەی منالەکەدا –کە گوللە نەیکوشتبوو– هەتا چێشتەنگاوێکی درەنگ هەروا دەسوتا.

## ٢. رۆح سووکی

بەتەنیا دێت بۆ ئەو شوێنەی کە راهاتبوون لێی دابنیشن، تەماشای ئاواییەبچکۆلە سێچوارماڵەکە دەکات کە لەکۆشی چیاکەدا نوستوە :لەدورەوە خانویەکی دڵتەنگ دیارە کە پیرێژنێکی تەنیای لەبەردەمدایە، دار دەنێت بە ئاگرەوە، لەگەڵ سێ سەربازی پالتۆ لەبەر، وەکو منالَ رۆح سوکانە بەبەر سەر تەنورەکەدا دێن و دەچن.

بۆچی بەم تاریکیە هاتن و بردیان و لەمیان دورخستەوە مادام ئەوەندە رۆح سوکیی بەجم و جوڵیانەوە دیارە، لەبەردەم سەرتەنورە دورەکەدا کە تاریکیی دەمەو ئێوارە دەوری داوە، ئەو تاریکیەی وەکو پەتا خۆی دەکوتێتە سنگی ئەم و نازانێت چۆن بەری بگرێت، یان نەهێڵێت بێتە ژورەوە ؟!!.

## ٣. ئاهەنگ

یەخەسپییەکان هۆڵە بەکریستاڵ رازاوەکەیان پڕکرد، خۆیان و ژنە ئارایشت کراوەکانیان کەئاسمانی هۆڵەکەیان پڕکرد لەڕووخۆشیی و دڵکراوەیی و ئەو بۆن-انەی بۆ ئەم ئێوارەیەیان هەڵبژاردبوو لەگەڵ پاسەوانەکانیاندا هەموو کون و قوژبنێکیان گرت.

یەخەسپییەکان هاتوون سەیری ئاهەنگی تیپێکی هونەری میللی بکەن کە لەوڵاتێکی دۆستمانەوە بانگهێشت کراون بۆسالیادی جەژنی نیشتمانیی.

وەك هەموو ساڵێك روودەدات، ئەوەی ئەم ئێوارەیە نەهاتووە بۆسەیری تیپەکە تەنیا ئەو تێکۆشەرە دێرینەیە کە تازە لەشۆردنی تەکسیەکەی بۆتەوەو هاتۆتە ژورەوەو لەپاڵ ژنەکەیدا خەو بردویەتییەوە کە قژی و جلەکۆنەکانی بۆنی بەنزینیان لێدێت، بێئەوەی - زۆر بەداخەوە- کەس بیری بخاتەوە ئەمڕۆ چەندی مانگە ! !.

## ٤. خەون

چەند دورن ئەو شاری تەم-انەی لەخەوما لەگەڵ تۆدا پیایاندا دەگەڕام، من بەپاڵتۆ رەشەکەمەوە کە لەپاڵتۆی پیاوانی ئاسایشی ناو فیلمی پۆلیسیی دەچوو، کەچی بێئەوەی گوێی بدەمێ هەر لەبەری دەکەم و تۆش بە پاڵتۆ سورەکەتەوە کەدەڵێی گوڵاڵەسورەیە لەتەنیشتمەوە دەڕۆیت و کولووە بەفریش وەك پەپولە بەهێمنیی دێنە خوارەوەو بەقژمانەوە دەنیشنەوە، ئێمەش بەهۆشیاری بەسەر شۆستە خزەکەدا دەڕۆین، سەیری ئۆتۆمبێلەکان و رووبارەکان دەکەین، سەیری دەرگای خانووەکان و کۆگاکان دەکەین و بیر لەو دیاری و یادگارییانە دەکەینەوە کە گەڕاینەوە بۆ نیشتمان، بۆ هاوڕێکانمانی دەبەینەوە.

چەند دورن ئەو شاری تەمانەی کەناتوانم بیانگەمێ.

بەڵام پێویستە هەرخەویان پێوە ببینم، رۆژێك هەر دەبێت، خۆم و خۆت، بەوشاری تەمە دورانەدا بەیەکەوە بگەڕێین.

## ٥. فرۆکەخانە

بەیەکەوە دێن بۆدالانی فرۆکەخانە، چاودێریی ئەوکەسانە دەکەن لەودەرگایانەوە ئاودیو دەبن کە لەخۆیانەوە دەکرێنەوە، هەڵدەڕوانن بەو تەختە ئەلیکترۆنییەدا کە ناوبەناو دەنگێکی لەدڵاشیرینیان لێوە دێت، لەدەم وچاوی ئەوانە ورد دەبنەوە کە لەدەرەوەی وڵاتەوە دێنەوەو ئەوانەی کەسوکاریان بەڕێدەکەن بۆ دووروڵات.

لەسینەیاندا ئارەزووی گەڕان و دەربازبوونێك دەڕسكێت، چاوەڕوانی كەس نین، تەنیا ئەوەیان بەسە ناو بەناو بێنە دالانی فڕۆكەخانەوە بۆئەوەی هەست بە گەرمی وبەردەوامی لەگەڵ ئەو جیهانانەدا بكەن كە تەختە ئەلیكترۆنییەكە بەكورتی باسیان دەكات.

پاش چەند رۆژێك رایانكێشان بۆ لێكۆڵینەوە دوای ئەوەی هەستیان پێكرا بەردەوام دێنە ئەم شوێنە گرنگە.

لەگەڵ ئەوەشدا كە هیچ نیازێكی خراپیان نەبوو، بەڵام لەو چێژەی ئەم دواییەیان بێبەریی كران كە لەدالانی فڕۆكەخانەكەدا دەیان بینی.

### ٦. نێچیر

بەپەلە هاتن، لەتاریكییەكەدا كۆبوونەوە، هەتا فریای ئەوە نەكەوتبوون ریشیان بتاشن، بەخەنجەرەكانیانەوە كە لەكێلانەكانیاندا لەبەر پشتوێنەكانیاندا ئامادەی فەرمان بوون، سەمایەكی خوێناوییان كرد، پێشئەوەی خۆر هەڵبێت بەپەلە بڵاوەیان لێكرد.

بۆ بەیانی منالان لەلاشەی ئافرەتێك هەڵكەوتن كە لەسووچێكی ئاواییەكەدا كوژرابوو.

ئای لەو دڵڕەقییە، لاشەیەك بدرێتەبەر بیست و حەوت خەنجەر، هەر لەكەمەرەوە تا ئەو مەمكەی شیری ئەو منالەی تیا مەیبوو كە هەرگیز نایەتە دەرەوە.

### ٧. شایی

دایكە قەڵەوەكە، نەیویست شەوی گوێزانەوەی كچەكەی بەوە بەرێتە سەر لەپشت دەرگاكەوە بووەستێت گوێهەڵبخات، ئەوە رەوشتێكی كۆنەو باوی نەماوە.

دایكە قەڵەوەكە، دانیشت و دەستیكرد بەهەڵلوشینی خواردنی بەتام لەچێشتخانەی زاواكەیدا كە زۆر لەگەڵ كچەكەیدا نەمایەوەو پاش تۆزێك، پێش ئەوەی دایكە قەڵەوەكە پێی بزانێت چەند چركەیەك بەبالا كەڵەگەتەكەی دەرگای چێشتخانەكەی گرت و لاشەی كچەناسكەكەی دابوو بەسەر شانیداو بەكەمتەرخەمییەوە –وەكو یەكێك رای خۆی بەرامبەر ساردی و گەرمیی ئاوو هەوا دەربرێت– رایگەیاند كە رقی لەهەموو شتێكە لەمۆمی سپی ساردوسڕی بێكەف وكوڵ بچێت.

### ٨. سزا

ئافرەتە ئەتككراوەكە، لەناو زەبەندێكدا منالەكەی بوو، پێچای لەپارچەیەك پەڕۆوەو بیری لەچارەنووسی دەكردەوە: ئایا نزیك كۆشكی سوڵتان فڕێی بدات بەڵكو بەخێوی

بکات و ببێت بە وەزیرێکی بەدەسەڵات! یان لەبەر پەنجەرەی ژنە نەزۆکەکەدا دایبنێت، کە کوڕێکی بۆمێردە بازرگانە خاوەن کۆمپانیاکەی نەبینی دوای خۆی میراتەکەی بۆ بەجێبمێنێت و ناچاریکرد حەڤدەجار ژنی بەسەربێنێت ولەڕەوەیەك کچ زیاتر کوڕی نەبێت؟!.

ژنە ئەتك کراوەکە، پێش ئەوەی بڕیار بدات، گیانی دەرچوو و مرد. کوڕەکەی یەکسەر هەستاو لاشەکەی دا بەشانیدا، لەناو درەختەکاندا گۆڕێکی ڕێکوپێکی بۆ هەڵکەند و بەگریانەوە ناشتی.

ئینجا دەستیکرد بەگەڕان بە کوچە و کۆڵانەکاندا وخۆشەویستی لەناو خەڵکدا بڵاو دەکردەوە.

بەوجۆرە بەردەوام بوو هەتا گرتیان، چونکە بەڵگەنامەیەکی پێ نییە بیسەلمێنێت کێیەو کوڕی کێیە و خەڵکی کوێیە و کەی و لەکوێ لەدایکبووە!!.

## ٩. کۆبوونەوە

بەرپرسەکان دوای کۆبونەوەیەکی نائاساییان کرد بۆلێکۆڵینەوە لەو بارودۆخەی کەهەڕەشەیەکی ئاشکرا لەهەڵکەندنی ڕەگ و ریشەیان دەکات.

کە گەیشتنە هۆڵی کۆنگرە، برسێتی وای گوشیبوون کە هەرگیز بەخۆیانەوە نەدیبوو، بۆئەوەی بەتێر و تەسەلیی تیشك بخەنە سەر گیروگرفتەکان، دەستیانکرد بەخواردنی یەکتری بەبێ بەکارهێنانی چەقۆو چەتاڵ، چونکە ئەوە–وەك بۆی چوبوون– زیاتر نیشانەی ڕەسەنایەتییە.

دوای ئەوە بەدڵنیاییەوە نووستن.

## ١٠. ڕاگوێزان

منداڵەکە لەدوای دایکیەوە گێژە گێژ دەڕوات و گوێ ناداتە تێخوڕین و پەلەپەلی دایکی، هەڵ دەڕوانێت بەو ڕکەو تاش و تاوێرانەدا کە شێوەی جۆرەها گیانداری پێدەبەخشن.

دایکی بۆی دەگەڕێتەوە، لێی تووڕە دەبێت و لەبەرچاوی هەموو خەڵکەکە گوێی رادەکێشێت. بەدڵتەنگییەوە دوای دەکەوێت، ئیتر ئارەزوی تەماشای شاخ و کێوەکەی نیە، لەناخیدا هەستێك سەرهەڵدەدات کە ژمارەیەکی زۆر ڕێگر و کۆسپ هەیە نایەڵن جوانی و ڕازاوەیی ئەم جیهانە ببینێت.

بێزاریی دایکەکە لەنەبڕانەوەی ڕێگاکە و ماندوبوونی زیاتر دەکات و بەسەریاندا دەبۆڵێنێت.

مناڵەکە لەدایکی نزیک دەبێتەوە ودەستی خوشکە بچکۆلەکەی دەگرێت و بەڕێگا توناوتونەکەدا پێشی دەکەوێت و هەست دەکات پێش کاتی خۆی گەورە دەبێت.

ئەوانە یەکەم هەنگاوەکانی بوون دور لە گوندەکەیان و زێدی باووباپیرانی.

لەدوایدا نەبێت وئەو کاتەنەبێت کەدەستی تفەنگی گرت ئەمەی بۆ دەرنەکەوتبوو.

## ١١. هیوابڕاوی

قەیرە کچەکە هێشتا لەخۆڕزاندنەوە نەبووبووەوە کە فەرمانبەری ئوتێلەکە دەرگاکەی کردەوە و خۆیکرد بەژوردا بۆ ئەوەی پێی رابگەیەنێت ئەو لایەنەی میوانداریی کردوە، ئیتر پارەی بۆنادات.

کچە قەیرەکە گریا، چونکە فەرمانبەری ئوتێلەکە بەچاوی خۆی تاقمی دانەکەی بینی لەناو پەرداخێك ئاودایەو، ئەمیش هێشتا ئارایشتی خۆی تەواو نەکردبوو.

## ١٢. تەنیایی

پاش نیوەشەو بەتۆزێك، کزەی هەوا ساردەکە خەبەری کردەوە رویکردە پەنجەرەکە و قسەی بەخۆی دەوت کە لەبیری چووە پێش ئەوەی بنوێت دایبخات.

هاتەوە بۆلای جێگاکەی، ئینجا کاتێك بەوەی زانی کە پشیلەکە نە لەسەر جێگاکەیە و نە لەقوژبنی ژورەکەدا و نە لەژێر مێزەکەدایە، وەستا.

گەڕایەوە بۆلای پەنجەرەکەو چاوەڕوانی دەکرد، کەماندو بوو چووە ناو جێگاکەیو لەبەرخۆیەوە دەیوت: چەندجارم پێوت نەچێتە دەرەوە ! !.

کە ئەمەی وت ئەکۆکی و بەشێوەیەك وتی وەکو مەبەستی ئافرەتێك بێت.

## ١٣. تەنزیلات

موچەکەی هیچی وای نەمایەوە، وەکو پیشەی هەموو سەری مانگێکی هەندێ داو و دەرمانی بۆباوکی کڕی کە چەند ساڵە لەماڵەوە کەوتووە، سەدریەیەکی قوتابخانەی بۆ خوشکەکەی کڕی لەگەڵ پانتۆڵێکدا لەژێر سەدریەکەوە لەبەری بکات.

لەدوكانێكی تر هەندێك نوقڵ و پسكیت و شكولاتەی بۆ منالّە وردەكانی تر كڕی. بەوپارەیەی پێی مایەوە، بۆیەكەم جار–لەچەند ساڵێك لەمەوبەرەوە–لەو كاتەوە كەدایكی بەنەخۆشی سیل مرد، قەڵەمێكی چاو و قەڵەمێكی لێو و قوتویەك پۆدرە و كرێمێكی ئەساس و دوشوشە عەتری لەمناڵێكی بچكۆلە كڕی كە لەسەر شۆستەكە لەپشت عەرەبانەیەكەوە وەستابوو هاواری دەكرد تەنزیلات!.

## ١٤. لوتی ئەتۆمیی

ئەو ئافرەتە سك پڕەی كە بەڕێكەوت لەسەر رووی زەوی مایەوە، دوای ئەوەی چەكی ئەتۆمی هەموشتێكی دورییەوە، مناڵێكی جوانكیلەی بوو، بەڵام دوای ئەوەی لەداوێنی كەوتە خوارەوە گەردیلەیەك تیشكی ناوكەیی كەوتە سەر لوتە بچكۆلەكەی. لوتی بەشێوەیەكی ترسناك درێژ بوو. لەبەر ئەوە دایكەكەی ناچاربوو هەموو بەیانیەك سەد هەنگاو بەپێ بڕوات تا دەگاتە سەری ئەو سەری لوتەكە بۆئەوەی بەسابوون بۆی بشوات پێش ئەوەی مەمكی بداتێ، چونكە هەرچۆنێك بێت تاكە منالّیەتی بۆی ماوەتەوە لەسەر روی زەوی، بەلوتێكەوە كەلەهیچ سەردەمێكدا وێنەی نەبووە!!.

## ١٥. تیڵا

خیزانەكە لەبەر تەلەفزیۆنەكەدا دانیشتون، خوا چیداوە دەیخۆن. لەپڕ خەڵكێكی زۆر پیشان دەدات بەشەقامێكدا دەڕۆن، هاوار دەكەن و لافیتەیان هەڵكردوە.

تیكەكە لەقوڕگی منالّەكە دەگیرێت، كاتێك دەبینێت پۆلیسەكان بەلیس و تێلاوە بەردەبنە وێزەیان.

كامێراكە لاوێكی خوێندكار دێنێتە پێشەوە خوێن بەلاجانگیدا دێتە خوارەوە. منالّەكە دەست لەخواردن هەڵدەگرێت.

تێلا لەقوژبنی مالّەوە بەدەست باوكەوە، لەقوتابخانە بەدەست مامۆستاوە، لەبن دەستی جەنەڕاڵدا... لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنیش؟؟؟!!!!...



**خولی دووەمی فێستیڤاڵی تەوارو**

**تەحسین فایەق**





**دیدار لەگەڵ بەدیعە دارتاش**

**ڕێبواری ئازادی**

**دیدار لەگەڵ سازگار ئەبوبەکر**

**چنور محەممەد**

# هونەر

# خولی دووەمی فێستیڤاڵی تەوارو خوێندنەوەیەکی دروست

تەحسین فایەق

لــەرزۆکترین هــەنگاو بــۆ بوونیــادی ســینەما.. گــرنگ و پڕبایــەخ و فرەبەهایــە لەکوردستاندا، چوون رەوانترین و پاراوترین زمان لەجیهان، زمانی سینەمایە، خۆزگە سەرجەم رێکخراو و دەزگا حکومی و ناحکومییەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەم شوناسە خەمخۆر دەبوون و بەشێکی چالاکییەکانیان تەرخاندەکرد بۆ سینەما.

یەکێتیی ژنانی کوردستان وێڕای چالاکییە تایبەتییەکانی خۆیان، وەك نەریتێك خەریکە تایبەتمەندییەك ببەخشن بەفێستیڤاڵی (تەوار) ئەویش سازکردنی فێستیڤاڵی کورتە فیلمە.

هەرچەندە دووەم فێستیڤاڵی (تەوار) بۆ کورتەفیلم کۆمەڵێك سیماو پرەنسیپی فەرامۆشکردبوو، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە کەمتەرخەم بوون، چوون سازدانی فێستیڤاڵێکی لەمجۆرە پێویستی بەڕاوێژو کاری هاوبەشە لەنێوان لایەنی هەڵسوڕێنەرو فەرمانگەو رێکخراوە پسپۆڕە سینەماییەکان.. بۆ بەزیندوێتی مانەوەی فێستیڤاڵ و هەنگاوهەڵهێنانی دروست لەو پێناوەدا.

لەکۆی ئەو بەرهەمە کۆکراوانەی کە بەشداربوون.. من خودی خۆم (٩) فیلمیانم لەفێستیڤاڵەکانی کۆمپانیای ئەڤینی فیلم و بەڕێوەبەرێتی هونەری سینەمای هەولێر بینیوە، دواهەمین فێستیڤاڵ کە بەڕێوەبەرێتی سینەمای هەولێر سازیکرد لە ٢٠٠٦/١٢/٢٨ کۆتایی هات.

وێڕای ئەم حاڵەتە تێکەڵی هەڵبژاردن بۆ هەموو ستایلێکی سینەماو تەنانەت تەلەفزیۆنیش، فرەزمانی، فرەستایلی، دیسانەوە یەکتانەکردنەوەی کاتی ستاندارد بۆ فیلمی کورت.

بەکورتی ئەم شانزە فیلمەی بەشداربوون و پێشتر لەسلێمانی و هەولێر نەبینرابوون، فیلمی داستان، فیلمی وشیاری، ئێنیمەیشن پرۆتستۆکاری، دیکیۆمێنتەری، ڕیپۆرتاژی و تاد..

ئەمەش هەڵنەبژاردنێکی پسپۆڕگەرایی دەگەیەنێت، کە ئەم ڕێکخراوە کاراو ئازیزە پشتگوێی خستووەو کاری پێنەکردووە.

من لەم نووسینەدا دەمەوێت زیاتر قسە لەسەر یەکێك لەبەرهەمەکانی یەکێتی ژنان بکەم، ئەویش فیلمی (تەنوور)ی سینەماکار (ئەشکان ئەحمەدی)یە.

ئەشکان هەمیشە وەك فیلمسازێکی سەرکەوتوو لەبواری فیلمی کورتدا دەرکەوتووەو کارە جوانەکانی دیارن و لەبەرچاون، وەلێ ئەمجارە ئەشکانی ئەحمەدی نەیزانی چۆن داستانەکەیمان بۆ بگێڕێتەوە، لەڕێگەی وێنەو دیالۆژو لوکەیشن و پلانەکانی پرۆسەی دەرهێنان، تەنانەت مۆنتاژو موزیکیش هەر نەیانتوانی چیرۆکەکە بەرجەستە بکەن، بۆیە دواجار ئەشکان ناچار لەسەر (Fade)ێکی رەش روونکردنەوە دەنووسێت، گوایە لەساڵی ١٩٨٨ ئەم کارەساتە روویداوە، بۆ زیاتر روونکردنەوە، بەدەنگی خۆی لەگەڵ نووسینەکە دەیخوێنێتەوە، کەچی هەر چیرۆکەکە نەك هەر بەبینەران نەگەیشت، بەڵکو بەهاوەڵە بەشدارەکانیشی.؟!

بوونیادی کەسێتی لەسینەمای داستانی، بوونیادێکی تۆکمەو پتەوە، ئەشکان (پنت)ێکی بەرجەستەکاری سەرجەم رووداوەکانی فیلمەکەی دادەمەزرێنێت کە لەکارەکتەری (ژیان ئیبراهیم)دا ویستی بەرجەستەی بکات، ئەگەر سکراکتۆری دەق و وێناکردن لەپرۆسیسی دەرهێناندا دروست بوونیاد بکرایە، کارێکی سەد دەرسەد موحتەریف دەبوو.

کاراکتەری سەرەکی لەسەرەتادا وای دەنواند کە بەردەوامێتی هەبێت و لەبەرەی بەرگریدا بمێنێتەوە، کە چی کاتی شڵەژان و بیستنی هەواڵی هاتنی جەیش و جاش بۆ نێو دێیەکە، تفەنگێك دەردەهێنێت و تەنانەت میلیشی دێنێتەوە، کەچی لەگەڵ بیستنی دوایین هەواڵ تفەنگەکەش جێدەهێڵێت رادەکات، دواجار دوای کارەسات بەسەقەتی

دەیبینینەوە، دارشەقێکی بەدەستەوەیەو کاراکتەرێکی داڕماوو خەمۆکە بەهۆی سیستمی پیاوسالاری، کە هونەرمەند (هیوا رەئوف) بەرجەستەی کرد.

گوندێك ئـەنفال دەکرێـت، ئێمـەی بینـەر لـە (پنـت)ێکـەوە دەیبیـنین کـە واتـا کـاری وێناکردن و دەرهێنان دەبێت زۆر بالا کار بکات. کـە چـی (سـالم سـەلواتی) کـە وێنـەگری فیلمەکەیـە لەگۆشـەیەکی جـێگیر کـامێرا لەسـەر سـێپا نەسـب دەکـات و گـوێ ناداتـە (سلوید)بوونی وێنەکان تاڕادەیـەك کـە ئەکتـەرە بەشـدارەکان لـەکاتی پەخشی فیلمەکـە بەدوای کاراکتەرەکانی خۆیاندا دەگەڕان، جگە لەبازدانی وێنەیی کە پەیوەستە بـەمۆنتاژ، بڕواناکـەم هـیچ دەرهێنـەرێك کـە (راش)ی کارەکـەی (سـلوید)یـان (ئـێکس پـۆز) بێـت. دووبارەی نەکاتەوەو مۆنتاژی بکات. سەبارەت بەجوولە، سوپایەك لەخەڵك و پێشمەرگەو ئالیـاتی سـەربازی لەجوولـەو بزاوتنـدان لـەنێو دێیەکـە، کەچـی بـۆ چـرکەیەکیش لێنـزی دووربینەکەی سەڵەواتی مەعالمی هێرشەکەی نیشان نەداین، رەنگە ئەشکان ئـەم کـارەی بەستایلێکی ناتەبایی جۆری لەقەڵەم بدات، بەڵام هەرشتێك بڵێ هەر ناتوانێت ئەم داستانە بەبینـەران بگەیـەنێت، لیژنـەی ئامادەکـاری فێـستیڤاڵیش دوای بینـینی (تـەنوور) کـە بەرهەمی خۆیان بوو، پێویست نەبوو (تەنوور) بخەنە پێشبڕکێ لەکاتێکدا (رێبوارانی دۆڵی هــەنار) لەپێــشبڕکێدایە، کــە لــەمانگی ١٢/٢٠٠٦ بەشــداری پێــشبڕکێی فێــستیڤاڵی بەڕێوەبەرێتی هونەری سینەمای هەولێری کـرد، دیسانەوە خـاتوو (مەلـەك رەسـوڵی یـان مەلەك عوبێد) بەدوو فیلم بەشدار دەبێت و لەدەلیل وەك چاوبەست جارێك بەناوی بـاوك و جـارێکیتر بـەنازناو بلاودەکرێتـەوە، ئومێـد دەکـەم داهـاتووی ئـەم خوولـە بەردەوامـەی (تـەوار) وردتـر کـار لەسـەر هەڵبـژاردن بکـات، دڵنیـام تـەکانێکی بـاش و پـڕ بەهایـە، بەردەوامێتی پێگەیەك بۆ بواری فیلمسازی لەکوردستاندا دەخوڵقێنێت.

## بەدیعە دارتاش:

# دوێنێ بزووتنەوەیەکی شانۆیی هەبوو ئەمڕۆ لەناو چوو

گفتوگۆی: ڕێبواری ئازادی–سلێمانی



**بەدیعــە دارتــاش نــاوێکی دیــارو ناسراوە لەهونەری کوردیدا، ساڵانێک مامۆســـتای پــــەیمانگای هونــــەرە جوانەکانی کوردبووەو لـەزۆر بەرهـەمی تەلــــەفزیۆنی و شـــانۆو.. هتـــد دا بەشـداری دیـاری هـەبووە وەک خـۆی دیــارە تەمــەنی کردووەتــە قوربــانی هونــەری ئێــستا لەبەرێوەبەرایــەتی سەرپەرشـــــتیاری پـــــەروەردەیی فەرمانبــەرە لەگفتوگۆیــەکی هونــەری چـڕوپڕدا تایبــەت بــەگۆڤاری (هــەنار) راشـــکاوانە وەڵامـــی پرســـیارەکانی داینەوە..**

***هەمیــشە ململانــێ و رەتکردنــەوە لــەنێوان نــەوەی نــوێ و نــەوەی رابردوودا قەسـەی لێوەدەکرێـت، لێکدانـەوەی ئێـوە لـەو بارەیـەوە چییە، هــەروەها تــۆ وەک هونەرمەنــدێکی خــاوەن ئــەزموون و تەمــەن چ تێڕوانینێکت هەیە لەسەر ئەو دوو لایەنە( ململانێ و رەتکردنەوە)؟**

–زۆر پێخۆشـحاڵ دەبـووم ئەگـەر ئـەو ململانێیـەم بـەدی بکردایـە لـەنێوان ئـەو دوو توێژەدا لەسەر بنەمایەکی زانستیانەو رۆشـنبیرییانەو هونەریانـە، بـەڵام ئـەوەی جێگـەی نیگەرانییە لەنێو ئێمەی نەگبەتا هەمیشە هەوڵی ملـشکاندنی بەرامبەرەکـەمان دەدەیـن و

کەس لەخۆمان بەباشترو خاوەنی ئەزمونتر نازانین لەسەر بنەمایەکی پوچ و بەتاڵ و بێفەڕ دەژین، لەبری ئەوەی بیرو هەوڵمان بخەینەگەڕ بۆ سوود وەرگرتن لەتواناو بەهرەو ئەزموونی بەرامبەر، ئەگینا ئەگەر تیبس نەبوایە ئەسخیلوس و سوفۆکلیس و یوبیدس لەدایك نەدەبوو، پێویستە چەند هەنگاو بەرەوپێشەوە دەنێیت ئاوڕێك لەدواوە بدەیتەوە.

***لەسەردەمی رژێمی بەعسدا تۆکاری هونەریت کردووە، ئایا شێوازو ئاراستەکانی کارکردنتان چۆن بووەو ئێستا چۆنی دەبینیت؟**

–بێگومان هەموو مەبەستێکی سەرەکیمان لەکاتی رژێمی لەناوچوو بەئاراستەیەکی تایبەتدا گوزەری دەکرد ئەویش خزمەتی (قضية)یەکی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەری بوو زۆربەی زۆری کارە هونەرییەکانمان هەڵگری دوو مانابوو، مانای ناوەکی بەئاراستە نەتەوەییەکەدا تێپەڕدەبوو مانا دەرەکییەکەش کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بوو، جەماوەر بەشێوەیەکی گشتیی خوێندنەوەیەکی زۆر پڕ مانای بۆ هەموو وشەو جوڵەو رەنگ و دەنگ دەکرد زمانێکی تایبەت هەبوو لەنێواندا کە بەکورتترین رێگا دەگەیشتنە مەبەست و کاریگەری زۆریشی لەسەر بینەر دروست دەکرد، هەرچەندە بینەری ئەو سەردەمەش زۆربەی خەڵکە سادەو ساکارەکە بوو، بەڵام بەڕاستی هەستیارو دڵسۆزو بوێرو خاوەن هەڵوێستی مەردانە بوون بەرامبەر نەتەوەو خاك و نیشتمان زۆر بەپێچەوانەی ئێستاوە کە هەموو ئەو سیفاتانە کاڵ بۆتەوە بەداخەوە چیمان چاندو چیمان دورییەوە.

***هەریەکێک لەئێمە سەردەمی زێڕینی ژیانی هەیە لەهەربوارێکدا، سەردەمی زێڕینی تۆ لەکاری هونەریدا چ کاتێک بوو ئەگەر بێتەوە یادت؟**

–لەسەرەتای حەفتاکاندا دوای دەرچوونم لەئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا بەشی شانۆ بەهەستێکی پاك و دڵسۆزییەوە زۆر لەخۆ بووردوانە شەوو رۆژ کارمان دەکرد بەبڕوایەکی پۆڵاینەوە بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێکی هونەری شانبەشانی شۆڕشی چەکداری ئەو سەردەمە بێ سڵکردنەوە رووبەڕووی (١٧) پارێزگای عیراق دەبووینەوەو بەسەری بەرزەوە گرەومان لەهەمووان دەبردەوە، بەوەرگرتنی ئەو پارچە تەنەکەیەی کە ناو دەبرا بەخەڵات واماندەزانی هەموو دنیا نیشتمانی ئێمەیە.

***فێستیڤاڵەکانی شانۆی سالارو بەڕێوەبەرایەتی شانۆی سلێمانی و چەندانیتر لەچ ئاستێکدا بوون و راوسەرنج و تێبینیت لەسەر سازدانی ئەو جۆرە فێستیڤاڵانە چۆن بووەو لەداهاتووشدا سازدانیان چۆنە؟**

–هەموو ئەو جۆرە فێستیڤاڵانەی کە لەم سەردەمەدا دەکرێت هیچی لەجێی خۆیدا نییەو هەرگیز دڵخۆشکەرنییە، هەریەك لەو دوو فێستیڤاڵە لەپێناو مەبەستی تایبەتی خۆیدا سازکرابوو، مامۆستا سالار وەك هونەرمەندێك هاوڕێیەکی بەئەمەك و بیرمەندو رەوشت بەرز هەمیشە لەخزمەتی هەموو مرۆڤێکدایە بەتایبەتی دۆست و هاوەڵەکانی خۆی زۆر لا پیرۆزە، ویستی بەسەریان بکاتەوە، بەو خەڵات و رێزلێنانە، جا سازدانی ئەو فێستیڤاڵە بەتایبەت بوو بۆ ئەو مەبەستە، بەڕێوەبەرێتی سلێمانیش بۆ وەردەستنی هێزو تواناو دەسەڵاتی بەشەکان بەتایبەتی بەشی شانۆ کەچەند ساڵێك لەوەو پێشیش وەك نەریتی خۆی سالانە بەو کارە هەستاوە بەهەر کولەمەرگییەك بووبێت، ئێستاش دەسەڵاتەکانیان فراوانتر کردوە، هەربەشە ناونراوە بەبەڕێوەبەرایەتی بۆئەوەی نەبێتە جێی لۆمەو تیروتوانج بەپەلە پروزێ ئەو فیستیڤاڵەیان سازدا بێڕاوێژکردن تەنانەت لەگەڵ پسپۆڕانی بەشەکەی خۆیاندا کە پسپۆڕو شارەزان، ئەوانیش خەڵاتی کۆمەڵێك هونەرمەندی تریان کرد کەوەك باوە، جالەخوا بەزیادبێت لەدوای راپەڕینەوە هەر ناونیشانەو دادەتاشرێت بۆ مرۆڤەکان ئەگینا گەر یەکێك دڵسۆزو کارمەندێکی لێهاتووبێت بەڕیش نییەو بەئیشە.

***تێڕوانینت بەرامبەر وەزارەتی رۆشنبیری و حکومەتی هەرێم چۆنە سەبارەت بەهونەرمەندان ئایا لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازی هەیە ئەگەر هەیە پێت باشە لەسەر چ بنەمایەک بێت؟**

–پاشاگەردانییە لەسەر هیچ پەیڕەوو پرۆگرامێکی دیاریکراو نییە بنەمایەکی بنەڕەتی نییە، گەر وانەبێت ئەوە چەند مانگە وەزارەت بووە بەیەك هەتاکو ئێستا زۆربەی ئەو فەرمانبەرانەی سەر بەوەزارەت بوون لەماڵەوە دانیشتوون بێئیش و کار هیچ بەرپرسێتییەکیان پێنەدراوەو مووچەی بەلاش وەردەگرن ئەوەشی کە دەوام دەکەن لەهەفتەیەکدا جارێ یادوو جار سەردانێك دەکەن وەك میوان وادەزانم تاکە وەزارەتە کە تاکو ئێستا خۆی رێکنەخستووەتەوەو نازانێت کە چەند فەرمانبەری هەیە کە دەبوایە بەپێچەوانەی وەزارەتەکانی تر مەڵبەندی رۆشنبیری و ئەدەبی و هونەری و زانستی بوایە.

***دوای ماوەیـەکی زۆر لەگەردەلولـدا دەرکەوتیتـەوە هۆکـاری دابڕانـی ئەو ماوەیەت بۆ چی دەگەڕێنیتەوە، گەردەلول چۆن بوو لـەڕووی ئاسـتی بەرهـەمێکی زینجیـرە درامـی و تا چـەند لەبەشـداربوونت لەگـەردەلول رازیت و ناڕازیت، پێتوایە مامەڵەی دەرهێنەر لەڕووی هەڵبژاردنی تۆ بۆ ئـەو زنجیرەیـە تـا چـەند لەشـوێنی خۆیدایـەو لەدیدارێکـدا وتبـووت دەرهێنەر دەتوانێت بمکوژێت و لەبەشێکی تردا بەشدارم نەکاتـەوە ،تۆ چۆن بەشداریت کرد کە نەتئەزانی ئەو زنجیرەیـە چـەند بەشـەو ئاکامی کەسێتییەکەت بە چی دەگات؟**

–من بەردەوام لەشانۆدا کارمکردووە گەر بەدەرهێنان بێت یان نواندن، بـەڵام تـەنها لەدرامای TV تاکو ئێستا لەبەرئەوەی تووشی دەقێك یا سـیناریۆیەکی وا گـرنگ نـەبووم کە خەون و خواستی منی تیا بـەدیکردبێت، گـەردەلولم وەك سـیناریۆ زۆر لا پەسـەندبوو، بەڵام ئەو دەورەی من هەرچەند زۆر کوت بوو پێخۆشحاڵ بووم پێی مەبەستیشم لـەکورتی دەورەکە ئەوە نییە کـە لەهـەموو بینراوێکـدا بـوونم هـەبێت مەبەسـتم وەك پێویـست ئـەو دایکە حەقی خۆی نەدرابوویـە، ئێمـە نموونـەی دایکێکـی بێـوەژنی هـەژار تـەنها کـوڕێکی هــەبێت و بتوانێــت بیگەیەنێتــە قۆنــاغی زانکــۆو کوڕەکەشــی ئــەم هەســتە بــیرۆزە نەتەوایەتییەی هەبێت و دایکێکی وا قارەمان پەروەردەی بکات، کە رۆژانە رێگا بـدات کـە هاوسەنگەرەکانی لەماڵەوە کۆبوونـەوەی حزبـی بکـەن و هاوهەڵوێستیان بێـت، خزمـەتی پێــشمەرگەی برینــدار بکــات لــە رۆژە ســەختەکان، دەکرێــت بــەدوو حیــوار کۆتــایی بەکەسێتییەکەی بهێنیت؟ مـن تـەنها گەللیـەم لـەکاك جـەلیل هـەر ئـەوە بـووە لـەپێناوی دەوڵەمەندکردنی دەقەکەی خۆیدا دەنا ئەو چ زانیارییەك بۆ من زیاد دەکات یا چ سوودێك بەمن دەبەخشێت لەماندووبوون بەولاوە، خۆشـی چـاك دەزانێـت ئـەوەی کـەمن مەبەسـتم نەبێت ماددەیە، بۆیە ئەو هەمیشە هەڕەشەی هەبوو بۆ ئەکتەرەکانی دەیوت لەفلان کاتی دیـاریکراو ئامادەنـەبیت بەیـەك حیـوار کەسـێتییەکەت دەکـوژم، جـا ئـەو رەفتـارەم زۆر پێناخۆشە، چونکە ئەگـەر عەبقـەری زەمـان بیت لەدەرهێنانـدا ئەگـەر ئەکتـەری بـاش و دڵسۆزت نەبێت ناتوانیت بەردێك بخەیتە سەر بەردێك، سـەرکەوتنی کـاری شـانۆی درامـی

بەگەورەیی توانای ئەکتەرەوە، هەمیشە ستانسلافسکی وتوویەتی دەوری بچوک نییە ئەکتەری بچوک هەیە (لیس هناك دورا صغیرا و انما ممثلا صغیرا).

***ماوەیەک لەپەیمانگا مامۆستا بوویت، ئایا پەیمانگا توانی کادری کاراو لێهاتووی هونەری نواندن دروست بکات پۆلێنکردنیان لای تۆ چۆنە وەک شانۆو دراماو سینەما؟**

–ماوەی (٢٢) ساڵ لەپەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بووم وەك مامۆستاو سەرۆك بەش، هەرگیز ئێمە ناتوانین بڵێین توانیومانە یەك مرۆڤ بکەینە هونەرمەند ئەگەر خۆی ئارەزوو و خولیای هونەری نەبووبێت، لەو ماوە زۆرەدا رەنگە (٣٠٠) خوێندکاری کچمان بەشی شانۆیان تەواو کردبێت منیش چوار ساڵە پەیمانگام بەجێهێشتووە لەو رێژەیە زۆر زیاتر هەیە تاکو ئێستا لەکارێکی شانۆیی یا درامیدا دادەمێنن بۆ کچێك، ئەمەش هۆکاری زۆرە کە لێدوانێکی دوورودرێژی دەوێت.

***تا چەند لەئاستی نواندنی خۆت رازیت ، بەدەر لەخودی خۆت وەک بینەر چۆن خۆت هەڵدەسەنگێنیت؟**

–رەنگە ئێستا ئەو هێزو توانایەم تیانەبێت بەهۆی هەڵچوونی تەمەنمەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەڵێم لەهەر بەرهەمێکدا رۆڵم تیابینیبێت وەك ئەکتەر کەمتەرخەم نەبووم و زۆر خۆم بۆ ماندووکردووەو حەقی خۆیم داوەتێ. جێگەی رەزامەندیی بینەر بووم زۆر راستگۆ بووم لەگەڵ بەرجەرستەکردنی کەسێتییەکەدا.

***بەڕای تۆ ئەکتەری سەرکەوتوو کێیە؟**

–بەڕای من ئەکتەر لەسەرەتادا دەبێت بەشێوەیەکی تیۆری خۆی پڕچەکی رۆشنبیریی هونەری درامی بکات لەسەر بناغەی ئەو زانیارییانەی کەلە گەورە رووناکبیرانی جیهانییەوە وەریگرتووەو بەڕاهێنانی پراکتیکی بەبەردەوامی، دواجار لەئەزموونی بچووکەوە بکشێت بۆ رۆڵی گەورە، هەمیشە ئەو دروشمە لەپێش چاوی خۆیدا دانێت، کە چەند بزانێت وابزانێت کە هیچ نازانێت، بۆئەوەی ببێتە مرۆڤێکی هۆشیارو داهێنەر.

***تا چەند ژنانی هونەرمەند توانیویانە هونەریانە نواندن بکەن ئەوەندەی کارەکانیانت بینیبێت؟**

–بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن ئەوانەی کاردەکەن زۆر کەم لەکارەکانیان سەرکەوتووبوون.

***شانۆی دوێنێ و شانۆی ئەمڕۆ چ بەراوردێکیان تیا دەبینیت؟**

–دوێنێ بزووتنەوەیەکی شانۆیی هەبوو ئەمڕۆ لەناوچوو.

***دوا پرۆژەت چییە؟**

–سەرقاڵی پرۆڤەکردنم لەشانۆگەری (خولیای ئاوات) لەئامادەکردن و دەرهێنانی خۆم ،کە لەگەڵ رێکخراوی رۆژ بۆ خزمەتی کەمئەندامان دەیکەم ئینشائەڵلا مانگی سێ نمایشی دەکەین، بەنیازم ئۆپەرێتی کەژاوەی مێژوو لەگەڵ تیپی میللی زیندوو بکەینەوە.

## دیدار لەگەڵ سازگار ئەبوبەکر



# ئەو هونەرمەندەی لەپانتاییە سپییەکاندا ئازاد دەبێت

ئا: چنور محەمەد

سازگار ئەبوبەکر یەکێکە لەژنە هونەرمەندەکان، ئەم خانمە دەیەوێت ئەنجامی بیرکردنەوەکانی کۆمەڵێك تابلۆی جوان بێت، ئەو بەردەوام بیرکردنەوەی زیاترو زۆرتری هەیە بۆیە لەکارە هونەرییەکانیدا دەیەوێت بەتەواوی لەدنیای دەرەوەو هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەك بپچڕێت، چونکە ئەوو هونەر لەسەر تابلۆیەکی هونەری ئامێزی یەکتر دەبن.

سازگار وەك هونەرمەندێك شێوەی ژیانی و بیرکردنەوەی تایبەتی خۆی هەیە، ئەمەش بەشێکە لەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵیدا کردوومانە.

***هەندێک لەتابلۆکانت چەند هێڵێکی بەردەوام و نەپچڕاوە، واتە لەشێوەی بازنەیی یەک لەدوایەک خۆی دەنوێنێت، ئایا لەپشت ئەم شێوە ئیشکردنەوە مەبەستێک هەیە؟**

—من هەرگیز مەبەستم نەبوو ئەو ئیشانە بازنەیی بن، واتە من بۆئەو ئیشە خۆئامادەکردنێکی پێشوەختم نەبوو، واتە نەم وتووە باچەند هێڵێکی بازنەیی بکێشم، ، نەخێر، ئەو وێنەیە لەئەنجامی تەئەمولاتەوە هاتۆتە کایەوە، هەرکەس چۆنیەتی بینینی تایبەتی خۆی هەیە،بۆ نموونە من خۆم هەست دەکەم تەئەمولاتی ناو سروشتم زۆر زۆرە، کە زۆر تەئەمول لەناو سروشتدا دەکەین شێوە قەوزەییەکان هەست پێدەکرێت، من واهەست دەکەم ئەو شێوە قەوزەییانە زۆر زۆر نزیکە لەناوەوەی مرۆڤ.

هەم وەك چاویش تەئەمولی زۆرم هەیە بۆ سروشت رەنگە هەموو ئەوانە پێکەوە کاریگەرییەکیان هەبێت ئەویش لەسەر تابلۆکانم دەردەکەوێت، وەك ناوەوەی خۆشم تابلۆکانم دەربڕی ساتە تایبەتییەکانی خۆمەو جاری وا هەبوو زۆر ماندوم مێشکم زۆر ئاڵۆزە کە دەست دەکەم بەئیشکردن ئەو ماندویەتییە نامێنێت، چێژێکی قووڵ



لەئارامییەك وەردەگرم کە لەناوەوەی خۆم هەیە، دواتر بەشێوەیەکی راستەوخۆ هەموو ئەو شتانە دەچنە سەرتابلۆکانم، کاتێك کەتۆ خەریکی ئیشێکی هونەریت، بەتایبەتی لەشێوەکاریدا تۆ خۆتی بۆ ئامادە ناکەیت هەموو ئەو شتانەی کە دێن بەبێ ویستی تۆ دێنە دەرەوە، هەرچی باکگراوندی رۆشنبیری و فیکری و ئەو تەئەمولاتەی کردووتە لەساتی ئیشکردندا هەموو ئەوانە ئامادە دەبێتەوە بەجۆرێك لەجۆرەکان لەناو تابلۆکەتدا خۆی دەنوێنێت، لەئەنجامدا ئەو شێوانەی کە دروست دەبێت ئەوە ئیقاعی تۆیە، ئەو شێوانەی هەمە لەئیشەکانمدا ئەوە پەیوەندییەکی توندی هەیە بەمنەوە واتە ئیتر ئەو شێوەیە ئیقعاعی منە، لەوانەیە هەندێك ئاڵۆزیی

دەربڕێت هەندێکی تر ئارامیی بەشێکی تـر لەخۆشییەکان و ناخۆشییەکان لەهەمانکاتـدا ئەمانە بەتەکنیکێکی تەجریدی واتە بەڕەهای نالێم، بەڵێ یا نەخێر، چونکە ئێش سنووردار نییە جگەلەوەی پەیوەندیی بەمنەوە هەیە لەلایەکی تریشەوە پەیوەندیی بەهونەریشەوە هەیە، ئەوە تابلۆیەکە من و هونەر کۆدەکاتەوە.

***تـا چـەند ئێـشکردن لەهونـەری شـێوەکاریدا دەبێتـە هـۆی ئارامکردنەوەی هونەرمەند، واتە تا چەند دەتوانێت فەزایـەک ببەخشێتە تۆی هونەرمەند، هونەر دەتوانێت ئەوە بکات؟**

—مـن هەسـت دەکـەم ئـەو سـاتەی سـەرقاڵی ئێـشێکی هونـەریم لەهـەموو دونیـاو بیرکردنەوە... دەپچڕێم، کە گەیشتمە پلەی پچڕاندن لەهەموو شتە ماددییەکان، ئەو کات دەتـوانم بڵـێم ئێـشێکم کـردووە، واتـە ئـەو پـچڕانە دەمگەیەنێتـە سـەروو هـەموو بیرکردنەوەیەکی سلبی و ئیجابی، لەسەر تابلۆکە هەست بەڕەهاییەك دەکەیت هەست بـەو فەزایە بەو ئارامییەو بەو ئازادییە ئیتر نازانم تۆ ناوی دەنێیت چی، گرنگـە لێـرەدا کـە تـۆ دەپچڕێیت هەر ئەوەشە کە من دەمەوێت.

***ئەو ساتەی دەپچڕێیت، تۆ کێیت؟**

—شتێك هەیە لە یۆگادا پێی دەڵێن ئیسترخا، دەگەیتە ئـەوە، واتـە گەیـشتن بەچـاوی سـێیەمی خـۆت و بیرنەکردنـەوە لـەهیچ شـتێك، منـیش دەمـەوێت لـەکاتی ئێـشکردندا بیرنەکەمـەوە ئـەوەی لەئێشکردنێکی هونەریدا دەسـتم دەکـەوێت لەوانەیـە لەیۆگایـەکی بیست دەقەیـدا دەسـتم نەکـەوێت، واتـە تـۆ بێسنووری ناتوانرێـت پێناسـەیەك بـۆ ئەمـە بدۆزیتەوە.

***باسـی یۆگـات کـرد، چـەند سـودت لـەیۆگا وەرگرتـووە بـۆ ئێـشە هونەرییەکانت؟**

—زۆر سودم لەیۆگا وەرگرتووە بۆ ئێشەکانم بەتایبەتی تەئەمولـەکانی، هەمیـشە یۆگـا دەکەم لەڕێگەی تەئەمولەوە ،هەر تەئەمولیشە منی گەیاندۆتە تابلۆیەکی هونەری، گرنگـە هەموو کەسێکیش فکرەیەکی لەسەر یۆگا هـەبێت، چـونکە یۆگـا دروسـت بـووە بـۆ مـرۆڤ خۆی، فێـری مـرۆڤ دەکـات سـەر لـەنوێ ژیانـت ڕێـك بخەیتـەوە، هـەموو شـتەکانی خـۆت

جارێکی تر دابڕێژیتەوە بەئارامی و هێواشی، ئەگەر یۆگا لەژیانتدا نەزانیت ئەوا بوارەکانی ژیانت بەشێوەیەکی تر دەبێت.

***با بگەڕێینەوە لای تابلۆکانت، ئەو پانتاییەی لەهەر تابلۆیەکدا هەیە لای خۆت دەگەڕێتەوە بۆ چی؟ ئەو هەموو پانتاییە بۆ؟**

–ئەوە پەیوەندیی بەمنەوە هەیە کە پەیوەستبوونێکی تایبەتیم هەیە بەڕەنگی سپییەوە، ئەو بەشە سپیە لای من مەرجە پانتاییەکی بۆش بێت هەتا گەر پانتاییەکی خاڵی بێت ئەوا ئەو شوێنە کە من تێیدا زۆر ئازادم، ئەگەر پێم بڵێیت بۆچی تابلۆکانت سپی زۆری تێدایە سپی لای من ڕەنگێکە سنووری نییە، ئەو بێسنوورییە ئازادو دڵشادم دەکات ئەوەش هەر ئەوەیە کە من دەمەوێت.

سپی قوڵاییە لەبینین مەودایەك نییە چاوم سنووردار بکات، هەمیشە ڕەنگی سپی قووڵاییەکی سەیری تێدایە قووڵاییەکە بەبێ کۆتایی، واتە سپی دیاریکردنی تێدانییە.

*** چەند ئەزموونی ڕەنگی سپیت کردووە؟**

–ئەزموونەکەی لای من بەزۆر شێوەیە ،ئەگەر وەك ڕەنگەکانیش بێت بەپاستیك زۆر ئیشم لەگەڵ پانتایی سپیدا کردووە وەك گەمەیەك سپیم بەکاردەهێنا واتە گەمەم لەگەڵ دەکرد، ماوەیەکی زۆریش بەزەیت ئیشم کردووە، بەڵام ئێستا پاش ئەزموونێك لەگەڵ ڕەنگەکاندا هەستدەکەم ئێستا خۆم دۆزیوەتەوە لەکۆکردنەوەی پاستیك و کریلیك و ماددەی جۆراوجۆر ئەو شتانە پێکەوە شتێك دەڵێن کە من ئێستا لەم ماوەیەدا پێی ڕازیم.

مەسەلەکان ڕەنگی ڕەش و سپی نین مەسەلەکە کاتی ئیشکردنە، ئەو کاتەش پێویست بەهیچ ناکات خۆی دێت. ئەوەی گرنگیشە بەلامەوە ئەوەیە ئەو پچڕانەی باسمکرد لەژیانم دووبارە بێتەوە، چونکە ئەو پچڕانە زۆر گرنگە، زۆرجار لەشوێنێکی قەرەباڵغ و پڕ ژاوەژاوی کەچی دەتوانیت بپچڕێیت.

***کەواتە تۆ زیاتر نزیکیت لەڕەنگی سپییەوە؟**

– من سپی وەك ڕەنگێك تەماشای ناکەم لەوانە سپی قووڵاییەك بێت لەبینین، واتە قووڵاییە بەبێ سنوورو کۆتایی وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا.

*ئەی ڕەنگەکانی تر؟

–ئەو خۆی دێتە ناو ئیشەکانەوە پێویست بەپێناسەکردنیان ناکات.

***ئەو شتەی تۆ پێی دەڵێیت خۆئامادەنەکردن بۆ کاتی ئیشکردنێکی هونەری، ئایا مەرجە هەموو جارێک شتەکان بەو شێوەیە سروشتی و خۆرسک بێت، ئەو حاڵەتە کەیەو چۆن دروست دەبێت، واتە هەموو ساتێک دەتوانیت فڵچە بەدەستەوە بگریت و ئیشێک بکەیت؟**

–نا، نەخێر، هونەرمەند هەموو کاتێك ناتوانێت ئیش بکات، جاری واهەیە بۆماوەیەکی درێژ هیچ کارێك ناکەیت، هەر خۆشت ناتەوێت هیچ ئیشێکی هونەری بکەیت، جاری واش هەیە کتوپڕ دێت واتە بەبێ ئەوەی خۆت ئامادەکردبێت دەست دەکەیت بەئیشکردن لەوانەیە ئەو ئیشە بەمانگێك تەواوی نەکەیت، شتەکان سنووردار نییە بڵێین لەم کاتەدا دەست پێدەکەیت و لەو ساتەدا تەواو دەبیت، نا.. نەخێر، تۆ ئیشێکی هونەری دەکەیت نەك بازرگانی، واتە شتێك دەکەیت بەشێکە لەخۆت بەشێکە لەئیسترخای تەواو، کەوا دەڵێم من لێرەدا تەنیا مەبەستم لەخۆمە، ئەو ئیشە هونەرییەی کە دەیکەیت بەشێکە لەشێتێتی ئە وشێتییە تەواو ئازادو رەهام دەکات، بەکورتی ئەوەم دەداتێ کە من دەمەوێت.

***ئەی ئەو شتە چییە تۆ دەتەوێت؟**

–ئەوەیە کە ئەنجامەکەی ئەو تابلۆیانەی لێدێتەکایەوە.

*** چۆن؟**

–ئەو پچڕاندنەیە، دەمەوێت هەمیشە لەو پچڕاندنەدا بژیم، ئەو پچڕانە ئەوەیە من دەستم دەکەوێت لەوانەیە کەسێکی تر ئەوەی دەست نەکەوێت.

***بۆ دەتەوێت وابیت؟**

–هەموو کەسێك پێویستی بەو پچڕانە هەیە، واتە پێویستی بەوە هەیە ماوەیەك لەگەڵ خۆیدا بێت، دەتوانێت لەژیانی ئاساییشدا بپچڕێت، بەڵام بۆ ئیشێکی هونەری دەبێتە ئیستیرخایەکی زۆر گرنگ..

***ئەو پچڕاندنەت بەلاوە زۆر گرنگە.. باشە ئەو شتە چییە وات لێدەکات کە نەپچڕێیت؟**

–بیرکردنەوەی زۆرە، ناهێڵێت ئەو پچڕاندنە دروست ببێت، بەدڵنیاییەوە لەوانەیە من کەسێکی زۆر ئاسایی نەبم بتوانم هەمیشە بەئارامی بژیم، من لەکەسێکی ئاسایی زیاتر

بیردەکەمـەوە، پێویـستم بـەوە هەیـە لەگـەڵ تابلۆکـەی خۆمـدا پێکـەوە بیربکەینـەوە، بائەنجامێکی جوانیشی هـەبێت ئـەو بیرکردنەوەیـە، بائەنجامەکـەی کۆمـەڵێك تـابلۆ بێـت، بۆچی بیرکردنەوەی ئێمە وەك ئافرەتێك ئەنجامەکەی گرنگی دان بەڕووکاری دەرەوە بێت وەك خۆجـــوانکردن و چـــوونەدەرەوەو میکیـــاژکردن... چـــی دەبێـــت ئـــەنجامی بیرکردنەوەیەکی من جیاوازبێت باشتێکی تر بێت.. کەسیەتی من بـەو شـێوەیە دەمـەوێت ئەنجامەکەی بەو شێوەیە بێت.

***ئایا خۆشەویستی تا چەند کاریگەری هەیە بۆ ئیشێکی هونەری؟**

–(بەپێکەنینەوە) کاتی ئیشکردن خۆ تۆ بیر لەهیچ شتێك ناکەیتەوە، ئەو شتانە خۆی لەڕۆحتایە، کەتۆ ئیش دەکەیت بەدەر نیت لەڕۆح، ئیتر لەسەر تابلۆکـان هـەموو شـتەکانم وتووە خۆت سەیری بکە هەمووی دەخوێنیتەوە.

گۆڤاری هەنار لەم دوو کتێبخانەیە دەستدەکەوێت:

خانەی بڵاوکردنەوەی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی
شەقامی مەولەوی تەنیشت بازاڕی دەبۆکە.

کتێبخانەی هاوڵاتی، سەرەتای شەقامی مەولەوی.

دەتوانی گۆڤاری هەنار لەم دوو ماڵپەڕەدا بخوێنیتەوە:
www.arankurd.com
www.dengekan.com